# لێشاوی دەنگۆ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# لێشاوی دەنگۆ

محەمەد فەریق حەسەن

ناوی کتێب: لێشاوی دەنگۆ
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٦٩
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم: ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٢٣ی
سالّی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# لێشاوی دەنگۆ

## دەنگۆ چییە؟

دەنگۆ، یان واتەوات، Rumour یاخۆ واتوویت داکەوتن، لەسەر شێوەی قاوداکەوتن؛ تەنینەوەی قسە و باسێکی نفتونوێی گرینگ و سەرسورمێن و چاوەڕواننەکراوە، یان دەکرێ بڵێین، هەواڵێکە سەرەتا نازانرێت داخۆ ڕاستە یان درۆ. تەنینەوەکە زیاتر لە هەڵوێستی چاولێکەرییانەی ئەو میوانانە دەچێت کە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا لاسایی یەکەم چەپڵەکوت دەکەنەوە. ئیتر بەدوای ئەودا تەواوی ئامادەبووان دەیکەن بە هارەی چەپڵەڕێزان، بێ ئەوەی زۆرێک لەوان بزانن لەپای چی؟ یان ئایا ئەو چەپڵەیە لە جێی خۆیدا بوو؟ ئیتر چەپڵەکوتان تا ماوەیەک بەردەوام دەبێت و دەتەنێتەوە. دەنگۆیش ئەگەر دۆخەکە بۆی لەبار بێت، ئەوا وەک نەخۆشیی درم، بەنێو جەماوەردا بڵاو دەبێتەوە. دیارە هیچ دەنگۆیەکیش لەخۆڕا چێ نابێت و بڵاویش نابێتەوە. هەر دەبێ سەرچاوەیەکی هەبێت و سەرچاوەکەیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لەو دەنگۆیەی بەڕێی کردووە سوودمەند بێ.

فەرهەنگی پولیتیکەنی دانیمارکی ئاوا پێناسەی دەنگۆ (Rygte /غۆگتە) دەکات: هەواڵ یان زانیارییەکە، لەوانەیە ڕاست نەبێت، بە خێرایی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بڵاو دەبێتەوە.. هەر بەم بۆنەیەشەوە، پەندێکی دانیمارکی هێناوەتەوە: «دەنگۆ گەورە دەبێت

کـاتێک غـار دەدا Rygtet vokser mens det lober واتە، دەنگۆ لە تـافی بڵاوبوونەوەدا گەورە دەبێت و بۆی زیاد دەکرێ.»

دەنگۆ، وەک دەنگدانەوە، بەدووی هەواڵی گرینگدا سـەرهەڵدەدات، یان هەر بۆخـۆی هەواڵێکی گـرینگە، وەلێ ڕەنگە لەبەر هۆکاری سیـاسی و کۆمـەڵایەتی تاکـو ئەو دەمـە هەر بەنـهێنی لە بن لێـفـەدا مـابێـتەوە و دەرفەتی دەرکەوتنی بۆ نەڕەخسـابێ، یان کەسێک زاتـی ئەوەی نەکردبێ پەردە لە ڕووی هـەڵبـداتەوە. دەنگۆ هەواڵێکی ئەوتۆیە، ئـەگـەر بێـتـو بۆ تەواوی خەڵک ئاشکرا بکرێ، دەبێتە جێی سەرسوڕمان. هەتا ماوەیەکی بەرچاو دەنگ و دەنگدانەوەی دەبێت و خـەڵک دەخـاتە سـەر کـەڵکەڵەی پرس و ڕامـان و ئەوقـبـوون. لە هۆکـارەکـانی دەدوێن و دەبێـتـە جـێی مشتومڕ و قسە و باسی خەڵکانێکی زۆر. دەنگۆ هەردەم مـەبەستێکی لە پشـتـەوەیە. ئەگـەرچی کـەسـێکیش خـۆشی لێ بـەخـاوەن ناکـات، وەلێ هەموو لایەک دەیلێنەوە و دەیشیگەیەنن.

دەبا سەبارەت بەو ڕایەی، گوایە گەلێک جاران دەنگۆ بە دوای هەواڵی گرینگدا سەرهەڵدەدات، نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە: لە دوامای ساڵی ٢٠٠٨ دا، کـاتێک جـەمـاوەر بە واقـبـوونەوە، لە زمـانی قـازی «مـحـمـد العـریبی»ی سـەرۆکی دادگـەی تاوانەکـانی ئـەنفـالەوە، هەواڵی هـەڵاتنی تۆمـەتبار بە کیمیـابارانکردنی هەڵەبجـە، ئەفسـەری باڵەفڕەک، عـەمید "طارق محـمد رمضـان العزاوي"ی بیست. ئیـتر دەمودەست دەرگە بە ڕووی لێشاوی دەنگۆکاندا خرایە سـەرپشت. هەر کەناڵە لەلای خـۆیەوە، شـرۆڤـەی تـایبـەت و جـیـاوازی بۆ هـۆکـاری ئەو هـەڵاتنە سـەیرە، چاوەڕواننەکراوە هەبوو. دەنگۆکـان لەیەک نەدەچوون. بەڵام لە نێو ئەو دەنگۆیانەدا خـاڵێکی هاوبەش هەبوو، کـە دەتوانین ئاوا دای بڕێژین:

{ناشۆیە "موستەحیل" ئەفسەرێکی نەشارەزای عارەبیزمان بتوانێ لەدەست ئاسایشی سلێمانی، یان هێزەکانی تری ئەوێ هەڵبێت. بۆیە ئەم ماستە مووێکی تێدایە!}

لەو سەردەمەشدا هەواڵی هەڵاتنەکە، لێی گرینگتر نییە و پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراوە. چونکە ئەفسەری "هەڵاتوو!" تاقانە شایەتە بتوانێت بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە هەڵەبجە لەلایەن فرۆکەکانی عێراقەوە کیمیاباران کراوە. چونکە خۆی بە کردەوە بەشداریی لە دروستکردنی ئەو کارەساتەدا کردووە. پرسی هەڵەبجەیش، بووەتە پرسی گەلێکی چل ملیۆنی. دوای ئەوەی ئەفسەری ناوبراو چووە ژێر ئەو تاوانە، ئیتر هیچ پاساوێک بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نامێنێت و پرسی هەڵەبجە وەک خاشەبرکردنی گەلێک، یان جینۆساید دەسەلمێنرێت و یەکلایی دەبێتەوە. هەواڵەکە ئەوەندە گرینگە، لەخۆیدا سکەندالێکیشە، لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا تۆمار دەبێت. بۆیە بەشوێن بڵاوبوونەوەیدا، چەندین دەنگۆ سەرهەڵدەدات. دوور نییە لەو سۆنگەیەوە چەندین کاربەدەستی پایەبەرز متمانە و پلەوپایەی خۆیان بدۆڕێن. بە سەرێکی تر، پێدەچێت بەڕێکردنی ئەو هەموو دەنگۆیانە بۆ گەیشتنە ڕاستی بووبێت. چلۆن و بۆ کوێ ئەو تۆمەتبارە هەڵات؟ ئەم هەڵاتنە بە چ مەبەستێکە و کێی لە پشتەوەیە؟

توێژەرەوەی دانیمارکی، پرۆفیسۆر «ڕاسموس کییەگۆ ڕاسموسن»، لە لیکۆڵینەوەکەیدا بە سەردێری «دەنگۆ و ئیدارەی تەنگژەکان» پێی وایە: «دەنگۆ بەتایبەکاری لە هەلومەرجی هاوێردەدا "إستثنائی" وەک دیاردەیەک دەردەکەوێت» لە سەردەمی جەنگی (ئێران – عێراق)ەوە هەتاکو هەرەسی ڕژێمی عیراق، زۆر بەگەرمی و بەدەم ترس و لەرزەوە

دەنگۆی "أبو طبر" جێی باسوخواسی خەڵکی بەغدا بوو. گوایە "ئەبو تەبر" کەسێکی پیاوکوژە، شەوانە هەڵدەکوتێتە سەر ماڵان و بەشێوازێکی دڕندانە خەڵکی بێ تاوان دەکوژێ. بەردەوام تاکتیکی خۆی دەگۆڕێ. هەر جارەو بە جۆرە چەکێک و بە شێوەیەکی نوێ شالاو دەبات. تەنانەت لە نێو ئەو چەکانەدا کە ناوبراو بەکاریان دێنێ "گاز"یشی تێ دەکەوێ.

ئەم دەنگۆیە دەماودەم گەیشتبووە تەواوی پارێزگەکانی عێراق، بە"سلێمانی"شەوە. گوایە ئەبو تەبر شەوانە لە شاری بەغداد خەڵکی دەکوشت، کەچی خەڵکی پارێزگاکانی ترش ترسیان لێ نیشتبوو. چونکە گومانیان هەبوو، یان لەوە دەترسان هەمان دیاردە بگاتە لای ئەوانیش. دەیانگوت شەوێکیان لە بەغدا، لە حەوشەی ماڵێکەوە گازی ژەهراویی کردووەتە نێو هەوا ساردکەرەکەیان "مبردە". بەم شێوە ترسناکە خێزانێکی خاشەبڕ کردووە. دەیانگوت "ئەبو تەبر" دەستکردی ڕژێمی بەعس خۆیەتی. ئایا ئەم دەنگۆ ترسناکە ڕێی تێ دەچێت؟ دەبێ ڕژێم چ نیازێکی لە پشت ئەم تۆقاندن و تاوانەوە هەبووبێ؟ دیارە پاراستنی سەروماڵ و ئاسایشی هاووڵاتی لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، ئیتر چلۆن دەبێت دەوڵەت خۆی ئاسایشی هاووڵاتییان تێک بدات؟

دوای هەرەسی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا، لەلایەن چەند نووسەرێکی عەرەبی عیراقییەوە، ژمارەیەک "ڕۆمان" بڵاو بوونەوە، کە دیاردەی ئەبو تەبریان کردبووە بابەتی خۆیان و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە، ئەم دیاردەیەیان دابووە پاڵ دەزگا سەرکوتکەرە نهێنییەکانی بەعس.

دەکرێ بڵێین واتەوات، یانژی دەنگۆ، کۆنترین هۆی ڕاگەیاندن و هەواڵ گواستنەوەی زارەکییە. واتە بەر لە داهێنانی نووسینیش واتەوات

هەر هەبووە. مەبەست پێی گواستنەوەی هەواڵ بووە. یان نانەوەی ئاشووب و بێ بڕوایی بووە، بەتایبەتی لە تافی ئاخۆران و بخۆران و پاشاگەردانیدا. واتە لە کاتی سەرهەڵدانی تەنگژە قووڵەکاندا کە بە ئاسانی چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە و تێپەڕاندنیان ئاسان نەبووە. یان لە کاتێکدا کە دەوڵەت دەستەڵاتی بەسەر شەقامدا نەماوە، هێز و شکۆی لەدەست داوە. یانژی لە سەروبەندی ڕوودانی کودەتای سەربازییدا، کە ئەگەری ڕوودانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەردەم لە ئارادایە. یان بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکیی نێوان لایەن و چینە دژ بەیەکەکان خراوەتە کار. یانژی دەشێ لە دژی کەسێتییە دیارەکان چێ بکرێ. ئەوانەی لەسەر ئاستی بەرزی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، لەسەر کێبڕکێی گەیشتن بەکورسیی دەستەڵات ڕکابەری یەکن.

ڕاسموسن دەڵێ: «هەواڵێکە سەرپێیی دروست دەکرێت» هەرچۆنێک بێت، واتەوات هەواڵێکە بیستەر یان خوێنەر لێی نادڵنیایە و بە گومانیشەوە گوێی بۆ مووچ دەکات، یان دەیخوێنێتەوە، ئەگەرچی هەندێک جاران لەسەر بنەمایەک یانژی بناغەیەک بڵاو دەبێتەوە و دەتەنێتەوە. وەک وتە شێوە پەندەکە دەڵێت: «ئەم ماستە بێ موو نییە، یان ئەم دووکەڵە بێ ئاگر نییە، یان ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە نییە!» دەکرێت بڵێین، ئەم واتەواتەیش لەخۆڕابۆڕا سەری هەڵنەداوە و ئەگەری ئەوەیش هەیە بەڕاست بشکێتەوە.

کابفیریر دەڵێ: «لە سەردەمی جەنگدا، دوژمن و گوێچکە وەهمییەکانی، یان ئەوەی وا بە ڕەتڵی پێنجەم ناسراوە، دەتوانێ لە ڕێی واتەواتەوە بگاتە هەندێک ڕاستیی شاردراوە، ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە واتەوات جاروبارە لەسەر بناغەی ڕاست هەڵچنراوە.. بڕوانە،

الشائعات، جان – نويل كابفيرير، ل ١٦»

له ولآتانی خۆرهەلآتی ناویندا، خەلّکی لەبەر تینوێتییان بۆ دەنگوباس بەلایەک و لەبەر ئاستی داتەپیوی زانست و زانیاری و کەمی بەشوێنداچوون، خەلّک ئەوەندە ناچنە بنج و بناوانی هەواڵەکان. زۆرێک لەوان پێشبڕیاری خۆیان داوە کە هەر چالاکی و دەنگوباسێک لە فلآنە کەناڵەوە، یان لە فلآنە کەس و لایەنەوە بلآو ببێتەوە ئەوا گومانیان لەسەری نییە و باوەڕی کوێرانەیان پێ پەیدا کردووە. هەندێکیش لە ناخی خۆیاندا وەهای بۆدەچن، ئەو کەناڵەی لای خۆیان کە هەواڵیان بۆ دەگوێزێتەوە، بەمشوورە و کارمەندەکانی کەسانی ڕاستگۆ و دڵسۆزن. تەواو دەچنە بنج و بناوانی هەواڵ، ئەوجا بۆ هەوادارانی خۆیانی پەخش دەکەن. لە کاتێکدا هەبوونی کەناڵی لەو جۆرە، کە هەواڵەکانی سەد دەرسەد ڕاست و دروست بن جۆرێکە لە خەیاڵ.

ئەگەر کەسێک وتی: «ناسیاوێکم بەچاوی خۆی بینیوێتی دە کیلۆ تلیاکیان لە ماڵی فلآنە وەزیرەوە گواستووەتەوە!» دەکرێ ئەم هەواڵە بە واتەوات "الشائعات" حساب بکەین، چونکە ئەو کەسە ڕووداوەکەی بەچاوی خۆی نەبینیوە. بەڵکو ئەو هەواڵەکەمان لە زمانی کەسێکی ترەوە بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئێمەی بیستەران نایناسین. واتە شایەتحاڵەکە ناڕاستەوخۆیە. جگە لەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەش لە بەردەستدا نییە. زۆرێک لە هەواڵەکانی خۆرهەلآتی ناڤین، بە کوردستانیشەوە لەم جۆرەیە. واتە هەواڵی ڕاست نین، بەڵکو واتەواتی چێکراو و هەڵبەستراون. کابفیریر پێی وایە: «دەنگۆ وەک حیکایەتی فۆلکلۆر و ئەفسانە وایە، دەماودەم دێت، هەڵبەستراوە، جیاوازییان لەوەدایە حیکایەت جێی بڕوا نییە، بەلآم دەنگۆ بەو مەبەستە دەگوێزرێتەوە تاکو

ئێمە بڕوای پێ بکەین.. الشائعات.. ل ٣١٨»

بڕێ جاریش لە نێوەندی فەرمیدا، درۆ و دەنگۆ، پێکەوە یان بەشوێن یەکدا ناویان دێت، وەک ئەوەی پێمان بڵێن، هەموو دەنگۆیەک درۆیە. یان بۆ کەمکردنەوە لە گرینگی دەنگۆ، دێن بەدرۆوەی دەلکێنن. لە ڕاستیشدا هەموو دەنگۆیەک درۆ نییە، وەلێ ڕەنگە بەدڵی دەستەیەک، یان بەدڵی دەزگە فەرمییەکانی دەوڵەت نەبێت.

بڕێک جاران دەنگۆ وەک پشکێکی گرینگ لە جەنگی دەروونی بەکار دەبرێ. بەو نیازەی فیتنە و دووبەرەکی بنێتەوە. یان بۆ چاندنی تۆوی بێ بڕوایی لەلای دەستەبژێری دەستڕۆیشتووی وڵات ساز دەکرێت. هەر بۆ نموونە، لە تافی ئێستادا دەنگۆی لێدانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە، دەنگۆیەکی بڵاوە و لە ئارادایە. باس لە خۆئامادەکردن و پرۆڤەی پێشی لێدانەکەیش دەکرێت. وەک ئەو لێدانە ئاسمانییە شتێکی حەتمی بێت و لە ئێستا و سەعاتدا بێت.

سیاسەت بۆ پیادەکردن و بەرژەوەندیی خۆی، سوود لە زانستی سایکۆلۆجیا دەبینێ. بەتایبەتی کاتێک دەیەوێت کار لە جەماوەری پان و بەرینی سەرشەقام بکا. لێرەشەوە دەیەوێ بە جۆرێک کار لە ڕای گشتی بکات، بە قازانجی خۆی بشکێتەوە. واتە دەنگۆ دەکاتە چەکێکی سایکۆلۆجیی کاریگەر، بێ ئەوەی هیچ بڕە پارە و پوولێکیشی لەم کارەدا خەرج کردبێت. یان بێ ئەوەی ڕاکێتێکی تەقاندبێت و سەربازێکی لەدەست دابێت.

دەنگۆ هەیە، لە نەخۆشی ئەنفلۆنزا دەچێت کە لە وەرزی سەرماوسۆڵەدا بەوڵاتدا دەتەنێتەوە. وەک دەنگۆی ئاشکرابوون، یان دزینی پرسیارەکانی بەکەلۆریا و فرۆشتنیان بەو قوتابییانەی لە

خێزانی دەوڵەمەندن. ئەم دەنگۆیە ساڵانە بەری تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا بەچەند ڕۆژێک دەکەوێتە سەر زاران. داکەوتنی ئەم جۆرە دەنگۆیە بە زۆری دەماودەمە و لە زۆرێک وڵاتانی عەرەبیدا، یان بابڵێین لە خۆرهەڵاتی ناویندا باوە و ساڵانە لەو وەرزەدا دووبارە دەبێتەوە. ڕاسموسن لەم ڕووەوە دەڵێت: «وەک ڤایرۆسی نێو کەناڵە ئەلکترۆنییەکان وەهایە.» ئەو لێرەدا مەبەستی لە خێرایی بڵاو بوونەوەی دەنگۆیە.

دەنگۆیش جێ بەخۆی ناگرێت. سەر بەهەموو ماڵ و کافییە و باڕ و کارگە و مزگەوتێکدا دەکات، بێ ئەوەی ماندوو ببێت و بوەستێت. هەروەک پێویستیشی بەوە نابێت لەسەر شێوەی ساغکردنەوەی کاڵای بازرگانی، دەنگۆسازان لە خەمی بازاڕ دۆزینەوەدا بن بۆ دەنگۆ. بەڵکو دەنگۆ خۆی بازاڕ بۆ خۆی پەیدا دەکات. هەموو لایەکیش ئامادەن بە خۆڕایی بیگوێزنەوە و بیقۆزنەوە.

## دەنگۆی درۆ، سزای لەسەرە

دەنگۆ ئەگەر هاتو لەلایەن ناحەزانەوە چێ کرابێت و بەڕێ خرابێت، ئەوا بە مەبەستی بەرپاکردن و نانەوەی دۆخێکی لێڵ و تەماوییە لە ڕاڕایی و بێبڕوایی بە سەرانی سیاسی و بەو بارودۆخەی وا لە وڵاتێکدا لە ئارادایە و بووەتە ئەمری واقیع. دەیەوێت لانی کەم بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەژموون لەسەر ڕای گشتی ئەو هەرێمە دابنێت، دوو کەرتی بکات و دژ بەخواستی دەستەڵاتی سەردەست بشکێتەوە.

لە هەندێ وڵاتدا سازدان و بڵاوکردنەوەی "دەنگۆی درۆ" بەتایبەت لەدژی سەرکردەکان، سزای لەسەرە. ساڵی ٢٠٠٨ شارەوانیی "پەکین"ی

پایتەختی وڵاتی "چین"، هاووڵاتیانی ئاگەدارکردەوە: ئەو کەسانەی لە ڕێی تەلەفۆنی دەستییەوە بە کورتەنامە دەنگۆی درۆ بڵاو دەکەنەوە تووشی سزا و لێپرسینەوەی یاسایی دەبن.

هەمیشە نەخۆشکەوتنی سەرکردەکان دەبێتە جێی مقۆ مقۆ و دەمەتەقێی گەرمی نێوان خەڵک و نێوەندی سیاسیش بەتایبەتی. دەنگۆی لەم بابەتە زۆر بەخێرایی بەوڵاتدا بڵاو دەبێتەوە و کاریش دەکاتە سەر نرخی کاڵا و هەڵکشان و داکشانی پشکەکانی بۆرسەی وڵات. نائارامیش دەخولقێنێ. مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٨، دادگەی "کەتن"ی شاری "قاهیرە" لەسەر ئەو دەنگۆ درۆیەی کە لە مانگی ئابی ٢٠٠٧ دا، لەمەڕ خراپ تێکچوونی باری تەندروستیی سەرۆکی وڵات "حوسنی موبارەک" بڵاوی کردەوە، دوو مانگ حوکمی زیندانی بۆ "ئیبراهیم عیسا"ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "الدستور"ی قاهیرەیی بڕییەوە. گوایە ئەم دەنگۆیە زیانی بە بەرژەوەندیی گشتی و بە ئابووریی وڵات گەیاندووە.

هەر لەمەڕ سزادانی ئەوانەی وا دەنگۆی درۆ لە دژی سەرکردەکان بڵاو دەکەنەوە، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی "٢٠٠٨" سەرۆکی وڵاتی لیبیا، عەقید "معمر القذافي" لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئاژانسی دەنگوباسی لیبیا دا. لەو لێدوانەیدا جەختی لەسەر ساغ و سەلامەتیی خۆی کرد و عەرەب و گەورەکانیانی بەوە تۆمەتبار کرد، گوایە ئەوان لە پشت ئەو دەنگۆیەوەن، کە هیچ بناغەیەکی نییە. قەززافی پەیمانیشی دا، داوای یاسایی لە دژی ئەو ئاژانسی هەواڵەیش بەرز بکاتەوە، کە دەنگۆیەکەی لە دژی بەڕێ کردووە و وتیشی، دەبێ ڕۆژنامەنووسەکەش لە پێش دادگادا بوەستێ. جێی وتنە دەنگۆیەکە دەڵێت: «عەقید قەززافی،

تووشی خـوێنبـەربوونی مـێشک بووە. لە هۆش خۆی چووە و بـەپەلە بۆ نەخۆشخانەی بەنغازی گوێزراوەتەوە!»

لێـرەدا لـە جـێـیـە باسـی ئەو دیاردەیەش بکەین، کـە ڕۆژێک لە ڕۆژان خودی «بەرپرسـانی کورد»، وەڵامی هیچکام لەو دەنگۆیانەیان نەداوەتەوە کـە جـاروبـار دەنگۆسـازان بۆیان هۆنیـونـەتەوە. ئەمـەیش مـانای وایە، دەنگۆکانیان "کە بە زۆری نەرێنین" لەسەر خۆیان کردووە بەماڵ.

## چۆن بەگژ واتەواتدا بچینەوە؟

بۆ ئەوەی لە مـەترسی واتەواوت بەدوور بـین کـە بۆی هـەیە نـیگەرانی و بێبڕوایی لـە نێوەندەکەدا بڵاو بکاتەوە، گـەرەکە خەڵک بـە گشـتی بڕوا و متمانەیان بە هۆیەکانی هەواڵ گواستنەوەی کۆمەڵگەی خـۆیان هـەبێت. واتـە دەبێ ئـەوان بڕوایان بـە مـــیـــدیا و ڕاگـــەیـاندنی فـــەرمـی، وەک کـەناڵەکـانی تیـڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنـامـە هـەبێت. بەڵام بڕوا و مـتـمـانـە لە نێـوان ئەم کـەناڵانە و جـەمـاوەردا پەیدا نـابێ تاکـو تەواوی ئـەو کـەناڵە فەرمییانە ڕوون "شـفـاف" نەبن. دەبێ ئەوان بە کردار بیسەلمێنن کە ئەو زانیـاری و هـەواڵانەی بە هاووڵاتیانی دەدەن لە ڕاسـتییەوە سـەرچاوەیان گرتووە. پشتیـان بە داتا و ئامار بەستووە و بێلایەن قسـان دەکەن. ئێمە نها لە سـەردەمی دیجیـتاڵدا دەژین، کە دەکاتە "ژمـارە"، بۆیـە گـەرەکە هۆیـەکـانـی ڕاگـەیاندن لە هـەواڵەکـانیـاندا بە ژمـاره و بە داتا پـشت بەسـتوور بن، بە تایبـەتی هەواڵەکانی بودجـە و ئابووری و بەرەوپێشـەوە چوونی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە.

بێکاری و بڵاوبوونـەوەی بەتاڵـەیش پاڵـنەری سـەرەکین بۆ چێـبـوونی دەنگۆ. هـۆیەکـانی کـات بەسـەربردن، وەک یانەی خـێـزانی و یانەکـانی

وەرزش و گۆڕەپانی یارییەکانی تۆپی پێ کە جەماوەرێکی بەرینیان لە توێژی لاوان هەیە، لە پاڵ گـۆڕەپانی تۆپی سـەبەتە و تۆپی دەست و گۆمی مەلە، لە هەموو گەڕەکێکی شارە گەورەکاندا. هەروەها شاری یاریی و کتێبخانەی گەڕەک و هۆڵی سینەما و فیلمی سەنگین کە بۆ خێزان شیاو بێت، لەگەڵ شانۆی ئاست بەرزی بنیاتنەردا. ئاسانکردنی توانای گەشتکردنی تاک بۆ وڵاتانی دەرەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بتوانێ ناوبەناوە بای باڵی خـۆی بدات و خـەمـۆکی لە ناخی خـۆی دەربکات و دنیا ببینێ. هەموو ئەمانە پێکەوە تاک بەکاری سوودبەخشەوە سەرقاڵ دەکەن و دیاردەی واتەواتیش سنووردار دەکەن.

لە بێدەنگی و بێجوولەیی و بێکاریدا واتەوات لە دایک دەبێت و بڵاو دەبێتەوە. خەڵکانێ هەن بەو مەبەستە واتەوات بڵاو دەکەنەوە تاکو لەو بازنەی چەقبەستن و لە بیرچوونەوە و ئەو بێدەنگییە کوشندەیەی تێیدا بەگیروەستاون بچنە دەرەوە و ڕزگاریان ببێ. پێویستە خـەڵک، بەتایبەتی توێژی لاوان خۆیان بە گەمارۆدراو نەزانن. خەڵکی دەستبەتاڵ و بێکار ئەگەر بەکردەوەیش هیچیان لەدەست نەیەت، خۆ دەتوانن دەنگۆ هەڵبکوڵێنن و بڵاویشی بکەنەوە.

ئەوەی بیسـتـەر، یان بینەری کـەناڵەکـانی ڕاگـەیاندن بێت و بەشـوێنداچوونی هەبێت، هەست دەکـات جـیـاوازیـیەکی فـرە لە زانیارییەکاندا، لە نێوان کەناڵە فەرمی و نافەرمییە میللییەکاندا هەیە. دیارە خـەڵکێکی زۆری بێکار ئامـادەن لای خـۆیانەوە لەم دیاردەیە بکۆڵنەوە و قسەیشی لەسەر بکەن. وەکوتر کەناڵە فەرمییەکان توانای مـادیی زۆروزەبەند و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووتریان لە بەردەستدایە. وەک توانای مرۆییش، خاوەنی ژمارەیەکی بەرچاوی کارمەندن.

ئەوان خـاوەنـی ئامـێـرە نوێیـەکـانی داهێنراوی ئەوروپان، بـەڵام بە مێنتەلێتییەکی ناسـەردەمییانە مـامـەڵە لە تەک ئەم ئامیرانەدا دەکەن. وەکـوتر ئاسـتی هونـەریی کـارمـەند و بەڕێوەبەرانـی ئەم دەزگـەیانە زۆر نزمـە. ئەو زانیـارییـانەیشی کـە بەخـەڵکی دەدەن ئەوەندە نییـە بتـوانێ تینوێتی خـەڵکی بێکاری هەردەم هەڵوەدای دوای هەواڵ و چاو لە گۆڕان و دەم بـەهاوار بشکێنێ. ئـەو کــەناڵانە بـاس لە ڕووکـــەش و توێکڵـی دیاردەکان دەکەن و خۆیان لە گەوهەری مەسـەلە ورووژاوەکان دەدزنەوە، یان ڕەوتەنی بەلایدا گوزەر دەکەن.

ئەم دیاردەیە هـانی کەناڵە نافـەرمـیـیـەکانی دەرێی دەسـتـەڵات، وەک ڕۆژنامە ئەهلییـەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتـەرنێت دەدات بەشوێن زانیاریی پتــردا بگەڕێن، بەتایبــەتی لـەمــەڕ چۆنیــەتی خــەرجکردنی بودجــە و بەڕێوەبردنی پرۆژەکـان و تەنانەت گـوزەرانی تایبــەتی بـەرپرسـانیش. ئەوان لە هەوڵ و کۆششدان تاکو خۆیان ببنە ئەلتەرناتیڤ و سەرچاوەی یەکـەمی زانیـارییـەکـان و تینوێتی ئەو جـەمـاوەرە پان و بەرینـە بێکار و ناڕازییـە بشکێنن. هـەر ئـەمـەیشـە وەهـای کـردووە ڕۆژنامە فـەرمـییەکانی سـەر بە ڕژێم و حـزبی فەرمـانڕەوا برەویان ڕوو لە کزی بێت و تیـراژیان دابەزێت. هـەرچی نافەرمییەکانیشە هەڵبکشێن و برەو پەیدا بکەن.

واتەوات لە تافی سـەقـامگیریدا کـاریگەریی ئەوتۆی نابێت. لێ کـاتێک تەنگوچەڵەمـەی جدی سـەرهەڵدەدات، ئەودەمـە واتەوات کـاریگەری پەیدا دەکات و کـارێک دەکات هێزە سیاسـییـەکان بڕوایان بە توانای خـۆیان لەق ببــێت. لە ئێــســتــادا گـــومـــان زۆرە، وەلێ بـەڵگەکــان کــەمن و زانیــارییــەکـان بەدڵۆپ بەجــەمـاوەر دەدرێت، بەتایبــەتی ســەبارەت بە سـەرفکردنی ئەو برە زۆرە پارەیەی دەڕژێتە نێو کوردستانەوە.

گرینگ ئەوە نییە واتەوات درۆ بێت، گرینگی لەوەدایە خەڵک گوێی لێ دەگرن و ئامادەشن بە هەرشێوەیەک بۆیان بلوێ بیگوێزنەوە. گرینگی لەوەدایە پاساوێک بۆ چێبوونی واتەوات لە ئارادا بێ. دەشێ واتەوات ڕاست بێت، هەروەک دەشێ درۆیش بێ. بەڵام بە هەردوو بارەکەدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی بێ بڕوایی، تێکدانی لەنگەری فەرمانڕەوایی و کەمبوونەوەی متمانەی خەڵک بەو بارودۆخەی کە لە ئارادایە. چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن، ئەگەر واتەوات درۆش بێت هێشتا هەر باوەڕی پێ دەکەن.

ئەوانەی هەواڵی کەناڵە فەرمییەکان دەگەیەنن، لە بەرامبەردا مانگانە و مووچەیان هەیە، بەڵام ئەو تاکانەی واتەوات بڵاو دەکەنەوە بە زۆری خۆبەخشن. بەڵام دەسەڵات تووشی شڵەژان دەکەن. بێ متمانەی دەکەن. چونکە دەسەڵات هەرچییەک بکات، هێشتا هەر ناتوانێت بە شێوەیەکی کۆنکریتی درۆ و ڕاستیی واتەواتەکان بۆ خەڵک بسەلمێنێ.. لە دۆخی وەهادا کە واتەوات بڵاو بێ، باڵی کێشابێت و لێکدا لێکدا لە دەسەڵات بخوێنێ، ئەوا لەو کۆمەڵگەیەدا دوو جۆرە ڕاستی لە ئارادایە. ڕاستییەک فەرمییە و لەلای حکوومەتە. ڕاستییەکیش نافەرمی و میللییە، واتە لەلای جەماوەرە. کەواتە واتەوات دەتوانێ لە ڕووی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، وڵات بکات بە دوو کەرتەوە.

کاتێ سەرۆک، «هی هەر وڵاتێک بێت» لێدوانێک دەدات، یان وتارێک بڵاو دەکاتەوە. ئەوا بێگومان هەموو لایەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان هەیە و دەیشزانن سەرۆک لە وتارەکەیدا چ بابەتگەلێکی وروژاند. وەلێ لە دوای ئەو لێدوان و وتارە، دەنگۆی بڵاوی نێو جەماوەری خەڵکی گرینگە. داخۆ ئەوان سەبارەت بە وتارەکەی سەرۆک ڕایان چییە؟ چ نهێنییەک وا

له پشت ئەو وتارەیە؟ ئەگەر خەڵک هەمان ڕایەکانی سەرۆک، لەمەڕ ئەو کێشانەی باسی لێوە کردن دووبارە بکەنەوە ئەوە مانای وایە وتەی فەرمی دەوڵەت دووبارە دەکەنەوە. ئەمەش نە نوێیە و نە دەنگۆیشە. لێرەدا گرینگ ئەو مەسەلانەیە، کە ئەو بەلایاندا نەچووە و خۆی لێ بەخاوەن نەکردوون. بۆیە خاوەن دەنگۆکان بەدوای وتارەکەی ئەودا دەیهێننە پێشەوە و دەیورووژێنن.

هەبوونی دەنگۆ و واتەوات ئەوە دەگەیەنێت، کە لە نێو چین و توێژەکانی خەڵکدا، لە ماڵ و قاوەخانە و فەرمانگەکاندا گفتوگۆی چڕوپڕ و جدی لەسەر بارودۆخ، لەسەر پرسە هەنووکەییە هەلایساوەکان و سیاسەت و پیاوانی دەوڵەت و پارتەکان، بەگەرمی لە ئارادایە. مانای وایە ئەوەی لە سیاسەت دەزانێت و ئەوەی لێیشی نازانێت هەر قسان دەکات. هەر سووچ و کەلێنێکی کۆمەڵگەی کوردەواری بگریت، باس هەر باسی سیاسەتە. ئەمە ئاکاری میللەتی کوردە بەگشتی و لەمێژە خووی پێوەگرتووە. میستەر ڕیچ لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ لای مەحموود پاشای بابان، ساڵی (١٨٢٠ز) جەختی لەسەر دەکات. دیارە ئەم خووە لەمێژە لەلای کوردان ڕەگاژووە. ڕەنگە ئەو بارودۆخە ناجۆرەی کە بەگشتی میللەتی کوردی تێ کەوتووە هۆکاری ئەم ئاکارە بێت. وەکی تر مرۆڤگەلی بێکار و بێچار، بە غەیری دەنگۆسازکردن هیچ گومان نابەن تاکو خۆیانی پێوە خەریک بکەن. لە وڵاتێکیشدا دەنگوباس بەنێو فیلتەردا بڕوات، خەڵکی دەپرسن: بەڕاستی لەودیو کەوالیسەکانەوە چی ڕوو دەدات؟

## پۆستەر لە دژی دەنگۆ

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، دەزگا نهێنییەکانی ڕژێمی بەعس لە نێو شاری سلێمانی دا، هەزاران پۆستەری سامپڕژێنیان بە دیواری دەم شەقامەکان و نێو چایخانەکاندا هەڵواسیبوو. وەک فۆرم، ئەو پۆستەرانە بریتی بوون لە ڕوخساری پیاوێک، بە "ئاوت لاین"ی تۆخ و پان، بە قەبارەی نزیکەی پەنجا بە پەنجا سم، لەسەر کارتۆن وێنە کێشرابوون. لچ و لێوی ڕوخسارەکە پێکەوە قوفڵدرابوون. ئەم وێنەی زار قوفڵکردنە، هیچ پێویستی بەوە نەبوو لە بنیدا ڕوونکردنەوە بنووسرێ. چونکە وەک هەر پۆستەرێک، خۆی گوزارشتی دەکرد. وەلێ ئەوان لە بن وێنەکەدا بە زمانی عەرەبی نووسیبوویان "المروج"؛ کە دەکاتە ئەو کەسەی دەنگۆ و پروپاگەندە بڵاو دەکاتەوە. تۆ ئەگەر لە هەرکوێیەکی چایخانەیەکی شاردا دابنیشتیتایە، پۆستەرێکی ئەم زەلامە "لەواشەکراو"ە، ڕێک بەرامبەرت بوو. ئەو خەڵکە، هەر بە بینینی دەپرینگانەوە و ترسیان لێ دەنیشت. چونکە پۆستەرەکە مانای ئەوەی دەگەیاند کە ئاگەدار بە دەنگۆ بڵاوکردنەوە سزا و باجی لەسەرە و گەرەکە هاوولاتی دەمی خۆی دابخات. دەسا لەگەڵ ئەو گوشارە دەروونییەشدا نەک هەر واتەوات، بەڵکو دەیان نوکتە لەسەر سەرانی ڕژێم ڕۆدەنران و دەماودەم بە نێو شاراندا بڵاو دەبوونەوە.

لە ولاتێکدا زانیارییەکان بەنێو فیلتەردا بڕۆن و بە دڵۆپ بواری بڵاوبوونەوەیان پێ بدرێ، ئیتر خەڵک بۆچی ڕۆژنامە و گۆوارە فەرمییەکان، کە زمانحاڵی حکوومەتن بخوێننەوە؟ لەپای چی خۆیان بە ڕادیۆ و تیڤییە خۆماڵییەکانەوە خەریک بکەن کە لەلایەن دەزگاکانەوە کۆک کراون؟ لە ولاتی عێراقدا خەڵک خۆیان، لە بارەی ڕاست و

دروستیی هەواڵی نێو ڕۆژنامەکانەوە ئیترەمی «کلام جرائد/حچی جراید» یان داتاشیبوو. ئەم ئیترەمە ئەوەی دەگەیاند کە هەرچی ڕۆژنامەکان دەینووسن درۆ و دەلەسەیە.

لە سەروبەندی شۆڕشی ئەیلوولدا، جەماوەری تینووی هەواڵ، بەگشتی شەوانە گوێیان لە رادیۆکانی مۆنتکارلۆ و ئیسرائیل و لەندەن دەگرت، تاکو هەواڵەکانی نێوخۆی عێراق و شۆڕشی کورد بزانن. خەڵک زۆر دڵیان بەوەیش خۆش بوو کاتێک گوێیان لە زاراوەی بەگومانی وەک «المتمردون الاکراد/ کوردەیلە یاخیبووەکان» دەبوو؛ ئەگەرچی پێشمەرگەی کورد کەسانی یاخی نەبوون، بەڵکو ئەوان شۆڕشڤان بوون.

هەرکاتێ، لە هەر جڤاکێکدا، زانیارییەکان دڵۆپ دڵۆپ گەیشتنە جەماوەر، ئەوا زۆرینەی خەڵک متمانەیان بە کەناڵە فەرمییەکانی هەواڵ و تەواوی ئەوانەشی لە پشت ئەو دەزگایانەوەن نامینێ. چونکە مانای وایە سەرلەبەریان ناڕاستن. بۆیە لە دۆخی وەهادا زۆر ئاساییە کە دەنگۆ و واتەوات بەنێو وڵاتدا بتەنێتەوە.

ئەو بێژەرەیشی دەنگوباس دەخوێنێتەوە ڕۆڵی گرینگی هەیە. ئەگەرچی تەواوی هەواڵەکانی بۆ ئامادەکراوە و ئەو تەنیا "بێژەر"ە؛ واتە تەنیا دەیانخوێنێتەوە. بەڵام کەسێتی و ڕوخساری و دەموپلی کاکی یان خوشکی بێژەر، تەنانەت ئەو پۆشاکەیشی وا لەبەریدایە زۆر گرینگن، بۆ ئەوەی خەڵک بڕوا بەو هەواڵانە بکات کە ئەو دەیانخوێنێتەوە.. ئەوەی ڕاستی بێت، زۆرینەی بێژەرەکانی کورد لێوەشاوە نین، چ وەک ڕوخسار چ وەک زانیاری و دەمودوویان. هەر بۆ نموونە کورد بێژەرێکی نییە بتوانێ لەگەڵ سیاسەتمەدارێکدا، یان لە تەک نووسەرێکدا گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو ڕایی بکات. ڕانی ئەوان نازانن پرسیار بکەن. ڕەنگە ئەم

کێماسییە زیاتر لەو سۆنگەیەوە بێت کە ئەوان لە کارەکەیاندا پسپۆڕ نین.

دەنگۆ و واتەوات هەر تەنیا لە دووی گەیشتن بە هەواڵی ڕاست نییە. بەڵکو دەنگۆ لە دووی شرۆڤە و هۆکاری ئەو دیاردانەشە کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن و بۆچی بەو شێوەیە ڕوو دەدەن. هەرچی دەنگۆیە، پلار و "تعليق" بەدواداچوونی خۆی لەسەر ڕووداوەکانیش هەیە. دیارە هەردەم دەنگۆ لە دووی پێشهاتی گرینگ و کەسێتیی گرینگ ڕێک دەخرێت. کابفیریر پێی وایە: «هەرکاتێک خەڵک ویستی تێ بگات و بە فەرمی وەڵامێکی ئەوتۆی نەدرایەوە پێی قایل ببێت و تینوێتی بشکێنێ، ئەوا دەنگۆ و واتەوات دەکاتە بازاڕی ڕەش بۆ زانیارییەکان.. ل ٢٢»

برێ جاران بابەتی دەنگۆ بە جۆرێکی ئەوتۆ دەهۆنرێتەوە ئاوەز و ژیرێتی مرۆڤ بیبڕێت و شیاوی ڕوودان بێت، با ئەو دەنگۆیە بناغەیەکیشی لەسەر زەمینەی واقیعدا نەبێت. ئەوە بزانە کە حەقیقەت هەمیشە چەمکێکی ڕێژەیی هەیە. ڕەنگە ئەو هاووڵاتییەی لێ ڕاهاتووە ڕۆژنامەی "ئەلف" بخوێنێتەوە، وا بزانێت ئەو هەواڵانەی کە ڕۆژنامەی "بێ" دەیاننووسێت حەقیقەت نین و بەپێچەوانەیشەوە هەر ڕاستە. کەواتە لێرەدا تەنیا یەک حەقیقەت نییە، بەڵکو لە حەقیقەتێک زیاتر لە ئارادایە. لە کۆمەڵگەی خێڵەکییشدا، تاکی خێڵەکی، هەمیشە ڕاستی بەرێوەچوونی ڕووداوەکان لە کەناڵەکانی خێڵی خۆیەوە وەردەگرێت نەک لە دەرەوەی. ئەوی تاک، هەردەم دەنگۆ و واتەواتەکانی دەرێی خێڵی خۆی پێ ڕاست نییە. ئەمەش مانای وایە هەرچییەک ئەوانەی دەرەوەی خێڵی خۆی بیانڵێت و بانگەشەیان بۆ بکات بە درۆیان دەزانێ.

واتەوات دەنگی خەڵکی ئۆپۆزسیۆن و ناڕازییە. هەندێ جاران

دەنگێکی هێندە گەورە و بەنرکەیە، لە دەنگی ڕەسمی بڵندتر و بیستراوترە. بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نوێشدا زاڵە. تۆ وەک تاکێک ئەگەر باوەڕت بە دەنگۆ هێنا . هەر ئەو باوەڕ هێنانەت لەخۆیدا مانای وایە، تۆ تەواوی ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەت دەیڵێن ڕەت دەکەیتەوە و بڕوات پێیان نەماوە، یان لانی کەم بڕوات پێیان لەق بووە.

خەڵک کاتێک گوێیان لە دەنگۆیەک دەبێت، خۆ وەک دەنگۆ و، یان درۆ بۆی ناڕوانن و وەری ناگرن، بەڵکو ئەوان وەک هەواڵ و زانیاریی نوێ بەپیرییەوە دەچن و گوێی لێ دەگرن. ناشتوانن بیسەلمێنن کە درۆیە. چونکە ئەگەر بە درۆی بزانن ئەوا بێدەنگەی لێ دەکەن و دەماودەم نایگوێزنەوە. یان لانی کەم ئەگەر گومانیان لەسەر دانا ئەوجا دەتوانن ناوی واتەواتی لێ بنێن. ڕەنگە دوای تێپەڕینی کات، دوای ئەوەی لە تافی خۆیدا کاری خۆی کرد، ئەوجا بۆیان ڕوون ببێتەوە کە هەواڵی گۆڕین دەنگۆیەکی درۆ بووە. بەڵام پاش چی؟ خۆ تازە پۆزش هێنانەوە و داوای لێبووردن هیچ سوودێکی نابێت.

## سێ دەنگۆی جیهانی، لە سەدەی بیستەمدا

١

لە سەدەی بیستەمدا کەم کەسێتی گومان دەبەم هێندەی "گریگۆری ڕاسپۆتین"ی قەشەی دەرباری دوا تزاری ڕووس "نیکۆلای دووەم" دەنگۆ و واتەواتی بەشوێنەوە بووبێت. ڕاسپۆتین جارێک وەک قەشەیەکی بلیمەت، جارێک وەک ئەفسوونباز، جارێکی تر وەک شەرواڵپیسێکی بێ وێنە کە دەست لەگەڵ دۆتمیرەکانی کۆشکی تزاری ڕووس، نیکۆلای دووەمدا تێکەڵ دەکات، بە خودی شاژنە "ئەلیکساندرا"یشەوە، باس

دەکرێت. گوایە ئەفسوونێکی بەهێز و وزەیەکی موگناتیسی وەها لە چاوانیدا هەبووە، ژنانی کۆشک خۆسەری خۆیان هاویشتووەتە باوەشییەوە.

قەشە ڕاسپوتین خاوەنی جەستەیەکی بەهێز و دوو چاوی کاریگەر و ڕدێنێکی درێژ بووە. گوایە خۆی لەسەر ژەهرخواردن ڕاهێناوە، نەبادا ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیارانی دەرمانخواردی بکەن و جەستەی بەرگەی نەگرێت. گوایە قەشە گریگۆری ڕاسپوتین دەستی حەکیمیشی هەبووە و توانیویێتی نەخۆش چاک بکاتەوە. دەنگۆکان زۆرن و دەڵێن، گوایە ڕاسپوتین توانیویێتی قەراڵیچەی ڕووس "ئەلیکساندرا" لە نەخۆشی بۆماوەی "خوێنبەربوون" چاک بکاتەوە کە لە بابەلبابەوە، وەک نەخۆشییەکی بۆماوە لەگەڵیاندا بووە. کەچی لەسەر شەرواڵ پیسی، شازادەکانی کۆشک ڕکیان لێی بووەتەوە و لە دەرفەتێک گەڕاون لە نێوی بەرن. وەلێ ڕاسپوتین جێی ڕێزی خودی قەڕاڵ و قەڕاڵیچە، نیکۆلای و ئەلکساندرا بووە.

گەلێک واتەوات لە دووی کوشتنەکەیشی چێ کراوە. گوایە ڕاسپوتین، پێشبینی یان سووسەی ئەوەیشی کردووە، پیلانێک بۆ کوشتنی لە گۆڕێ بێت. خودی تزاریشی لەو پیلانە ئاگەدار کردووە و پێی وتووە، ئەگەر بێتو من بکوژرێم ئەوا تەواوی بنەماڵەکەتان بە دەستی کوڕانی گەلەکەی خۆت "ڕووس" لەبەین دەچن. جێی باسە ڕاسپوتین لە ساڵی ١٩١٦دا کوژرا. دوای چەند مانگێک لە کوژرانی، ئیتر شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو. بنەماڵەی "تزار نیکۆلا"یش لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە دایەریان لێ بڕا.

کاتی خۆی، پیلانی کوشتنی ڕاسپوتین واتەواتێکی زۆری لەسەر

بەرپابووە. بکوژەکەی کە میرێکی ئامۆزای خودی تزاری ڕووسە، بە تەماحی ڕێکخستنی شەو ژووانێک لەگەڵ شەنگترین دۆتمیری کۆشکدا، ڕاسپۆتین بۆ ئاهەنگێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو بانگهێشت دەکات. لەو ئاهەنگەدا کێک و شەرابی ژەهراوی پێشکێش دەکرێت. بەڵام وەک وتمان، ئەو پێشتر خۆی لەسەر ژەهرخواردن ڕاهێنابوو، بۆیە ژەهرەکە کارێکی ئەوتۆی تێ ناکا. ئیتر کاتێ بکوژەکەی سەرنج دەدات ژەهر دەرۆسی ڕاسپۆتین نایەت، تێک دەچێت و کۆنترۆڵ لەدەست دەدا. بۆیە دەیداتە بەر ڕێژنەی گوللە. دەنگۆکان دەڵێن، گوایە ڕاسپۆتین بە زەبری گوللەکانیش نەکەوتووە. ئەمجا بکوژەکەی بە ئاسن بەسەریدا کێشاوە، وەلێ لەسەر ئەو حاڵەشدا قەشە ڕاسپۆتین هەر نەمردووە. دوا جار بکوژانی بە زامداریی فڕێیانداوەتە نێو ڕووبارێکەوە. پشکنینەکانی کە دواتر بۆ لاشەی ڕاسپۆتین کراوە ئەوەی سەلماندووە، کە ئەو هەتا ماوەیەکیش لە نێو ئاوەکەدا هەر زیندوو بووە.

هەن پێیان وایە قەشە ڕاسپۆتین ناووداوی بنەماڵەی "ڕۆمانۆف"ی شێواندووە و لەکەداری کردووە. ئەوان پێیان وایە بوونی قەشە ڕاسپۆتین لە دەرباری بنەماڵەی "ڕۆمانۆف"دا هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ هەرەسی خێرای ئەو بنەماڵەیە لە شۆڕشی ١٩١٧ دا.. کەچی دوای مەرگی ڕاسپۆتین لێکدانەوەی تر بۆ کەسێتیی عەجایەبی ئەم قەشەیە کراوە، گوایە ئەو ئەشۆ "قدیس" بووە. هەیانە پێی وایە ڕاسپۆتین سۆفی بووە؛ دەستی حەکیمیشی هەبووە و چارەسەری دەردودووی کردووە. وەک کەسێتییەکی ئەفسانەییش هەڵی دەسەنگێنن. هەن دەڵێن ئەو کەسێکی "دەجال" و فێلزان بووە و لە بنەوە کاری خۆی کردووە. بەهەرحاڵ دەکرێ بڵێین، ڕاسپۆتین کەسێتییەکە خەڵک لەسەر

هەڵســـەنگاندنی ناکــۆکن. دوو دیوی ئەرێنی نەرێنی هـەبووە و تـاکــو ئێستاش جێی مشتومڕە.

هیچ کەسێتییەکی مێژوویی گومـان نابەم هێندەی قەشـە گریگۆری ڕاسپۆتین فیلم لەسەر ژیانی چێ کرابێ. یەکەم فیلم بە ناوی "ڕاسپۆتین ڕەبەنی ڕەش" لە ساڵی ١٩١٧دا دەرهێنرا، بەڵام هیچ کۆپییەکی نەماوە. دووەم فیلم بە ناوی "ڕاسپۆتین و قەراڵیچە" ساڵی ١٩٣٢ دەرهێنرا. لە ساڵی ١٩٣٨ دا بەزمانی فەڕەنسی فیلمێکی لەسەر چێ کراوە بە نێوی "ناسراو بە ڕاسپۆتین". لە ساڵی ١٩٦٦دا، لە دەرهێنانی "کریستۆفەر لی" بە ناوی "قەشەیەکی شێت" فیلمێکی ترسناک دەرهێنراوە. لە ساڵی ١٩٧١ فیلمێکی تر لەلایەن "تۆم بەیکەر"ەوە، بە ناونیشانی "نیکۆلاس و ئەلکساندرا" دەرهێنراوە.

دوا فیلم لە ساڵی ١٩٩٦دا لەسەر ژیانی ئەم قەشەیە، بەنێوی -Ras putin Dark Servant Desinty دەرهێنرا "ئەلان ڕیکمان"ی ئەکتەر دوو خەڵاتی "گۆڵدن گلوب و ئیمی"ی لەسەر ئەم فیلمە وەرگرتووە. دڵنیام لە ئایندەدا چەندین فیلمی ترش لەسەر ژیانی ئەم کەسێتییە ئاڵۆز و سەرنجڕاکێشە دەردەهێنرێ. جێی وتنە، زانیاریم سەبارەت بەم فیلمانە لە ئینتەرنێتەوە وەرگرتووە.

لێرەدا لەجێیە ئاماژە بەو دیاردەیە بدەم، ئەگەر دیاردەی وەها لەلای ئێمەی کورد ڕووی بدایە، ئەوا بە ئابڕووچوون بۆ تەواوی کورد دەهاتە ژماردن. هیچ کوردێک قەبووڵی نەدەکرد عەیب و عاری بنەماڵەیەکی وەها ناودار بەفیلم بکرێت و ناویان بزڕێنرێت. هیچ جێی گومان نییە، کە بنەماڵەی "ڕۆمانۆف"، واتە خانەوادەی تزاری ڕووس، لە هەرە خانەدانترینی میللەتی ڕووسن کەچی کەسیش باکی بەو دەنگۆ و

فیلمانە نییە. نارەزاییشیان لێ نەکەوتووەتەوە. ئەم هەڵوێستە لە خۆیدا تێگەیشتن و پێگەیشتنی گەلی ڕووس دەسەلمێنێت. چونکە ئال ڕۆمانۆف تەنیا لە ناووداوی خۆیان بەرپرسن نەک لە هەموو گەلی ڕووس.

٢

دەنگۆی دووەمیان لە دەوری مەرگی "ئەدۆڵف هیتلەر"ی سەرکردەی ئەڵمانیای نازی چێ کرابوو. بە چ شێوەیەک و کەی کۆتایی بە ژیانی هات؟ گوایە لەو دەمەدا کە سوپای یەکێتی سۆڤیەت گەیشتووەتە نێو شاری بەرلین و نزیک بەکۆشکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بووەتەوە، "هیتلەر" لە تەک "ئیڤا براون" و "گۆبلز"ی وەزیری ڕاگەیاندن و تەواوی خێزانەکەیدا، لە ژێر زەمینی کۆشکدا بوون. هەندێک ٣٠ی نیسانی ١٩٤٥ بە ڕۆژی مەرگی هیتلەر دەزانن. وەلێ پێشتر، واتە بەرلەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت بگاتە کۆشکی ڕاوێژکار، لەسەر داخوازیی خۆی، ژەهری "سیانید"یان بۆ پەیدا کردبوو. هەر خۆیشی لە کۆشکدا لەسەر سەگێک تاقی کردبووەوە.

گوایە دوای تێپەڕینی چل سەعات بەسەر مارەکردنی "ئیڤا براون"ی دۆستیدا، ئیڤا بە "سیانید" خۆی دەکوژێت و هیتلەریش هەم سیانیدەکە دەخوات و هەم گوللەیەکیش بەسەری خۆیەوە دەنێت و کۆتایی بە ژیانی دێت. بەڵام هەواڵگرانی یەکێتی سۆڤیەت و سوپای سوور کە ئەوان یەکەم لایەن بوون پێیان نابێتە نێو کۆشکی ڕاوێژکارەوە، لە کاتی خۆیدا بێدەنگەییان لێ کرد و هیچیان سەبارەت چارەنووسی هیتلەر نەدرکاند. ئەوان هیچ ئاسەوارێکیشیان لەمەڕ مەرگی هیتلەر بەجێ نەهێشت، نەبادا گۆڕەکەی ببێتە مەزارگەی نازییە نوێیەکان. هەندێک دەیانگوت

بەرلەوەی بەرلین بە تەواوی لەلایەن سوپای سوورەوە بگیرێت ئەو هەڵاتووە.

هەندێکی تر دەیانگوت، گوایە هیتلەر گوللەی بە سەری خۆیەوە نەناوە، بەڵکو تەنیا بەکاریگەریی ژەهری "سیانید" مردووە. گوایە کاتێک لەلایەن دەستەیەک نوژداری ڕووسەوە لاشەکەیان توێکاری کردووە، بۆیان دەرکەوتووە هیتلەر بەکاریگەریی سیانید مردووە. هەندێکی تر دەڵێن دوای ئەوەی خۆی کوشتووە لاشەکەیان بە بەنزین سووتاندووە. دیارە هەواڵی ڕاستیش تەنیا لەلای دەزگەی هەواڵگریی سۆڤیەت بوو، کەچی ئەوانیش هەتا حەفتاکانی سەدەی بیستەم بێدەنگەییان لێ کردبوو. وەلێ یەک لەباری هەوادارانی هیتلەر، دەنگۆیەک لە ناویاندا بڵاو بوو، گوایە هیتلەر خۆی نەکوشتووە، بەڵکو ئەو تاکو کۆتاییی جەنگ هەر ماوە.

جێی باسە چەندین کتێب لەسەر مەرگی هیتلەر نووسراوە، وێڕای ئەوەی ساتەکانی کۆتاییی ژیانی لە چەندین فیلمدا بەرجەستە کراوە. دەنگۆیەکانیش لە دووی مەرگی، لەو سۆنگەیەوەیە، کە ئەو گەورەترین دیکتاتۆری سەردەمی خۆی بوو، هەڵگیرسێنەری جەنگی دووەمی جیهانی بوو. واتە کەسێک بوو کاریگەریی مەزنی لەسەر مێژووی سەردەمی خۆی هەبوو. وەلێ هەواڵگرانی ڕووس گەرماوگەرم بەڵگە و دیکۆمێنتەکانیان لەسەر مەرگی ئەو بڵاو نەکردووە. واتە ناڕوونی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو بۆچوون و شیکارە بۆ نەمانی ئەو بهۆنرێتەوە. هەوادارانیشی، کە تاکو نەهۆش لێرە و لەوێ هەر ماون، دەستیان لە هۆنینەوەی ئەو چیرۆکانەدا هەبوو. خەڵکێکی زۆریش پەرۆشی هەواڵی ڕاستەقینەی مەرگی ئەو دیکتاتۆرە بوون.

٣

دەنگۆی دەفرە فڕیوەکانیش "الاطباق الطائرة"، بەردەوام لە ئەوروپا و ئەمریکاوە، بڕێ جاران بە وێنەی خەیاڵکردەوە دەگەیشتە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و هەندێ جاران لە ڕۆژنامەکانیشدا وەک هەواڵ بڵاو دەکرایەوە، گوایە لە فڵانە شوێن بینراوە و کەسانێک لێی دابەزیون کە بیچم و بەرگیان لە ئێمەی مرۆڤی سەر زەوی بڕێک جیاوازبووە. گوایە ئەم دەفرانە لە ئەستێرە دوورەکانەوە بەرەو زەوی بەڕێ دەکرێن. گوایە لە بواری زانستدا ئەوان میللەتانێکن لە مرۆڤی سەر زەوی لە پێشترن و بەنیازی کەشفی گەردوون دابەزیونەتە سەر زەوی. یان لەوانەیشە بە مەبەستی سیخوڕی دابەزیبێتن.

ئەمەش مانای وایە گۆی زەوی و تەواوی مرۆڤایەتی لەبن هەڕەشەی مەخلووقگەلی تری ئەستێرەکانی تردایە. کەچی هەن بە گەمەی دەزگا نهێنییەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکای دەزانن و پێیان وایە دەفری فڕیو ئەسڵ و ئەساسی نییە و پێدەچێت بەشێک بێت لە تاقیکردنەوەی چەکی نوێ و پێشبڕکێی نێوان جووتە بلۆکی سۆسیالیزم و کەپیتالیزم لە سەردەمی جەنگی سارددا. هەندێکی تر وەهای بۆدەچن کە پەرچدانەوەی ڕۆشنایی و بیچمی فڕۆکە و کەشتییە ئاسمانییەکانە، لە ئاسماندا جارێکی تر بەدیار دەکەوێت. ئەم دەنگۆیەش بۆ ساڵانیکی دوورودرێژ بۆ خەڵک سەرقاڵییەک بوو. بە زۆر جۆر لێکیان دەدایەوە. ئەم واتەواتە تاکو نەوش هەر بەردەوامە و جاروبارە لێرە و لەوێ سەر هەڵدەداتەوە.

## واتەوات بەزۆری سیاسییە

دەنگۆ بەزۆریی بە مەبەستی کوتانەوەی سەروپۆتەڵاکی جومگەکانی دەسەڵات چێ دەکرێ. ئەمەش مانای وایە بە زۆری لەلایەن بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە شکڵگیر و بەڕێ دەکرێت. ئەوەندە هەیە سەرچاوەکەی بە تەواوی ڕوون نییە. یەکێک لە پێناسەکانی دەنگۆش، ئاوایە: «هەواڵێکە، سەرچاوەکەی نادیارە!» چونکە مەبەستی چاندنی تۆوی گومانە لە دەوری ڕەمزەکانی دەسەڵاتی سیاسی، بەپێی گرینگییان. خەڵکی کاتێک لە نێوان خۆیاندا لەم زارەوە بۆ ئەو زار دەیگوێزنەوە، بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن: «دەنگۆیەکم بیستووە گوایە... بیستوومە دەڵێن...» ڕەنگە سەرچاوەکە لە ترسی لێپرسینەوە زات نەکات خۆی ئاشکرا بکات.

لە سێبەری ڕژێمێکی تۆتالیتاردا کە هەواڵنامەکان ئازاد نین و زانیارییە گرینگەکان سانسۆریان لەسەرە؛ دەنگۆ وەک مینبەرێک، یاخۆ وەک ئێستگەیەکی دەنگوباسی ئازاد دەردەکەوێت و دەبێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ سەرچاوە فەرمییەکانی هەواڵ. گوێگر و هەواداری زۆریش بۆ خۆی کۆ دەکاتەوە.

مەگەر بەدەگمەن دەنا دەنگۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی فەرمییەوە ڕۆنانرێ و دەرناچێ. بەڵکو لە دەرێی ئەوانەوە بەڕێ دەکرێ و بڵاویش دەکرێتەوە. بۆ ئەوەی دەنگۆ بە وێنەی ئاگری نێو پووشوو بتەنێتەوە، گەرەکە زانیارییەکی گرینگی ئەوتۆی تێدا بێت کە تاکو ئەو کاتە خەڵک بۆیان کەشف نەکرابێت و پەیان پێ نەبردبێ. سەبارەت بەو کەسەیشی، یان ئەو گرووپەشی لە سەرەتادا بڵاوی دەکاتەوە، ئەگەر دەنگۆیەکە بە

ڕاست گەڕا ئەوا  لەلای خەڵک وێنەیەکی جوان بۆ خۆی چێ دەکات. خەڵک ئەو بە تاکێکی ڕچەشکێن و دانا و وردبین لە قەڵەم دەدەن. کارەکەیشی زیاتر وەک دەستپێشخەریی ڕۆژنامەوانی "سبق صحفی" بۆ حساب دەکەن. بەڵام هەمیشە ڕاستی و دروستی هەواڵی بەرێخراو نابێتە یەکێک لە مەرجەکانی دەنگۆ.

دەتوانین جەخت لەسەر ئەوەیش بکەین، ئەگەر کۆمەڵگەیەک واتەواتی زۆری تێدا بەرپابوو، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، لەو وڵاتەدا بەشی خۆی ناڕوونی، شلۆقی و ناسەقامگیری لە ئارادایە. چونکە ئەگەر حەقیقەتەکان وەک خۆیان هەن، ئاوا بەدیار بکەون و لە بەردەستی هەموواندا بن، ئەو حەلە چی تر بوونی دەنگۆ نابێتە پێویستییەکی ڕۆژانە. ئەگەر کەسانێکیش لە پشتییەوە هەبن ئەوا ناتوانن وەک پێویست گوێگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن و کەسیش ئامادە نابێت بڵاوی بکاتەوە. کابفیریر دەڵێ: «زانیارییەک دەبێتە بابەتی دەنگۆ کە دەگمەن و ریزپەڕ بێ. ئەو زانیارییە بۆیە دەتەنێتەوە چونکە گرینگە و لە نرخی زێڕدایە. الشائعات، ل ٤١» گرینگیترین دەنگۆیەک کە نووسەری کتێبی "الشائعات" باسی دەکات دەنگۆی "ۆتەرگەیت"ە، کە بەڕاست گەڕاو بووە مایەی کەوتنی "نیکسن"ی سەرۆکی ئەو سەردەمەی ئەمریکا.

هەندێ جاران وەهم و خەیاڵات لە دەوری جموجووڵی سەرکردە و پیاوە ناسراوەکان چێ دەکرێت، پاشان ئەو وەهم و خەیاڵاتە لەبری حەقیقەت بڵاو دەکرێنەوە. بەتایبەت ئەگەر وەک پێویست ڕوونی لە جموجووڵی ئەو سەرکردانەدا نەبوو. واتە ڕاگەیاندن وەک پێویست ڕووماڵی چالاکییەکانیانی نەکرد. ئیتر لێرەوە بەدحاڵیبوون "سوء فهم" لەلای جەماوەر چێ دەبێ. بۆ نموونە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم،

بەمەبەستی چارەسەری ددانەکانی، گەشتی ولاتی "ئۆتریش"ی کردبوو، کەچی ئەوەبوو دەنگۆی لێ کەوتەوە و چەندین لێکدانەوەی نادروستیشی بۆ کرا. وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، نارِوونی، تەنانەت ئەگەر لە گەشت و سەردانی سەرکردەیەکیشدا هەبێت، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت دەنگۆی لێ بکەوێتەوە. دیارە دەنگۆی وەهایش بەچاکەی کەسێتییە ناسراوەکان ناشکێتەوە.

وەک نموونەی ڕوونی و نارِوونی دەتوانین ئەم پرسیارە بورووژێنین: «بەڕاست بەندەکانی ڕێککەوتنی ستراتیجی نێوان ینک و پدک چین؟» کە ئەوان خۆیان بەندەکان ئاشکرا ناکەن، ئەوا خەڵک لەلای خۆیەوە چەندین واتەوات لەمەڕ ئەو ڕێککەوتنە بەڕێ دەکات. چونکە لەم ڕووەوە سانسۆر لەسەر زانیارییەکان هەیە. دیارە کەسیش ناتوانێ زاری ئەو خەڵکە بگرێت کە تینووی دوای زانینی ڕاستییەکانن.

بێ مەلامەت نەبوو، سەردەمێک دەزگا نهێنییەکانی بەعس دار و دیواری کوردستانیان پڕ کردبوو لە پۆستەری لەواشەکردنی مرۆڤ. ئەم پۆستەرانە لە خۆیاندا ئەوەیان دەگەیاند، کە بەعس بەو هەموو دڕندایەتییەی خۆیەوە لە واتەواتی ئەو خەڵکە سڤیلە ترسابوو. چونکە خەڵک لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بژین، هەرکاتێک گوێیان لە دەنگۆیەک بوو، یەکسەر پەندە جیهانییەکەیان بیر دەکەوێتەوە، کە دەڵێت: «دووکەڵ بەبێ ئاگر چێ نابێت!» کەواتە ئەم دەنگۆیەش بەبێ بنەما نییە. هەڵبەتە ڕاستییەکی تێدایە.

دیارە کوردستان هێشتا نەبووەتە هەرێمێکی پیشەسازیی ئەوتۆ کۆمپانیای گەورە گەورە کاری تێدا بکەن. دەنا دەنگۆ وەک جەنگێکی نهێنی لە نێوان کۆمپانیاکانی بازرگانی و پیشەسازیدا بەتایبەت لە

وڵاتانی خۆرئاوادا هەردەم ئەگەری ڕوودانی هەیە. پرۆفیسۆری تۆژەرەوە "ڕاسموس کیەگۆ ڕاسموسن" لە توێژینەوەکەیدا، کە بەسەردێری «دەنگۆ و ئیدارەکردنی تەنگژەکان»ە، «لێرەدا تۆژەر مەبەستی لەو دەنگۆیانەیە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە دژی کۆمپانیاکان بەرێ خران. بەتایبەتی کۆمپانیای تەلەفۆنی دەستیی نۆکیا» گوایە، مەترسی ئەوە لە ئارادا بوو پاترییەکانی تەلەفۆنی نۆکیا بتەقنەوە، دەڵێ: «وەک چاوەڕوان دەکرێ، دەنگۆ بە زۆری نەرێنییە و دەکرێ وەک سەرچاوەی زانیاری پشتی پێ ببەسترێت.»

هەروەها پێی وایە: «بۆ ئەوەی باشتر لە دەنگۆ بگەین، دەبێ بزانین چ ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی پێ سپێردراوە؟» واتە مەرج نییە هەموو دەنگۆیەک ڕامیاری بێت. ڕاسموسن پێی وایە: «دەکرێ دەنگۆ وەک شاڵاوبردن لە نێوان کۆمپانیا ڕکابەرەکاندا بخرێتە کار.» جا دەشێ ئەو ڕکابەرانە دوو کۆمپانیای بازرگانی، یان پیشەسازی بن و هەمان جۆری کاڵا بەرهەم بێنن. ئەوی ڕاستی بێ لە کوردستانیش هەست بەو ڕکابەرایەتییە لە نێوان کۆمپانیاکانی تەلەفۆنی دەستیدا دەکرێ و جاروبارە نووسینی وەهامان بەرچاو دەکەوێ لە دەنگۆی بەرێکراو دەچن.

لە کوردستاندا ئەوە ماوەیەکە دەنگۆ دژ بە بازرگانەکانیش لە ئارادایە. ڕۆژانە لە خودی میدیاکانی باشوورەوە باسی ئەوە دەکرێت گوایە ڕۆژانە خواردنی بەسەرچوو لە نێو دەبرێت. لە ڕاستیدا ئەم دەنگۆیە کارێکی ئەوتۆی کردووە خەڵک بڕوایان بە سەلامەتیی تەواوی ئەو کاڵایانە نەبێت، کە ڕۆژانە لە سنوورەکانەوە دێنە نێو کوردستانەوە، بەتایبەتی خۆراک. خەڵک ئەو کاڵایانە بەسەرچاوەی دەرد و نەخۆشییە

سەختەکان دەزانن. دیارە هاوردەکردن کاری بازرگانانە، وەلێ ئەوان دەسەڵاتدارانی دەروازە سنوورییەکانیش بە بەشداری ئەم سکەندالە بەردەوامە دەزانن.

## دەنگۆی ئاینی

دەنگۆی ئاینی مێژووی زۆر کۆنی هەیە. سەبارەت بە باشووری کوردستان، لە مێژوویەکی کۆنەوە دەنگۆ لە دژی شوێنکەوتووانی ئۆلی ئێزدی و ئاینەکەیان بەرێ کراوە. دەنگۆکان دەڵێن: گوایە ئێزدییەکان شەیتان دەپەرستن و ڕچەڵەکیان دەچێتەوە سەر "یەزیدی کوڕی مەعاویە"، لە کاتێکدا یەزیدی کوڕی مەعاویە، نەک هەر موسڵمان بووە بەڵکو خەلیفەی موسڵمانانیش بووە. ئاینی ئێزدی و ئیسلامیش ئاسمان و ڕێسمانیان نێوانە. ئەم دەنگۆیە زیاتر بەو مەبەستە ساز دراوە، تاکو ڕەچەڵەکی ئەوان بەرێتەوە سەر نەتەوەی عەرەب. هەروەک شتێکی ئاشکرایە، ئێزدییەکان شەیتانپەرستیش نین؛ بەڵکو خواپەرستن.

ئەم دەنگۆیانە ئەگەرچی لە ڕاستیشەوە دووربوون، وەلێ لە کاتی خۆیدا ئەوەندە بەهێز و بەهەژموون بوون، کاریان کردبووە سەر زۆرێک لە ڕووناکبیرانی کۆن و بڕواشیان پێ پەیدا کردبوو. بەڕادەیەک ئەوان لە وتار و لە کتێبەکانی خۆیاندا، ئەو دەنگۆیانەیان وەک ڕاستی بەدیکۆمێنت کردووە. ڕەنگە هۆی بەڕاست وەرگرتنی ئەم دەنگۆ ناڕاستانە، لەو سۆنگەیەوە بووبێت، ئێزدییەکان خۆیان نەیانتوانیوە حەقیقەتی مێژوویی خۆیان و ئۆلەکەیان وەک هەیە، تۆمار بکەن و بیگەیەننە دەرو دراوسێی خۆیان.

زۆرێک لەو دەنگۆ درۆیانەی، کـە لەلایەن کـاربـەدەسـتـانی دەوڵەتی عـوسـمـانیـیـەوە هـەڵبـەسـتـراون. بیـانوو و پاسـاو بوون بۆ هەڵکوتانە سەریان و ئەنفالکردنیان. لە نێوخۆیشدا، واتەواتی کەسانێکی وشکەڕۆ بوون کە بڕوایان بە فرەدەنگی و فرە ئۆلی نەبووە. بەڵکو جگە لە ئاین و ئاینزای خۆیان، هیچ ئۆلێکی تریان بەڕاست نەزانیوە.

هـەروەها دەنگۆی لەم جۆرە، واتە بەنیازی ناوزڕاندن و بێ ڕەنگکردنی ئۆلێک، یان ئـاینزایەک لە دژی "کاکەیی"یەکان کە مێژوویەکی کۆنیـان هـەیە ڕێک خـرابوو. لە دژی "هـەقـە"کانیش، کە لە پەنجایەکانی سـەدەی ڕابرووداا لە پارێزگای سلێمانی سەریان هەڵدا چێ کرابوو. هەمووشیان درۆ بوون و فـڕیان بەسـەر ڕاسـتـیـیـەوە نەبوو. تەواوی ئەم دەنگۆیـانە ڕەوتی سـوننـەتی، واتە زۆرینە لە دژی کـەمـینە ڕێکی خـسـتـبـوون و کەسانی وشکەڕۆی ئاینی و توندڕۆیان لە پشتەوە بووە.

## بەتەمەنترین دەنگۆی ئاینی

بێگومـان ئێمـەی کورد زۆرینە موسـڵمـانین. من بـەنیـاز نیم لێرەدا لە گـرینگی ئەم دەنگۆیەی وا بـە بەڵگەوە، واتـە، بەناو هێنـانی سـەرچاوەوە لێی دەدوێم، کەم بکەمـەوە. بەڵکو هـەر باسکردنی دەنگۆیەکە، لە خۆیدا مـانای گـرینگی پێـدانێـتی. دیارە یەک لەباری ئیـسـلام، بەتـەمـەنتـرین دەنگۆیـەک کـە سـەرچاوەی لە پشت بێت، دەنگۆی دەرکـەوتنی ئیـمـامی دوانزەیەمینـە، کە ناوی "مـحـمـد المهدی"یە. واتـە ناوی خـودی حـەزرەتی محەممەدی (د. خ.) پەیامبەری ئیسلامی هەڵگرتووە.

ناوبراو لە ١٥ی شەعبانی ساڵی ٢٥٥ی کۆچیدا لـە "سامەڕا" لە دایک بووە و کـوڕی ئیـمـام "حـسن العـسکری"یە. ئێسـتـاش ئێمـە لە سـاڵی

١٤٢٩ی کۆچیداین واته، ئێمەی موسڵمان پتر له یانزه سەدەیه له چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو ئیمامەداین. له مێژووی ئیسلامدا، به مێژووی خودی "حەزرەتی محەمەد"یشەوه هیچ زاتێک نییه هێندەی محەمەدی مەهدی پەرچووی له دەور هۆنرابێتەوه. ئیمامی ناوبراو له ئاخرزەماندا پەیدا دەبێ. له هەندێ سەرچاوەدا باسی ئەوه کراوه، گوایه کاتێ دەردەکەوێ بەم نیشانانەدا دەناسرێتەوه: ئەو مێزەری حەزرەتی بەستووه، شمشێری ئەوی حەمایەڵ کردووه، به سواری بوراقەوه دەردەکەوێ. زۆرێک لەو کەلوپەلانەی کاتی خۆی حەزرەت بەکاری هێناون کەوتوونەته لای ئەم. محەمەدی مەهدی ئاسایی بەسەر ئاودا دەڕوات بەنێو هەوادا ڕەت دەبێ.

محەمەدی مەهدی درێژەپێدانی خودی "أمير المؤمنين"یشە، که دەکاته ئیمامی عەلی. ئیمامی چاوەڕوانکراو له مێژووی لەدایکبوونییەوه دەوری به پەرچوو چنراوه. ئایەتوڵای عوزما "محەمەد حسێن شیرازی" له کتێبی "الامام المهدی"دا دەڵێ: «ئەو دەمەی مەهدی له دایک بووه، کۆمەڵێک باڵندەی سپی له ئاسمانڕا داباریون و باڵیان به سەریدا هێناوه. ئەوانه فریشته بوون. ئەو به سوننەتکراوی له دایک بووه و لەسەر باڵی ڕاستی نووسراوه: جاء الحق وزهق الباطل إن الباطل كان زهوقا. بڕوانه: الامام المهدي.. ل ١١» نووسەری ناوبراو بۆ تۆمارکردنی ئەو پەرچووانه پشتی به دەیان سەرچاوەی ئاینی بەستووه.

وەلێ پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەمەیه: ئاخرزەمان کەیه؟ ئەمە مێژوویەکی نادیاره و کەس ناتوانێت دەستنیشانی بکات. کەواته کەسیش نازانێ کەی ئیمامی مەهدی پەیدا دەبێ. ئەم خەرمانەی پەرچووەی له دەوری سەری پەیامبەران و پیر و پیاوچاکان چێ دەکرێ،

بەو نیازەیە، پێمان بڵێ: ئەوانە کەسانی نائاسایین، توانایان سەروو توانای مرۆڤی ئاسایی کەوتووە و هەڵبژاردەی خواوەندن. کەواتە ئەوان کاری مەزنیان لەدەست دێت و پیاوی ڕۆژە سەختەکانن.

شیرازی نووسیویێتی: «لەو دەمەدا کە دەردەکەوێ، جووڵەی گەردوون کەم دەبێت و خێرایی گەردوون دادەبەزێت... کاتێک ئیمام دەرکەوت لە ئاسمانەوە بانگ دەدرێت. لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە مەخلووق گوێیان لێی دەبێ. هەرچی نوستووە بەئاگا دێ. لە ترس و سامی ئەو دەنگە، هەرچی ڕاوەستاوە ڕۆدەنیشێ و هەرچی ڕۆنیشتووە هەڵدەسێتە سەر پێیان... الامام المهدی، ل ١٦»

دەرکەوتنی محەمەدی مەهدی دەنگۆیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو ئەم دەنگۆیە لەخۆیدا پیرۆزە، چونکە ئەو ئیمامە لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلامە. ئەم دەنگۆ ئەفسانەییە لۆکالیش نییە، بەڵکو لە نێو تەواوی دنیای ئیسلامدا بڵاوە کە حەشیمەتی لە ملیارێک مەخلووق پترە. ئەم پرسە ڕۆژانە قسەی لەسەر دەکرێت و هەر موسڵمانێک لە خەیاڵی خۆیدا وێنەیەکی خودی مەهدی و هەلومەرجی ئەو ڕۆژەی کە ئەو خۆی تێدا ئاشکرا دەکات لە زەینی خۆیدا کێشاوە. "شیرازی" لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی: «دەرکەوتنی ئیمامی مەهدی بە دەلالەتە ئەقڵی و نەقڵی و هەستییەکان سەلماوە... الامام المهدی، ل ٣٩» واتە پەیدابوونی مەهدی هیچ گومانێک هەڵناگرێ.

جا چونکە زێدی ئەم پەڕجووانە ژینگەی بیابانی دەم وشک و هەتاوی سووتێنەرە، تەواوی پەڕجووەکان باس لەوە دەکەن، لە زەمانی ئەودا باران زۆر دەبارێ. سەبارەت بە خودی خۆیشی، گوایە هەردەم پەڵەیەک هەور لە ئاستی سەریەتی، سێبەری بۆ دەکات و ناهێڵێت گەرمای

پڕووکێنەر کـاری تێ بکات. بـەڵام خـۆ ئەو بـەو نیـازە پـەیدا دەبێت تاکـو چارەسـەری کێشـەی لەسـەریەک کەڵەکەبووی تەواوی مـرۆڤـایەتی بکات. ئەدی ئەگەر مەهدی هاتە باکووری زەوی؟ خۆ لەو کاتەدا ئەو پەڵە هەورە بێزاری دەکات. بەڵکو لە باکوور زیاتر پێویستیی بە هـەتاو دەبێت هـەتا سـێبـەر. وەلێ ئەمـە پـەرجـووە و حـسـابێکی ئـەوتۆ بۆ هەلومـەرجی جوگرافیایی ناکات.

هـەرچۆنێ بێت، دەنگۆی پەیدابوونی ئیـمـامی دوانزەیەم "مـحـەمـەدی مەهدی"، لە ئەفسانەیەکی پیرۆز دەچێت. چونکە دەستەڵات و توانای ئەو لە سەروو توانای مرۆڤی ئاسـاییـیەوەیە. کاتێ ئەو پەیدادەبێت ئیـتر بەگژ بێدادییـەکاندا دەچێتـەوە و ئیـتـر «مـەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخـۆنەوە» ئەمـە پێشـبـینیـیـەکـە تەواوی مـوسـڵـمـانان بڕوایان پێـیـەتی. تەواوی موسڵمانان، بەسوننە و شیعەیانەوە لەسـەر گەڕانەوەی ئیمـامی مەهدی کـۆکن. ئەو زاتە لە ئـاخـری زەمـاندا پەیدا دەبێت، کـاتێک زۆرداری و بێدادی بەدنیـادا دەتەنێتـەوە. ئەو لە ئەهـلی بەیتـە؛ لە تۆرەمـەی ئیـمـامی عـەلی و فـاتیمـەیە. لەلای شیـعـە بەئیـمـامی دوانزەیەم ناسـراوە، کە بە "عـەلی کـوڕی ئەبی تالیب" دەست پێ دەکـات. لە نەدیتـە، لە نێـو کورددا چەندین وێنە و ئیـتـرەم لەناودایە، کـە جـەخت لەسـەر پەیدابـوونی ئەو دەکەن، وەک: «زەمـانی مـەحـمـەدی مـەهدییـە، گورگ و مـەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.»

## گرینگیی ئەم دەنگۆ ئاینییە لەوەدایە:

١- لە مـێـژوویەکی کـۆنەوە بەڕێوەیە و هێـشـتـا نـەهاتووەتە دی. لەگـەڵ ئەوەشـدا ملیـۆنەها مـرۆڤی سـتـەمدیدە چاوەڕوانی گـەیشـتنی ئەو

دەکەن و پشتیان بەگەڕانەوەی ئەو قایمە، تاکو فریایان بکەوێ، لە کۆت و بەند، هەژاریی و دەرد و بەلاّ ڕزگاریان بکات. لە "گۆدۆ"ی قارەمانی شانۆگەرییەکەی "سمۆئیل بیکیت" بەناوی "لە چاوەڕوانی گۆدۆدا" دەچێت. وەلێ گۆدۆ، سەرچاوەیەکی پیرۆزی نییە. گۆدۆ بەکردەوە پەیدا نەبوو. ئەو نەهاتە کۆمەکی هاوڕێکانی. گۆدۆ تەنیا ناوێک بوو بێ ئەوەی بوونی بەرجەستە و مادی هەبووبێت، بەلاّم سەدان ملیۆن بەشەر، پشتبەستوو بەئاین، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئیمامی مەهدیدان.

٢- پشت ئەستووره بە ئایەتەکانی قورئان. ئایەتولاّی شیرازی لە کتێبەکەی خۆیدا، چەندین ئایەتی هێناوەتەوە، بەڕای نووسەر ئایەتەکان ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکەن، کە نووری خوا ناکوژێتەوە و بەردەوام دەبێت. بەلای ئەوەوە، لەدوا جاردا دەبێ ئەو نووره لە ئیمامی مەهدیدا بەدیار بکەوێتەوە. وێڕای چەندین فەرموودەی خودی پەیامبەر و ئیمامەکان خۆیان و پیاوچاکان و وتەی کەسانی ئەو سەردەمەی هاوتەمەن و نەوەکانی دوای لە دایکبوونی ئیمامی مەهدی. شیرازی دەیانی لەم وتانە تۆمار کردووە و سەرچاوەکانی دەستنیشان کردوون.

٣- تاکو ئێستا لە جیهانی ئیسلامیدا، تەنانەت لە دەرەوەی ئەم جیهانەشدا، دەیان سەنتەری تایبەت، وەک سەنتەری لێکۆڵینەوە، یان وەک شوێنی عیبادەت، بەناوی ئیمامی مەهدییەوە هەن و جەخت لەسەر گەڕانەوەی ئەو دەکەن. هەندێ جارانیش وەها باسی دەکەن وەک ئەوەی گەڕانەوەی ئیمام لە ئان و ساتدا بێت. وێڕای چەندین پێگەی ئینتەرنێتی، کە ناوی ئیمامی مەهدییان هەڵگرتووە و لە

خزمەتی بیرۆکەی گەڕانەوەی ئەودان.

شیرازیی هەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا، گوێی خوێنەر ئاو دەدات و پێی دەڵێ، وریا بە ئەمە ئەفسانەیەک نییە، تۆ لێی دوودڵ بیت، یان بڕوات پێی نەبێت: «ئەمە ئەفسانەیەکی کۆنی گریکی نییە، بەڵکو ئەو سەرکردەیەکی ئاراستەکار و ئیمامە، نامە و ئاینی پێیە. ئومێدەوارین بیبینین و لە سێبەریدا بژین. ئەگەر ئێمەش پێی نەگەیشتین، ئەوا بێگومان نەوەیەک لە نەوەکانی داهاتوو پێی شاد دەبن و لە سایەیدا خەنی دەبن و بە تەواوی ئاواتەکانیشیان دەگەن. تەنانەت بەوانەشی کە خەونی پێوە دەبینن... الامام المهدی، ل ٣»

ئەو سەدان ملیۆن مرۆڤەی بە ئومێدی گەڕانەوەی ئیمامەوەن. زۆر بە عەزرەتییەوەن. پەلەیانە هەرچی زووتر بگاتە بەرەوە. ئەوان ئومێدەوارن لە سێبەری ئەودا بژین و بمرن. ئەوان کاتێ بەڕێزەوە ناوی دێنن، دەڵێن: «عجل الله تعالی فرجە» واتە خوا بکات زوو بگەڕێتەوە، خوا زوو ڕزگاری بکات. یان ئەگەر لە نووسینەکانیاندا ناوی بهێنن، گەلێک جاران هەر بە کورتی دەنووسن (عج) سەرنج بدە، گەڕانەوەی ئەو ئیمامە بە خواستی خواوەندەوە وابەستەیە.

## لە نێوان هەواڵی ڕۆژنامە و دەنگۆدا

کاتێک تاک هەواڵێک لە ڕۆژنامەیەکی سەنگیندا دەخوێنێتەوە، ئەوا جۆرە دڵنیاییەکی لەلا دروست دەبێت، کە ئەو هەواڵە ڕاستە. چونکە خوێنەر ئەو هەواڵەی بەتۆمارکراوی، لەلایەن میدیایەکی ناسراوەوە کەوتووەتە بەرچاو، کە تێیدا وەڵامی هەر شەش پرسیارە گرینگەکەی لەمەڕ "هەواڵ" داوەتەوە: «کێ، چی، کەی، لە کوێ، بۆچی، چۆن چۆنی؟»

له دۆخی وەهایشدا، خوێنەر بە شێوەیەکی بەرجەستە و کۆنکریتی مامەڵە لە تەک هەواڵەکەدا دەکات. دەستووره زێڕینەکە، یان ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، سەبارەت بە داڕێژەری هەواڵ یان هەواڵنێر، ژمارەیەک مەرجی پیشەیی داناوە. لە نێو ئەو مەرجانەدا هاتووە: «أ. هەرگیز درۆ مەکە. ب. ڕوون بنووسە. ج. ڕای خۆت لەمەڕ ڕووداوەکان دەرمەبڕە.»

ئەمەیش مانای وایە هەواڵنێر هەواڵەکە کوتومت وەک خۆی دەگوێزێتەوە، بێ ئەوەی هیچ تەمومژێکی لە دەور دروست بکات، یان لەلای خۆیەوە زیادەی پێوە بنێ. بەڵام هەواڵی زارەکی کە دەماودەم گەیشتووە، تەمومژاوییە. وەڵامی دروستی بۆ ئەم پرسیارە بنەڕەتییانەی، کە لەمەڕ هەواڵ بوونەتە ستانداردێکی جیهانی تێدا نییە. بۆ ئەوەی ئێمە بڕوای پێ بکەین، پێویستیمان بە تێپەڕبوونی کات دەبێ. ئەو هەواڵەی وا ئەمڕۆکە، زارەکی گەیشتووەتە لای من، پێشتر بەدەیان ئەڵقەی تری مرۆییدا ڕەت بووە ئەوجا گەیشتووەتە لام.

سەرەتا لەلایەن ئەو کەسانەوە هەڵکوڵێنراوە کە مەبەست و بەرژەوەندییەکیان لە پشت ئەو هەواڵەوە شاردووەتەوە. «دیارە دەنگۆ هۆیەکە بۆ گواستنەوەی هەواڵێک. ئەگەر هاتو ئێمە بڕوامان پێ کرد، مانای وایە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەوانەدا کە سەرەتا دروستیان کردووە کۆک و تەباین. لێرەدا دەنگۆ دەبێتە هۆکار بۆ یەکێتیی کۆمەڵایەتی. ئەگەر هاتو ئێمەیش لە گواستنەوەیدا بەشداریمان کرد، مانای وایە پشکداریی ئەو گرووپەمان کرد کە دەنگۆیەکەی دروست کردووە... الشائعات، ل ٦٨»

بەسەرێکی تر هەواڵی نێو ڕۆژنامە، لە خەیاڵەوە دوورە، چونکە لەخۆیدا لەو ژانرانە نییە، کە بەخەیاڵ و داهێنان حسابن. هەواڵ

داهێنراوی خەیاڵ و فانتاسیا نییە بەڵکو شتێکە بە کردەوە ڕووی داوە. واتە هەواڵی نێو ڕۆژنامە هیچ پێوەندی، یان نزیکی لەگەڵ "فیکشن"دا نییە. تاکو هەواڵنووس لای خۆیەوە "فانتاسیا"ی تێکەڵ بکا. ئەو دەبێ هەر وشەیەکی کە دەیڵێ یان دەینووسێ. لەسەر زەمینەی واقیع ڕووی دابێ. هەروەک زمانی ڕۆژنامەیش زمانی ئەدەب "شیعر و چیرۆک و..." نییە. بەڵکو زیاتر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە نزیکە.

کەم کۆبوونەوەی خێزانی و دۆستانە هەیە باسی دەنگۆیەکی تێدا نەکرابێ و تاوتوێش نەکرابێ. ئەو دەنگۆیەی لە نێوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨ دا، ئیمامێک لە "هەولێر" بەنێو موسڵمانانیدا بڵاوی کردەوە، گوایە حەزرەتی محەممەدی پەیامبەری ئیسلامی لە خەوندا بینیوە، بەنیازبووە بەرەو "هەولێر" بچێت، لەبەر ئەوەی شارێکی پاکە، وەلێ گرووپێک ئەو شارەی لەوتاندووە. لەم سۆنگەیەوە حەزرەت لە گەشتەکەی خۆی بەرەو هەولێر ژیوان بووەتەوە. لەم خەونەدا وەها بەدیار دەکەوێت بەشێک لە ئوممەتی ئیسلام پشتیان لە ئاینەکەیان کردووە.

بەڵام ئەم دەنگۆیە سەرچاوەکەی ئاشکرایە و ئەو سەرچاوەیە لە سەکۆیەکی ناسراوەوە دەنگۆیەکەی بەڕێ کردووە و دەکرێ بڵێین دەنگۆیەکی ئاینییە، بەڵام مەرامی سیاسی لە پشتەوەیە و دەیەوێ سەروپۆتەڵاکی گرووپێک یان بەرەی چەپ بکوتێتەوە. لە بەرژەوەندی سەلەفییەت بەڕێ کراوە. تۆ ئەگەر بوویتە نێوەندێک بۆ گواستنەوەی، ئەوا هاوکات دەبیتە پشتیوانی ئەو ئیمامەی واتەواتەکەی چێ کردووە. گرینگییەکە لێرەدایە، کە هەواڵەکە خەون بینینێکە، دەشێت هەر یەکێک لە ئێمە بیبینێ. واتە فڕی بەسەر حەقیقەتەوە نییە، کەچی کاتێک دەگاتە ئێمەی گوێدێر وەهای بۆ دەچین کە:

١- هەر بەڕاسی حەزرەت بەرەو هەولێر بەڕێوە بووە. واتە لە خەونەوە گۆڕیمان بۆ واقیع.

٢- بۆچی حەزرەت هاتە خەونی ئەو ئیمامە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگەیەنیتە ئەو ئەنجامەی چونکە ئەو ئیمامە لە هەموومان موسڵمانترە، کەواتە لە هەموومان پاکتر و بێ گوناهتریشە.

٣- ئێمە ئەگەر بەهەندمان گرت و بووینە نێوەندێک بۆ دەماودەم پێکردنی، کەواتە دەبێ بەدوای ئەو گرووپەیشدا بگەڕێین کە گوناهبارە؛ پایتەختی لەوتاندووە و لەو شانازییە مەزنە ئێمەی موسڵمانی بێ بەش کردووە و نەیهێشتووە حەزرەت بەسەرمان بکاتەوە و پێ بنێتە شارەکەمانەوە.

لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کامە گرووپ لە پشت ئەم دەنگۆیەوە بووە کە هیچ بناغەیەکی لە واقیعدا نییە و تەنیا بۆ مەبەستی لەکەدارکردنی گرووپێکی تری نەیار، هاتووە خەونی بەنرخی واقیع پێ فرۆشتووین. سەبارەت ئەم واتەواتە، هیچ پێویست بەوە ناکات ئێمە چاوەڕوان بین تاکو بگەینە دڵنیایی، چونکە واتەواتەکە لە بنەڕەتدا دوورە لە ڕاستییەوە.

هەر لە شاری هەولێرەوە، لە کۆتایی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٨ دەنگۆیەکی تر بڵاو بووەوە. ئەمجارەیان دەماودەم نا، بەڵکو لە نێو ئەو ماڵپەڕانەدا کە نافەرمین. دەنگۆیەکە دەڵێ: «ئەمەریکای زلهێز کۆمپیوتەری داهێناوە، بەڵام بێگومان خواوەند لە ئەمریکا بەهێزترە، ڤایرۆسی بۆ نازڵ کرد و ئەو زلهێزەی پێ گرفتار کردووە و بە دەستییەوە داماوە!» مەترسیی ئەم دەنگۆیە لەوەدایە گوایە ناوبراو ئەم وتارەی لە پێش نزیکەی ٥٠٠ موسڵماندا و لە وتاری نوێژی هەینیدا

داوە. وتارەکـە بـە ڤـیـدیـۆیش وێنـەگـیـراوە. واتـە هـەواڵەکـە ڕاسـتـە و دەنگۆساز ویستوویەتی خەڵک بەرەو جەهالەت پەلکێش بکات!

سـەرنج بدە؛ ئەم واتەواتەیان بە نـووسینە، واتە پتر جێی بڕوایە تاکو هـەواڵی دەمـاودەم. دیسـانەکە دەنگۆیەکە لە سـەرچاوەیەکی ئـاینییـەوە بەڕێ کـراوە. بەڵام ئاشکرایە، ئەم دەنگۆیـەیان ئەو دەسـتـە و تاقـمـانە دایان تاشـیـوە کـە دژبەری سـەلەفـیـەتن. یان کەسـانی چـەپ و عـەلمانی دایان هێناوە بۆ ئەوەی لە پێگەی ئـیـمـام "مـەلا" کـەم بکەنەوە. دووریش نـیـیـە ڕاسـتـەوخـۆ لە دژی وەزارەتـی ئەوقـاف چێ کـرابێ. چونکە ئەم وەزارەتە ڕاسـتـەوخـۆ لە دامـەزراندنی ئـیـمـام بـەرپرسـە. چونکە ئەم دەنگۆیە، ناڕاستەوخۆ دەیەوێ بڵێ:

ئـیمـام هـەیە فـڕی بەسـەر کۆمـپیوتـەر و ڤایرۆسـەوە نییـە و نازانێ ئەم دوو فـیگەرە چین و بۆ چ مەبەسـتێک بـەکار دێن. بە کورتییـەکەی مرۆڤی ئەم سـەردەمـە نین! هـەروەهـا مـانای ئـەوەش دەگـەیەنێ کـە وەزارەتی ناوبراو خـولی مـەشق و ڕاهێنان لەسـەر ئـامـێـری کـۆمـپـیـوتـەر بۆ فـەرمـانبـەرانی خـۆی نـاکـاتەوە. خـۆ لە وڵاتـانـی ئەوروپایش هـێـشـتـا خـەڵکانێ هـەن نازانن کۆمپیوتەر بـەکار بێـنن، بەڵام لەوێ کەسێک نییە دژی زانست بێت!

مـەترسـی ئاکـامـەکـانی ئەم دەنگۆیە کـە لەسـەر وەزارەتـی ئەوقـافـدا شکایەوە، وەزارەتی ناوبراوی ناچار کـرد بەدواداچوون ئـەنجـام بدا. ئەوەبوو دوای مـاوەیەکی کەم هاتە وەڵام و ئاشکرای کرد، ئەو هـەواڵە لە بناغەوە هـەڵبەستـراوە. ڤـیدیۆی وەها تۆمار نەکراوە و هیچ ئیمامێکیش شـەکری وەهـای نەشکاندووە. واتە دەنگۆیەکی درۆ بوو. کـابفـیـریر دەڵێ: «ئەوە بەتەنـیـا بەس نیـیـە ئەوان دەنگۆ بڵاو بکەنەوە، بەڵکو دەبێ ئەوانی

تر بەڕاست و دروستی دەنگۆکە قەناعەت پەیدا بکەن.» چونکە گومان پەیداکردن لە دەنگۆیەکە، گومان پەیداکردنیشە لە سەرچاوەکەی و لەو کەسەیشی، کە بە ئێمەی ڕادەگەیەنێ.

بەڵام لە کوردستاندا، ڕاستییەکیش لە بواری ڕاگەیاندندا لە ئارادایە. ئەویش ئەوەیە کە زۆرێک لەوانەی لەو بوارە هەستیارەدا کار دەکەن نەشارەزای کارەکەی خۆیانن. چونکە هەواڵ دەبێت سەرچاوەی ڕوونی هەبێت و گەرەکە هەواڵنێر ئاماژە بەسەرچاوەکە بدات، کاتێک باسی ڤیدیۆ هاتە گۆڕێ، دەبێ هەواڵنێر، ئەو ڤیدیۆیە لە کەناڵەکەی خۆیدا بڵاو بکاتەوە، تاکو قەناعەت لەلای بینەران دروست ببێ کە هەڵبەستراو نییە. بەتایبەت ئەو کەناڵەی هەواڵە درۆیەکەی بڵاوکردەوە، ماڵپەڕ بوو. ئەگەر تەنیا "دەنگ"یش بوایە، هەر دەکرا ئەو ماڵپەڕانە لای خۆیانەوە بڵاوی بکەنەوە.

جێی ئاماژەپێدانە، کە لە زۆربەی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کاغەزییەکانیشدا کەسانی دەست و پێ سپی، بە بواری ڕۆژنامەوانی نامۆ و، لە دنیای ڕاگەیاندن بێ ئاگا، بەڕێوەیان دەبەن. تەنانەت بەشی زۆریان زمانی دایکی خۆشیان نازانن. بەڵکو ئەوان زیانێکی ئەوتۆیان بەزمانی کوردی گەیاندووە، هەروا بەئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە. لە دنیای نوێدا شێواندنی زمان سزای  قورسی لەسەرە؛ بە تایبەت لە ڕاگەیاندنەکاندا. کەچی لە لای ئێمەی کورد لیژنەیەک، یاسایەک بۆ بەرگریکردن لە زمانی کوردی لە ئارادا نییە.

هەبوونی دەنگۆ و واتەوات مانای وایە گوشار لەسەر دەروونمان هەیە و ئێمە لە کێشە و تەنگژەداین. لێرەوە، لە ڕێی دەنگۆوە هەوڵ دەدەین پشوویەک بدەین و نەختێک باری شان و ناخی ماندوومان سووک

بکەین. لە ڕاستیدا کاتێک تۆی تاک لە دەنگۆیەک دەدوێی، یان دەیگوێزییەوە، تۆ تۆمەتبار نیت، چونکە وەک وتراوە: «گواستنەوەی کفر کفر نییە» لێرەدا جیاوازیی لە نێوان تاکێک و ڕۆژنامەیەکدا هەیە. ئەگەرچی دەنگۆیەکە پێوەندیشی بە ژیانی زۆر تایبەتی کەسێتییەکی دەستڕۆیشتووەوە هەبێ. یەک لەباری تۆ، تێوەگلانت بە سووککردنی باری دەروونی ماندووت دەشکێتەوە. وێڕای ئەوەیش، تۆ هەندێ جاران دەم لە کێشەیەکیشەوە دەدەیت، بەئاگری نەسووتاوی.

جار هەیە چێکردنی دەنگۆ بە مەبەستی پینەوپەڕۆکردنی بارودۆخێکی نائارام و شلۆقە. بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕین لە نێو شاری سلێمانیدا، خەڵک لە ترس و خەمی گەڕانەوەی ڕژێمدا دەژیان. دیارە خەڵک ئەو سیناریۆ ترسناکەیان لە خەیاڵدا بوو، ئەگەر بێتو بەعس بگەڕێتەوە کوردستان، چی بەو شارە دەکا؟ لەو مێژووە ناسەقامگیرەدا، ژمارەیەک لاوی بەدەربەست، بەو نیازەی برێک ورەی ڕووخاوی جەماوەر بەرز بکەنەوە، بە کۆمەڵ وەربووبوونە سەر شەقامەکان و مژدەی بەدیلگرتنی "عیزەت دووری" ی جێگری سەدامیان بە گوێی خەڵکدا دەدا. گوایە ئەو بەدیل گیراوە و لە نێو قەفەزیان ناوە. بەڵام کەس قەفەزی لەو جۆرەی بە چاوی خۆی نەبینیبوو. بە گەیشتنی بەرایی هێزی ڕژێم و ڕەوی بەکۆمەڵی خەڵک بەرەو سنوورەکان، ئاشکرا بوو، بەدیل گرتنی عیزەت دووری، دەنگۆیەکی بێ بناغە بووە.

## بەرپاکردنی دەنگۆ بۆ خۆشی

ڕێک دەکەوێ بەرپاکردنی دەنگۆ تەنیا بۆ خۆشی و گاڵتەی نێوان دۆستان بێ. دواتر هەر لە دەمی ئەمانیشەوە بەنێو خەڵکدا بتەنێتەوە.

گاڵته و جەفەنگیش زۆر جار بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو خەم و سترێسەیە، کە مرۆڤی ئەم چەرخە لە شوێنەکانی کارکردن تووشیان دەبێ. بەتاڵکردنەوەیشی، بەتایبەت لە نێو شارە بە ئاپۆرا و جەنجاڵە پڕ لە دەنگ و هەراکاندا پێویستە. ئەم جۆرە دەنگۆیە لە نوکتەیشەوە نزیکە. یان ڕەنگە وەک ساتیرەچیرۆک مەبەستێکی سیاسی، کۆمەلایەتیشی لە پشتەوە بێت و بیەوێ ناڕاستەوخۆ لایەنێکی سیاسی، یانژی دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ناجۆر سەرکۆنە بکات و بیکوتێتەوە. وەلێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنی کە دەنگۆساز لە گێڕانەوەیدا هونەری گێڕانەوەی چیرۆک پەیڕەو دەکات. لەم ڕووەوە کابفیرێر دەڵێت:

«بە پێچەوانەی بانگەشە و نوکتەوە، دەنگۆ چیرۆکێکی ئەنتیکە، یاخۆ پێکەنیناوی بەرجەستە ناکا، بەڵکو وا ئیدیعا دەکا حەقیقەت بەرجەستە دەکا، بەتایبەت کاتێک ئەم دەنگۆیە بەوردی کات و شوێن دیاری دەکات. الشائعات، ل ٧٠» چونکە لە نوکتەیشدا وەک حیکایەتی فۆلکلۆر کات و شوێن نادیارە: «جارێکیان نوژدارێک، ژنێک، جووتیارێک... هتد» بەسەرێکی تر، دەنگۆ گەلێک کاریگەریی لە نوکتە زیاترە. هەندێ جار ڕای گشتی دەهەژێنێ. توانای وروژاندنی تێدایە و بیستەر دەخاتە سەر بیرکردنەوەی قووڵتر. گفتوگۆش دەهێنێتە پێش. لە نوکتەیش خێراتر بلاو دەبێتەوە. بگرە لە هەواڵی نووسراو و گۆکراوی باوەڕپێکراو پتر گرینگی پێ دەدرێ. چونکە لە هونەری گێڕانەوە و داڕشتنیدا دوو ژانر بەشدارن و ئالیکاری دەکەن؛ نوکتە و دەنگۆ. تەڕی و بەرائەتی نوکتە، لە تەک ناوەڕۆکی جدیی دەنگۆ. بۆیە وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێ کاریگەریی لە نوکتەی ئاسایی پتر بێت، گورجتریش دەماودەم بکا.

خەڵک بەگشتیی بۆ قەبووڵکردن و دەماودەم گواستنەوەی دەنگۆیەکان

هەردەم ئامادەییـیـان تێدایە. چونکە ئێمـە هەردەم جـۆرە تیـامـان و ئەوقبـوونێک لە ڕووی ئەوانەدا دەخوێنینەوە کە دەنگۆمان بۆ دەگێڕنەوە. ئەوانەیشی گوێدێری دەبن هەر بـۆ ساتەوەختێک سـەرسام و ئەوق دەبن. خـۆ تێـهـەڵقـورتـاندن و لاپڕەسـەنیش بەشـێکە لە ئاکـاری مـرۆڤ کـە هەڵوەدای دوای زانیـاریی نوێیـە و دەخـوازێ بزانێ لەودیو شـوورەی بەرزی بە پاسـەوان پارێزراوی کـۆشکەکـاندا چی دەگـوزەرێ. هەردەم قـسـە، قـسـە بەشـوێن خـۆیدا دێنێت و شـڵـەژان و نیـشـانەی پرسـیـار دروست دەکات و مرۆڤ بۆ جیهانی خەیاڵ و ڕامان کێش دەکا. واتەوات وەک بابەتی ڕۆژە، لە کـاتی خـواردن و خـواردنەوەدا لە نێـو کـافـیـە و بارەکاندا دەبێتە جێی و گوتوبێژ و دەمەتەقێی ئامادەبووان. یان وەک کابفیرير لە کتێبی "الشائعات"دا دەڵێ: «پارچە بنێشتێکی گەورەیە بەدەستەجەمعی دەجاورێت.. ل ٧٢»

هەندێ لە ڕۆژنامەکانی لای خـۆیشمـان، بۆ ئەوەی کڕیار بـۆ خـۆیان مسـۆگـەر بکەن پەنای بۆ دەبەن و ئیتر بەلایانەوە گـرینگ نییـە، ئەگەر دەنگۆیەکە بەڕاست دەربچێ یان درۆ. بەلای ئەوانەوە گرینگ لەوەدایە بۆ مـاوەیەک خـوێنەری پێـوە سـەرقـاڵ بکەن و ڕەواجی ڕۆژنامـەکـەیان سەربخەن.

ئەو لاوانەی لەم سەردەمەدا بێکارن، با بیرێکیش لە ڕابردوو بکەنەوە. بەری ڕاپـەڕین. لە سـەردەمی ڕژێمی بەعـسـدا، ئەوانەی لـەم تەمـەنەی ئێـسـتـای ئەمـاندا بوون، بەوپـەڕی دڵەڕاوکـێـوە، لە خـەمی دێوەزمـەی خزمەتی سەربازیدا بوون کە سەفەری ڕێی هات و نەهات بوو. ئەم ترسە تەواوی بیر و هۆشی داگیر کردبوون. خەمی گەورەیشی بۆ کەسوکاریان دروست کـردبوو. ئەوان لە نێـوان کـۆمـەڵێک بژارەدا، کـە یەک لـەیەک

خراپتر بوون، تێدا مابوون، نەیاندەزانی کامیان هەڵبژێرن. بدەنە چیا، سەر هەڵبگرن و ڕوو لە هەندەران بکەن، یان ببنە خەفیفە، یانژی خزمەتی سەربازی هەڵبژێرن؟

دیارە هەڵبژاردنی هەر یەکێ لەم ئەگەرە چارەنووسسازانە پێویستی بە بڕیاری کاربڕ هەبوو. وەلێ ئێستا بێکاری لە بارترین ژینگەیە بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆ. ئەوان کاتێ لەگەڵ دەرودراوسێ و هەڤاڵەکانیاندا دادەنیشن، بێ ترس چەندین بابەتی سەرسوڕهێن دەوروژێنن. لێرەوە، لە بێکارییەوە، لە بۆشاییەوە هەواڵ چێ دەبێ و دەگۆڕدرێ بۆ واتەوات و کۆڕی دانیشتنی پێ گەرم دەکرێ. ئەوان بەنیازی دەمەتەقێ کاتی شیرینی خۆیانی پێ بەسەردەبەن. هەر یەکە دێت و ئەو خەمەی لە ناخیدا پەنگی خواردووەتەوە دەری دەبڕێ و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە. بیروبڕوای خۆیان سەبارەت پرسە هەنووکەییەکانیش ئاڵوگۆڕ دەکەن. بۆیە واتەوات دەرفەتێکە بۆ مرۆڤی بێکار تاکو باری دەروونی ناجۆری خۆی پێ سووکتر بکات و گوێشی لە هەندێک زانیاریی نوێ ببێت کە ئەو لێی بێ بەش بووە.

هەردەم دەمەتەقێ و خڕبوونەوەی خەڵک لەسەر جاوینی گۆشتی کەسی سێیەمە، نەک لەسەر حسابی ئەوانەی وا دەمەتەقێ دەکەن. ئەوان باس لە گرتنی "عیزەت دووری" دەکەن، تاکو ورەی خەڵکی پێ بەرز بکەنەوە و ماوەیەک خەڵکی پێوە سەرقاڵ بکەن. ئەو خەڵکەیش بەرلەوەی لە ڕاست و دروستی هەواڵەکە بکۆڵنەوە و بیدەنە بەر ڕۆشنایی لۆجیک، دەیگوێزنەوە. واتە ئێمە خۆمان کارئاسانی بۆ دەنگۆ و واتەوات دەکەین. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، هەندێک جاران وەک دەڵێن: «کێچێک دەکەین بەگایەک!»

دیاره تاکو پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکدا گەرموگوڕتر بێت و هامشۆ و ڕەوتیان پتر لە نێواندا هەبێت، ئەوا واتەواتیش خێراتر بەنێو کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە. لەم بارەیەوە ڕاسموسن پێی وایە: «دەنگۆ ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە کارلەیەککردنی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باشتر.»

هۆیەکانی پێوەندی و گەیاندنیش پەلە لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆکاندا دەکەن. ڕادیۆ، تیڤی و ماڵپەڕ و تەلەفۆنی دەستی، لەم سەروبەندەدا، دەنگۆکان بە جیهانیشدا بڵاو دەکەنەوە. دیارە دەنگۆیش وەک هەر هەواڵێکی تر کۆن دەبێت و بەسەردەچێت، بەڵام نەک بەو خێراییەی هەواڵی ئاسایی، بەتایبەت ئەگەر دەنگۆیەکە لە دەوری گەندەڵی و کەسێتییە دەستڕۆیشتووەکان چێ کرابێت.

## ئێمە هەردەم بڕوا بە واتەوات دەکەین

دەنگۆیش وەک چیرۆکی هونەری، وردەکارییەکانی دەهۆنرێنەوە و ڕۆدەنرێن. لە فۆرمێکی ئەوتۆدا دادەڕێژرێت، خەڵکانێک هەبن بڕوای پێ بکەن. بۆیە هەر کامێک لە ئێمە بگریت، چەندین جار کڵاویان لەسەر ناوین. هەواڵی درۆیان بەڕاست پێ داوین و ئێمەش قەبووڵمان کردووە. کاتێکیش دواتر زانیومانە هەواڵێکی بێ بناغە بووە، دەرسمان لێ وەرنەگرتووە. دیسانەوە لە ئاستی دەنگۆیەکی تردا تێکەوتووینەتەوە.

وەلێ بۆ ئەوەی ئێمە بڕوا بەڕاست و دروستی هەر هەواڵێک بکەین، پێویستە بەری هەر شتێک بیر لە سەرچاوەی هەواڵەکە بکەینەوە، بزانین داخۆ باوەڕپێکراوە یان نا. فەرمییە یان نافەرمییە. لە بریکارە ناسراوەکانی هەواڵەوە وەرگیراوە، یان خۆجێییە. ئەگەر هەواڵەکە لە

چاڤدیتییەوە "شاهد عیان" وەرگیرابێت، داخۆ ئەو کەسە ناوی چییە و چ کارەیە؟ چ جۆرە پێوەندییەکیشی بەو هەواڵەوە هەیە؟ «واتەوات بە زۆری سەرەتا لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی نافەرمییەوە دەردەچێ. لە ڕێی تۆڕی پێوەنیدییە شەخسییەکان و پێوەندیی دراوسێتییەوە بڵاو دەبێتەوە.. زۆر جاریش واتەواتمان لە ڕێی پسپۆڕ لە بوارەکەدا، یان لەلایەن کەسێکەوە، کە شارەزایی لە ئێمە زیاترە پێ دەگات. الشائعات، ل ٨٤»

ئایا گەیەنەری هەواڵ خۆی لێ بەخاوەن و ئاگەدار دەکات، یان وشەی "دەڵێن" بەکار دەهێنێ؟ یان دەڵێ: «بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگەدار کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات...» چونکە ئەوەی هەواڵ دەگوێزێتەوە دەبێ جێی بڕوا بێت. ئەم لایەنەیان گەلێک گرینگە. کەسێک ئەگەر لە ڕووداوەکەوە نزیک نەبووبێ، چلۆن دەکرێ ببێتە جێی بڕوا؟ گەرەکە بیریش لەوە بکرێتەوە، داخۆ ئەوەی هەواڵێک بڵاو دەکاتەوە، چ سوودێکی بۆ خودی خۆی تێدایە و چ جۆرە بەرژەوەندییەک لەگەڵ ئەو هەواڵەدا کۆی دەکاتەوە؟

وەلێ بەگشتی مرۆڤ گیاندارێکی خۆتێهەڵقورتێنە و هەردەم ئامادەی قۆستنەوەی هەواڵە. هەروەک ئامادەییشی تێدایە بۆ دەماودەم گواستنەوەی. پێم وایە ئاستی خۆتێهەڵقورتاندن یان لاپڕەسەنی "فزوول" لەلای تاکی کورد زۆر بەهێزە. ئەم گوتە شێوەپەندەی کە دەڵێت: «زگی من عەمباری کەس نییە!» یان «فاتە تڕی، مەگەر گڵ لێم ببیستێ!» ڕەنگە زۆری تری لەم جۆرەش هەبن؛ گەواهی ئەوەن کە تاکی کورد کەمتر توانای پاراستنی نهێنی هەیە. بۆ گەیاندنی دەنگۆ و هەواڵی سەیروسەمەرەیش دەم بەهاوارە و سەری پێوە نییە! ڕەنگە لەلای خۆیەوە هەندێ ترش و خوێیشی پێوە بکا، ئەوجا بەڕێی بکات.

## کوردستان، نێوەندی دەنگۆی بەردەوامە

کەم هەرێم لە دنیادا هەیە، هێندەی باشووری کوردستان دەنگۆ و واتەواتی تێدا بڵاو و بەبرەو بێت. بەڕادەیەک هێشتا دەنگۆیەک ساغ نەبووەتەوە داخۆ ڕاست بوو یان درۆ، یەکێکی تری دێتە بان. خەڵک فریای شەنوکەوی ئەم لێشاوی دەنگۆیە ناکەون. لە چایخانە زۆر و زەبەندەکاندا. لە کۆڵان و لە فەرمانگە و لە سەردانی خزم و ناسیاودا؛ بەم دواییە لە ڕێی تەلەفۆنی دەستیشەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەو هۆکارەی زیاتر ڕێی بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای دەنگۆ و واتەوات تەخت کردووە، ئەوەیە، کورد بەگشتی میللەتێکە تاکەکانی کەسانی کۆمەڵایەتین و گیانی خۆتێهەڵقورتاندن لە نێویاندا زۆر بەهێزە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا بەسەدان مرۆڤی بێکار و گوێ مووچی هەواڵ و لاپڕەسەن، لە دەمەقاڵ یان پێکداهەڵپژانی دوو مێردمنداڵ کۆ دەبنەوە. بەشەڕهاتووەکان ماندوو دەبن و کۆڵ دەدەن، وەلێ شایەت هێشتا بەخۆیان نەزانیوە و زۆر بەگەرمیی لە هۆ و ئاکامەکانی دەپرسن و دەیانەوێ بگەنە بنج و بناوانی.

لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە بواری لەبارتر بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆ ڕەخسا. لەو دەمانەدا، کە هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ڕژێمە یەک لە دووی یەکەکاندا مژوولی جەنگ و بەرگری بوو، دەنگۆی "دانووستان" بەگەرمی دەبووە جێی باسوخواسی خەڵک. ئەگەری ئەوەیش هەیە، کاتێ سەرکردەکان هەستیان بە ماندووبوونی جەماوەر و هێزی پێشمەرگە کردبێ، هەر خۆیان واتەواتی دانووستانیان بەنێو جەماوەردا بڵاو کردبێتەوە. کاتێکیش ئاگربڕ ڕادەگەیەنرا، زۆری نەدەخایاند دەنگۆی "شەڕ دەبێتەوە" بە گەرمی باوی دەسەند. هەر بە خودی ئەم دوو

دەنگۆیەدا دیارە کە کورد، هەردەم لە دۆخێکی بەمۆڵەق وەستاوی نێوان جەنگ ئاشتیدا گیرۆدە بووە و نەگەیشتووەتە سەقامگیری و ئاشتیی یەکجاری.

کورد بە گشتیی میللەتێکی کراوە و سویرقسەیە. تۆی تاکی کورد، بۆت هەیە کاتێ وەک سەرنشینێک، نەدی و نەناس ڕێت دەکەوێتە نێو پاسێکەوە، بە گەرمی لەگەڵ هاوسەفەرەکانتدا بدوێی. پێکەوە لە هەموو ئاشێک بکەن. ببنە هاوڕێ و پێکەوە باسی ڕەوشی سیاسیش بکەن کە ئەمەیان لە نێوان تاکە ئەورووپاییە داخراو و کەمدووەکاندا ڕوودانی دەگمەنە. لە کوردستان، پێوەندیی لە نێوان ئەهلی گەڕەک و خزم و ناسیاودا هێشتا هەر گەرموگوڕە. ئێستاش هامشۆی نێوان ئەندامانی خێڵ لەوپەڕی گەرموگوڕیدایە. دەنگۆیش لە نێوەندی وەهادا، وەک ئاگر و پووشوو بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە. دراوسێتی بەڕادەیەک بەهێزە، هەن هێشتا کاسەدراوسێتی بۆ یەک و دوو دەنێرن. بەهەندگرتنی پێوەندیی دراوسێتی چ وەک کولتوور و چ وەک ئاینیش جەختی لەسەر دەکرێ. بۆیە هەر هەواڵێ بگریت، بە ماوەیەکی کورت بەنێو هاوسێکاندا بڵاو دەبێتەوە.

بە سەرێکی تر، دەکرێ ئێمە دەنگۆیە باوەکانی وڵاتی خۆمان بە ئاسانی پۆلێن بکەین. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە کە زۆربەی دەنگۆیەکان بێ بناغە و درۆن، کەچی بازاڕیشیان گەرمە. ئەوەیش لەولاوە بوەستێ کە دیاردەی بێکاری و ناسەقامگیریی وڵاتی عێراق بەگشتی کە گومانی تێدا نییە کاری لە هەرێمی کوردستانیش کردووە، نێوەندێکی لەبارە بۆ قەبووڵکردنی هەر دەنگۆیەک جا ڕاست بێت یان درۆ.

کوردستانی باشوور مەڵبەندی واتەوات و جۆرەکانی دەنگۆیە. هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەم دیاردەیە، نەمەیویی دۆخەکەیە. هەروەها بێکاری و نائومێدیی توێژی لاوان بە بارودۆخەکە وای کردووە هەر دەنگۆیەک بەڕێ بخرێ، بەشی خۆی گوێگری هەبێت و کەسانێکیش هەبن ببنە پۆستەچی بۆی. ئەو خەڵکە زۆریان خراپە لە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ناوچەکە دیوە و بڕوایان وایە هیچ لایەکیان لەگەڵ کورددا پاک نییە. بۆیە پێشبینی هەموو پێشهاتێکی خراپ لە ئێستای عێراقیش دەکەن.

لە نێو خۆیشدا، کەسانێ کە گومانیان لەسەرە هێشتا دەستڕۆیشتوون. کێ بڕوا بە بەرپرسێکی سەربازی دەکات کە هەتا دوێنێ بوو موستەشاری دڕندەترین ڕژێمی ناوچەکە بووە؟ کەواتە دۆخی ناسەقامگیر و نەچەسپاو، ئاخۆران و بخۆران و دەست تێوەردانی دەرودراوسێ، لە کاروباری نێوخۆدا کارێکی کردووە هەر دەنگۆیەک چەندیش ناماقووڵ بێت، هێشتا هەر بەشی خۆی گوێگری هەبێت و خەڵکانیش هەبن ئامادەی گواستنەوەی بن. خۆ گواستنەوەی دەنگۆ هیچ خەرجێکی تێ ناچێت.

گوێت لە ماسیگر دەبێ دەڵێ: «ماسی لە گۆمەکانی دووکان و دەربەندیخاندا هاتووەتە کزی، گوایە هۆیەکەیشی ئەوەیە جۆرێک ماسی کە خۆیان "گورگەماسی"ی پێ دەڵێن و پێشتر لەم گۆمانەدا نەبینراوە، یان بە ڕێژەی کەم بینراوە، ئێستا بەڕێژەی زۆر لەو دوو گۆمەدا پەیدا بووە و ماسییەکانی تر دەخوات.»

گوێت لە جووتیار دەبێ دەڵێ: «جۆرە کوللەیەک لە ناوچەکەماندا پەیدابووە، پێشتر نەبینراوە، گوایە گەراکەی لەلایەن ئەو ڕێکخراوە

ناحکوومییانەوە هێنراوە، کە لە کوردستاندا کاران.» گوێت لێ دەبێ دەڵێن: «لە هەندێ ناوچەدا ماری زەنگوڵەدار بینراوە.» جێی وتنە ئەم جۆرە مارە پێشتر لە کوردستاندا نەبینراوە. ئەگەر بگەزێت ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا قوربانییەکەی دەکوژێ.

هەروەها هەواڵی بڵاوبوونەوەی دووپشک بە ڕێژەی زیاتر لە ئاسایی لە هەندێ دێهات بەگەرمی باس دەکرێت. ئەگەر ئەم هەواڵانە ڕاست بن، ئەوا مەبەست لە پشتیانەوە وێرانکردنی ئابووری کوردستان و قوتکردنەوەی کۆسپە لە ڕێی گەڕانەوەی هاوولاتییاندا بۆ دێهاتەکان. وێڕای ئەوەی کوردستان قووڵایی ستراتیجی لەدەست دەدات و دەمێنێتەوە سەر چەند شار و شارەدێیەک. کەرتی کشتوکاڵییش بە جارێک لەبەین دەچێ. وەلێ ئەگەر ئەم هەواڵانە درۆ و هەڵبەستراو بن، ئەوا هەر کەسێک بیانگەیەنێت، جا پێی زانیبێ یان نا، هاوکاری ئەوانەیە کە ئەم جۆرە دەنگۆ ترسناکانەیان داتاشیوە. بۆیە زۆر گرینگە خەڵک لە مەترسیی بڵاوکردنەوەی دەنگۆی درۆ هوشیار بکرێنەوە. وەلێ ئەم دەنگۆیانە هەر هەموویان سەرچاوەیان نافەرمییە.

لەم بارەیەوە کابفیریر پێی وایە، قەبووڵکردنی هەندێ دەنگۆ پێوەندە بەو هەلومەرجە ناسکەوە هەیە کە کۆمەڵگەی پێدا تێ دەپەڕێت و دەڵێ: «دەتوانرێ بگوترێ، کە دەرکەوتنی دەنگۆ بە دۆخی هەنووکەوە پێوەندە. ئەوەی ئەمڕۆ بە مەعقوول بەدیار دەکەوێت دوێنێ وەها نەبووە و سبەینێش وەها ناکەوێتەوە. الشائعات، ل ٩٥»

نوێترین دەنگۆیەکی لەم جۆرە کە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ ماڵپەڕی "سبەی" بڵاوی کردەوە و هێشتا هەر لەسەر زارانە و جێی ئەوقبوون و سەرسامییە، دەڵێ: «ماوەی سێ ساڵە، لە وەرزی خێڵەوژووردا، کاتێ

مەڕدارەکان ڕوو لە ناوچە سنوورییەکان دەکەن، دوچاری هێرشی "گەلە گورگ" دەبنەوە. بەشەو و بەڕۆژ، بێ ئەوەی ترسیان هەبێت. بە ڕەوە پەلامار دەدەن. ئەو گورگانەیش بەخێوکراو و ڕاهێنراوی وڵاتی ئێرانن!»

ئەم دەنگۆیە جێی بڕوایە. چونکە ئەگەرچی ماڵپەڕی "سبەی" نافەرمییە، واتە ڕاگەیاندنی حکومەت نییە، بەڵام بە کەناڵێکی ڕاستگۆ ناسراوە و ئیتیک و داوونەریتی ڕۆژنامەوانیی پاراستووە. دوای ئەوەیش ناوی سەرچاوەکەی وتووە، کە "حاجی مراد"ی ناوە. ئەم سەرچاوەیە دەکرێ بەباوەڕپێکراو حسابی بۆ بکەین، چونکە بە چاوی خۆی بینیوێتی و خۆی خەڵکی گوندی "وێزە"یە لەو کوێستانە. بۆ خۆیشی مەڕدارە. دوای ئەوەیش ساڵانە بە کردەوە لەو سنوورانە، ئەم جۆرە شاڵاوە دووبارە دەبێتەوە.

هۆیەکەیشی دەکرێ لەم دوو خاڵەدا چڕ بکرێتەوە. ئەوان، لەودیو سنوورەوە، ئەو گورگە ڕاهێنراوانەیان بۆ ئەو مەبەستەیە تاکو دزەکردنی نەیارانی خۆیان بۆ نێو خاکی ئێران سنووردار بکەن، بەتایبەت لەمدیو هێزی ئەمریکا و چاوی ئەمریکا لە گۆڕێیە کە ئێران حسابی دوژمنی بۆ دەکات. ڕەنگە ئامانجی دووەمیش ئەوە بێت، تاکو چی تر ئەو ڕەوەندانە ڕوو لە ناوچە سنوورییەکان نەکەن، نەبادا ببنە خانەخوێ و وێستگەی حەوانەوە بۆ ئەو هێزە کوردییانەی کە نەیاری ڕژێمی ئێرانن.

شاڵاوی "گەلە گورگ"، پتر دەنگۆیەکە پشتڕاست دەکات. چونکە ئەگەر گورگ بە "تاک و بە جووت" شاڵاو ببەن، ئەوا دەتوانن ملی چەند سەرمەڕێک بشکێنن. بە ئاسانی بەهۆی سەگی شوانەکانەوە، یان بە زەبری تفەنگ لە وەزەنیان کەم بکرێتەوە. بەڵام هێرشی "گەلەگورگ" پێشی لێ ناگیرێ، چونکە لە چەند سەرێکەوە و لە یەک کاتدا شاڵاو

دەبەن. کەم جاریش ڕێک دەکەوێت گورگ بە "گەلە، ڕەوە" پەلامار بدەن. بەڵام بەوتەی سەرچاوەکە کە بێگومان باوەڕپێکراوە، ئەوان ساڵانە بەرەو ڕووی شالآوی گەلەگورگ دەبنەوە. ئەمەش زیاتر هەواڵەکە پشتڕاست دەکات کە ئەو گورگانە بەخێوکراو و ڕاهێنراون. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێ. داخۆ دەبێ چی بکرێت تاکو ڕەوەند لە وەزەنی ئەو گەلەگورگە مەشق پێکراوانە پارێزارو بن؟ بۆچی کەس بەهاواریانەوە ناچێت؟

وەلێ جێی سەرسووڕمانە، وەک ئەم نیشتمانە بێخاوەن بێت، لایەنە پێوەندیدارەکان بەچاک و خراپ، لەسەر هیچکام لەم دەنگۆیانە هەڵنادەنێ و بەشوێنداچوون ناکەن. دەکرا بۆ دەنگۆی کوللە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەبارەت هێرشی گەلەگورگیش هێزی پێشمەرگە و پاسەوانانی سنوور ڕوونکردنەوەی تەواویان بدایە. چونکە ئەم دەنگۆیانە کاریگەریی خراپیان لە ئێستا و ئایندەدا دەبێت.

دەکرێ لە خانەی جەنگی ئابووریشدا جێی ئەم شالآوی گەلەگورگە بکرێتەوە. نموونەی وەهاش زۆرە. دەبا نموونەیەک بهێنمەوە. لە ئەنجامی جەنگی نێوان ئیسرائیل و میسردا، ساڵی ١٩٧٣ ڕووبەرێکی بەرفراوان لە خاکی ولآتی میسر کەوتە بن دەستی ئیسرائیل، بەتایبەتی "بیابانی سینا". لەو دەمەدا جوولەکەکان هاتن بە هەزاران مشکەکوێرەیان لەو بیابانەدا بەرەڵا کرد. مەبەست لەم کارەش وێرانکردنی ئابووریی ولآتی میسر بوو. چونکە مشکەکوێرە زەوی هەڵدەگێڕێتەوە و گەنمێکی زۆریش دەخوات. واتە ئابووریی ولآت وێران دەکات. دوای ئەوەی ئیسرائیل لە "سینا" و لە تەواوی ئەو خاکەی لە میسری داگیر کردبوو کشایەوە، میسرییەکان ناچار بوون پارەیەکی

زۆر بۆ پاککرنەوەی وڵاتەکەیان لە مشکەکوێرە تەرخان بکەن.

«دەنگۆ تا گەورەتر ببێت، پتریش دەبێتە جێی بڕوا. دوای ئەوەی سەرەتا بۆ چێژوەرگرتن و بۆ خۆشی، دەماودەم دەگوێزرێتەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە حەقیقەتێکی سەلماو لەلای تاک. بەتایبەت دوای ئەوەی هەمان زانیاری لە چەند کەسێکەوە دەبیستێت. کاتێ کەسانی بێلایەن زانیارییەکە لە یەکتر دەبیستن، بە ئاسانی دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە شتەکە ڕاستە. الشائعات، ل ١٠١»

خەڵکیش لێ ڕاهاتوون کەمتر دەچنە بنج و بناوانی دەنگۆ و کەمتریش لێی دەکۆڵنەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەو دەنگۆیە شتێک بەلای ڕاستیدا بچێت و ڕێی تێ بچێت هەواڵی لەو جۆرە ڕوو بدات. ئەوەش لەولاوە بوەستێت، کە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە ئێمەی کورد هێشتا بەشێکی دانەبڕاوین لێی. ئاوەز و مێنتەلێتییەک بتوانێت لە هەواڵ و ڕووداو بکۆڵێتەوە و بەتەرازووی لۆجیک هەڵی بسەنگێنێ هێشتا دەگمەنە. چونکە پاژێکی بەرچاوی هاووڵاتییانی عێراق هێشتا هەر نەخوێندەوارن و سەرچاوەی زانیارییەکانیان هێشتا هەر لە ڕێی دەماودەم گواستنەوەی هەواڵەکانەوەیە.

عێراقییەکان خۆیان کە ڕووداوێکی نامۆ و سەمەرە دەبیستن دەڵێن: «عێراق وڵاتی هەزارویەک شەوەیە!» ئەوان مەبەستیانە بڵێن: لەو وڵاتەدا، هەر بەسەرهاتێکی غەریب و نامۆ، بە وێنەی حیکایەتەکانی هەزارویەکشەوەیش ئەگەری ڕوودانیان هەیە. مەغریبییەکانیش دەڵێن: «مادمت في المغرب فلا تستغرب!» واتە مادام تۆ لە مەغریب دای، کەواتە هەرچی ڕووداوێکی نامۆت بینی، سەرت نەسوڕمێ. ئەوی ڕاستی بێ زۆرینەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین وەهان، هەرچی دیاردەی

سەرسوڕمێن و نامۆیە لەوێندەرێ ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

هەمیشە بڕواکردن و نەکردن بە دەنگۆ، پێوەندیی مکۆمی بە ئاستی ڕووناکبیرییەوە هەیە. ئەوانەشی وا لە لووتکەی دەسەڵاتەوە نزیکن، خۆیان چاکتر لە خەڵکی ئاسایی دەزانن داخۆ ئەو واتەواتەی لە نێوەندەکەدا خەڵک نان و پیازی پێوە دەخۆن تا چەند ڕاستە. چونکە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەرلە هەر کەسێک، کار لە ناوداوی ئەوان دەکات. یان داخۆ کامیان ڕاستە؛ دەنگۆیەکانی خەڵک، یان هەواڵە فەرمییەکانی دەستەڵات، جا هەر دەستەڵاتێک بێت؟

## ژنی کورد و دەنگۆ

زۆرینەی مێینەی کورد هێشتا کەیبانویماڵن. ڕێژەی نەخوێندەواریش لە نێو ژناندا بەرزترە تا پیاوان. بۆیە ئەوان کەمتر حەزیان لێیە گوێیان لە دەنگۆی سیاسی ببێت. ئەوان کەمتریش خەمی سیاسەت بەکوڵ خۆیاندا دەدەن. لەم ڕووەوە ژنان پتر وابەستەی پیاوەکانیانن. ئەگەر پیاوەکانیان ساڵی حزبێکیش بگۆڕن ئەوان باکیان پێی نییە و دوای مێردەکانیان دەکەون. ئەزموونی ژیانی ژنان داخراو و بەرتەسکە. ئەوان بەحوکمی پاشڤەڕۆیی کۆمەڵگە، هامشۆی نێو زۆر کۆڕ و کۆمەڵ ناکەن، یان لێیان قەدەغە کراوە. سەردەمێک کانیی ژنان لە گوند بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لەم زارەوە بۆ ئەو گوێ جێیەکی لەبار بوو. ئیتر هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد بیخەنە پۆستەوە و پوولی پێوە بنێن. بەڵکو بەخۆڕایی بڵاو دەبووەوە و لەوێوە خۆی بەهەموو ماڵێکدا دەکرد و دێ بەدێیش دەگەڕا.

ژن بەزۆری دەنگوباسی ڕسواییەکان، بە خێرایی بۆ ژنانی گەڕەک

دەگوێزنەوە. ڕەنگە هۆیەکەیشی زیاتر بێکاری بێت. چونکە لە ئەورووپادا (بۆ نموونە)، کە نزیکەی هەموو لایەک بەژن و پیاوەوە کار دەکەن، بواری ئەوەیان نییە باس لە ڕسواییەکانی مێینەی گەڕەک بکەن، ئەگەر هەبێ. لەوێ ڕۆژنامە هەن گرینگی بە ڕسوایی و سکەندالّ دەدەن. بە تایبەتی ڕسوایی کەسە ناودارەکانی نێو کۆمەڵ و ئەکتەرانی سینەما و گۆرانیبێژە ناسراوەکان و بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگیشەوە بڵاوی دەکەنەوە.

وەک ئەو دەنگۆیانەی بۆ هونەرمەندی ناسراوی جیهان "مایکل جاکسن" ساز دەدرێن. هێشتا دەنگۆیەک کۆن نەبووە یەکێکی تری بۆ ساز دەدرێت و لە ڕێی کەناڵەکانی پێوەندیی و گەیاندنەوە دەگاتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆوار و پێگە ئینتەرنێتییەکان و بەهەموو دنیادا، بەکوردستانیشەوە بڵاو دەبێتەوە. بەهۆی ناوداوی خودی هونەرمەندەوە خەڵکێکی زۆر دەبێتە خوێنەری ئەو پێگانەیش. وەلێ دوای تێپەڕینی ماوەیەک بەدیار دەکەوێت، کە سەرلەبەریان درۆ بوون. کەچی هەمیشە ڕەواجیشیان هەیە و خوێنەری زۆریان بۆ پەیدا دەبێ. هۆی سەرەکییش بۆ ناوداری جیهانیی هونەرمەندەکە دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەش پرسی دراوسێتی و ژنانی گەڕەگ بەو تۆخی و گرینگی پێدانە، زیاتر کولتوور و زاراوەگەلی ڕۆژهەلاتین. لەوێندەرێ، ئەوان بۆیان هەیە چەندین ساڵ، ماڵ بەماڵەوە، یان ماڵ لەسەر ماڵ دراوسێ بن، وەلێ بۆ تەنیا خولەکێکیش دەرگەی ماڵی یەکیان نەقلّیشاندبێتەوە. یان مەگەر بە ناوی سەر دەرگە و سەندووقی پۆستدا، دراوسێکان ناوی یەکتری بزانن.

ژن لە خۆرهەلاتی ناویندا، پتر دەنگوباسی گرانیی کالاکانی بازاڕ، وەک ڕۆن و برنج و شەکر و چایی، نەوت و گاز، کارەبا و

پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ماڵ و کۆرپەکانیان بەلاوە گرینگە. چونکە زیاتر ئەوان کاروباری ماڵ ڕادەپەڕێنن.، بۆیە ونبوونی شیری منداڵ لە بازاڕدا دەبێتە هەواڵێکی گرینگ لای کەیبانوی ماڵ. بەڵکو دەبێت بەخەمی یەکەمی و ڕەنگە لە هۆکارەکانیشی بپرسێت. دەنگۆیەکی لەم جۆرە وەک برووسکە لە نێوەندی ژناندا بڵاو دەبێتەوە. هەندێک هەواڵیش برێ جار دەچێتە خانەی قسەهێنان و بردنەوە.

وەلێ دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێت کە لەم سەردەمەدا ژمارەیەک ئافرەتی کورد هەن ڕۆڵی سیاسی دەگێڕن و پۆستی وەزیر و ئەندام پەرلەمانیان هەیە، بۆیە ئاساییە ئەگەر بەشی خۆیان ڕکابەرییان لە نێو ژنان و پیاوانیشدا بۆ پەیدا ببێت. بۆیە جاروبارە دەبیستین، یان دەبینین درۆ بێت یان ڕاست، دەنگۆیان لەدوو دروست کراوە. دیارە دەنگۆ نێر و مێی بۆ نییە. بەو مانایەی وەک چۆن دەنگۆ لە دژی وەزیرێکی پیاو بەرێ دەخرێ، دەشێ لە دووی وەزیرێکی ژنیش یان هەر ژنێکی تری دەستڕۆیشتوویش بەرێ بخرێ. ئەم دیاردەیەیش لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئیتر لەم هەرێمەدا ژنیش کارایە و کاربەدەست.

## دەنگۆ لە ڕاگەیاندنی فەرمیدا

بڵاوبوونەوەی دەنگۆ لە ڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی فەرمییەوە زیاتر دەبێتە جێی بڕوای خەڵک. چونکە بەرگی ڕاستی دەپۆشێت. وەک ئەو دەنگۆیەی حاڵی حازر، واتە نێوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ لەسەر زارانە. دەنگۆیەکە گەیشتووەتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و کۆوارەکان، گوایە جۆرە شیرێکی منداڵ لە بازاڕدایە، ژەهراوییە و دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرد لە گورچیلەی منداڵدا و دواتر کوشتنی

قـوربـانيـيـەكـە، لە زۆر وڵاتی دنیـادا بڵاو بووەتـەوە و گـەیشـتـووەتە عێراقیش.

جێی ئاماژە پێدانە هەواڵی بڵاوبوونەوەی دەرمانی مێژوو بەسەرچوو، یان مـاوەیەکی کـەمی مـابێت بۆ بەسـەرچوون. پیـسـبـوونی ئاوی خـواردنـەوە. یانژی لەوەش خـەتەرناکـتـر دەرمـانی بـە ڤـایرۆسـی ئایدز لەوتاو، لەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعسەوە، دەنگۆی بڵاوی نێو کۆمەڵانی خەڵکی عێراقە.. هۆیەکەیشی بە ڕادەی یەکەم بۆ ئەو گەندەڵییە بەربڵاوە دەگەڕێتەوە کە جومگەکانی دەوڵەتی لە بەغدا گرتووەتەوە. هەروەها بۆ ناسەقامگیریی باری ئاسایش و پاشاگەردانی لەو وڵاتە دەگەڕێتەوە.

بەسـەرێکی تر نەبووە بەباو خـەڵک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ واتەوات بکەن. هاووڵاتی هەرکـە گـوێی لە دەنگۆ بوو، ئیـتـر پێی وایە ئەگەر سەد دەرسەدیش ڕاست نەبێ ئەوا هەر نەبێت شتێک لە ڕاستیی تێدایە.

دوای ئەوەیش ڕەنگە ئەوە ئەرکی ڕۆژنامەکان، یان دەزگای تایبەت و یاسـایی بێت بەشـوێنداچوون بۆ دەنگۆ بکەن، نەک هاووڵاتی ئاسـایی. چونکە هاووڵاتی ئاسـایی کـاری وەهای بۆ جـێـبـەجێ نابێت، بەڵکو لەوانەیە بەو خۆتێهەڵقورتاندنە خۆیشی تووشی کێشە و لێپرسینەوە بکات. تاکی تەنیـابـاڵ، چلۆن بزانێت داخـۆ ڕاسـتـە یان درۆ، کـاتێک دەبیـستێت فڵانە کاربەدەست، فڵانە گـەندەڵیی لێ دەرکـەوتووە؟ وەلێ بەسـەرێکی تر هاووڵاتی لە گـواستـنەوەی دەنگۆدا تـووشی لێپرسینەوە نابن، وەک هەندێ لە ڕۆژنامـەنووس و هـەواڵنێـرەکـان برێک جـار لە سۆنگەی گواستنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیانەوە تووش دەبن.

## دەنگۆ، شڵەقاندنی گۆمی وەستاوە

مەبەست لە دەنگۆ بازاڕگەرمی هەواڵ و شڵەقاندنی گۆمێکی ڕاوەستاوە. خەڵکی بێکار بۆ ماوەیەک پێوەی سەرگەرم دەبن. وەلێ هەر دەنگۆیەکیش تەمەنی خۆی هەیە. سەرەتا لە هەڵکشاندایە تاکو بە تەواوی دەتەنێتەوە؛ پاشان وردە وردە کز دەبێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕاست و دروستی دەنگۆیەکە یان پێچەوانەکەی بەدیارکەوت.

کاتێ تۆ دەنگۆیەک بەڕاست وەردەگری و لەلات دەبێتە حەقیقەت، ئیتر خۆت دەبیتە پەیک بۆ گواستنەوەی، مانای وایە تۆش لەلای خۆتەوە چوویتە پاڵ ئەو کەسانەی کە لە بنەڕەتدا خاوەنی دەنگۆیەکە بوون و بەڕێیان کردووە. وەلێ ئەوان بەنیاز و مەرامێکی تایبەت بەخۆیان ئەو دەنگۆیەیان ساز داوە و مەبەستێک، یاخۆ چەند مەبەستێکیان لە پشت ئەو واتەواتەوە هەڵچنیوە کە ڕەنگە بەلای تۆوە شتێکی ئەوتۆ نەبێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تۆ کۆمەکیان پێ دەکەیت. ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامانجی ئەوانەدایت کە لە پشت سازدانی دەنگۆیەکەوەن.

«دەیان کیلۆ زێڕ لە سەربازگەی خالیدا "معسکر خالد" لە کەرکووک حەشاردراوە!» ئەمە دەنگۆیەکی سەردەمی ڕاپەرینی ١٩٩١ بوو.. پێمیم لە سەروبەندی گەمارۆدانی سەربازگەی خالیدا بڵاوی کردەوە. مەبەستیش لە پشت ئەم دەنگۆیەوە دیارە. بەنیازی تەماحی زێڕ نانەبەر جەماوەر و پێشمەرگەیە و بەو مەبەستە چێ کراوە تاکو هێزە چەکدارە ڕاپەڕیوەکان، لە کۆڵ ئەو سەربازگەیە نەبنەوە هەتا دەیگرن. لە ڕاستیشدا ئەم دەنگۆیە جێی گومانە. زێڕ لە نێو لە سەربازگەدا چی دەکات؟ وەلێ زۆرن ئەوانەی بڕوایشی پێ دەکەن و هەوڵیشی بۆ دەدەن.

بەڵام تۆ سەرنجێک لەو سەردەمە بدە، بزانە چەند ناسک و یەکلاییکەرەوەیە! هەموو شاری کەرکووک رزگار کراوە ماوەتەوە سەر تەنیا ئەو سەربازگە نەفرەتییە گرینگە. دیارە دەنگۆی هەبوونی زێڕ مەبەستی سیاسی و سەربازیی لە پشتەوەیە. تاکو گوڕ و تین بەو شاڵاوە لە پەستاو یەک لەدووی یەکانەی پێمیم و جەماوەر بدات کە گەنمگردی لەسەر سەربازگەی ناوبراو بوو.

دوای خامۆشبوونی واتەواتە بەرێکراوەکەیش هیچی ئەوتۆ ڕوو نادات. خەڵکەکە کر دەبنەوە و گەرموگوڕی هەواڵەکە دادەمرکێتەوە و وەک کۆنە هەواڵی نێو ڕۆژنامەی لێ دێت. چی تر کەس لای لێ ناکاتەوە و باسیشی ناکات. دەنگۆیەکە بریتی بوو لە فێڵێک، یان وەهمێک بوو، تەمەنی بەسەرچوو، کوژایەوە. بەڵکو دوای ئەوە، خەڵک ئامادەییان تێدایە بۆ قۆستنەوەی دەنگۆی نوێ، لە بواری تردا.

## دەنگۆی تۆقێنەر

«بەچەکی کیمیاوی لە سلێمانی دەدرێت!»

دوو جاران ئەم دەنگۆیەم گوێ لێ بووە. هەردوو جارەکە خەڵکی تەواو بەجدی وەریان گرتبوو. بەتەواوی ورەیان بەردابوو. ئەو خەڵکە هیچ مالیجەیەکیشیان نەبوو. لە ڕاستیدا دەنگۆی وەها نەک هەر خەڵکی سلێمانی، بەڵکو ورە بە خەڵکی نیۆیۆرک و لەندەن و پاریسیش بەردەدات. بەتایبەت ئەگەر پاساوێک بۆ لێدان بەچەکی کیمیاویی لە ئارادا بێت و ڕژێمێکی وەک بەعس لەو وڵاتە فەرمانڕەوا بێت. بەڕاست ڕژێمێک هۆرەکانی باشوور و شاری هەڵەبجەی بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کردبێت بۆچی سلێمانییش بەهەمان چەک بۆردومان ناکات؟

یەکەم جار لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراقدا لەگەڵ وڵاتی ئێران، دەنگۆیەکە بڵاو بووەوە. کاتێ سوپای ئێران گەیشتبووە دەڤەری "شاربازێڕ" و لە ئیستگەکانی خۆیەوە وەک مژدەی سەرکەوتن بڵاویان دەکردەوە. ناوبەناویش تۆپخانەی ئێران نێو شاری سلێمانیی تۆپباران دەکرد. ئا لەو دەمەدا، ڕاگەیاندنەکانی ئێران بە دەنگێکی دڵێرەوە دەیانگوت: «هێزەکانمان تەنیا ١٨ کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورن.» واتە تەنیا زنجیرە چیای گۆیژەیان لە پێشدا مابوو بگەنە نێوەندی شار.

مەترسییەکە لەوەدابوو. ڕژێمی بەعس پێی قووت نەدەچوو شارێکی گرینگی وەک سلێمانی هەروا سووک و ئاسان بکەوێتە چنگ دوژمنەکەیەوە. بۆیە ئەگەر ئەرتەشی ئێران بگەیشتایەتە نێو شار، ئەوا دانیشتووانەکەیشی لەگەڵ سوپای ئێراندا خاشەبڕ دەکرد. وەک لە هەڵەبجەدا کردی، کاتێ کەوتە دەست پاسدار و سوپای ئێران. ڕژێمی عێراق هەر لە بناغەدا لە سلێمانی پڕ بوو. بەسەرێکی تر ڕژێم پێمیمی بەوە تاوانبار دەکرد کە بووەتە کەواسووری پێش لەشکری ئێران. ئەم تۆمەتە زیاتر خەڵکی شاری تووشی نیگەرانی کردبوو.

پێدەچوو خەڵک بڕوای تەواوی بەو دەنگۆیە هەبووبێت و لە بەرپرسە باڵاکانی ڕژێمەوە دەنگۆیەکە داکەوتبێت. بەڵام دواجار سوپای عیراق توانی بەرتەکی ئەو شاڵاوەی ئێران بداتەوە و هەتا سنوور دووری بخاتەوە. ئیتر بەم جۆرە، ئەم دەنگۆیەیش لە ئەفسوون بەتاڵ بووەوە و خەڵکەکەیش ئاهێکیان تێ هاتەوە.

بۆ جاری دووەمیش ڕاستەوخۆ بەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا دەنگۆی بۆردومانی سلێمانی بەچەکی کیمیاوی، بەنێو خەڵکدا تەنییەوە

و له هەموو ماڵێکدا ئامادەبوو. بەتایبەت چەند جارێک کۆپتەرەکانی ڕژێم له بەرزاییەکی زۆرەوە نزیک سلێمانی دەبوونەوە و دەگەڕانەوە. خەڵک دیسان کارەساتی هەڵەبجەیان وەبیر دەهاتەوە، کە تەنیا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو. ئەم دەنگۆیە بەنێو خەڵکدا وەک ئاگر و پووشوو بڵاو بووەوە. خەڵک دەیانگوت دەوڵەت دەستی لەم شارە شۆڕیوە، بۆیە کیمیابارانی دەکات. خەڵکێکی بەرچاویش دەمامکی دژە گازیان له ماڵی خۆیاندا بۆ تەنگانە هەڵگرتبوو، کە لە سەربازگەکانی ڕژێم دەستیان کەوتبوو. ئەو کەسەیشی دەستی نەکەوتبوو له بازاڕدا دەیکڕی. بەڵام هەمیشە پرسیاری گرینگ لەلای خەڵک ئەمە بوو: «ئەوا خۆمان دەمامکی دژەگازمان پۆشی ئەدی منداڵە شێرەخۆرەکانمان چی لێ بکەین؟»

ئەم پرسیارە لەخۆیدا مانای وابوو دەنگۆیەکە جدی و ترسناک بوو؛ ئەگەری ڕوودانی زۆر بوو. زیاتر ئەو دیاردەیە ورەی خەڵکی بەردابوو، کەسانێک بە دەمامکی دەستکرد و ساکارەوە، کە خۆیان لە خەڵووز و خوێ دروستیان کردبوو، بەنێو شاردا دەگەڕان. ئەمەش مانای وابوو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ئان و ساتدایە و هاکا ڕووی دا. لەو دەمەشدا دێهات نەمابوو تاکو خەڵک سەری پێوە بنێن و ڕووی تێ بکەن.

ڕەنگە ئەم دەنگۆیە، دەمگۆی پیاوانی ڕژێمیش بووبێت. یان ڕەنگە دروستکراوی ئەوانەش بووبێت کە ژمارەیەکی زۆر ماسکی دژەگازیان لە سەربازگەکاندا دەستکەوتبوو، لە پەیجۆری ساغکردنەوەیاندا بوون. وەلێ بە ڕزگارکردنی هەولێر و دهۆک و شار و شارەدێیەکانی تر، ئەگەری لێدای سلێمانیش وەک دەنگۆیەک کاڵ بووەوە و پاشان بەجارێک کپ بوو. هەر چۆنێک بێت دەنگۆ هەیە، تەواو ترسناکە و

درەنگ بیر دەچێتەوە، وەک دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە نێو شاری سلێمانیدا، کە دوو جاران هەڕەشەی تۆقێنەر بوو.

دەنگۆی چەکە کۆمەڵکوژەکانی عێراق «کیمیاوی و ئەتۆمی و بایۆلۆجی» هۆکاری سەرەکی بوو، دنەی ئەمریکای دا هەڵبکاتە سەر رژێمی بەعس لە عێراقدا و لە نیسانی ٢٠٠٣ دا بیڕووخێنێت. ئەگەرچی پشکێنەرانی پسپۆڕ لە بواری چەکی کۆکوژدا، کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوون و لەلایەن "کوفی ئەنان"ی سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەوە بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان کرابوون، وەک: پشکێنەران "سکۆت ڕیترز و هانس بلێکس"، لەسەروو ئەمانیشەوە "محەمەد ئەلبەرادعی"، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر هەبوونی چەکی کۆکوژ لە عێراقدا چنگ نەکەوتبوو. خودی سەرۆکی ئەوسای عێراقیش، لە تەواوی وتارەکانیدا جەختی لەسەر دەکردەوە، کە ئەوان خۆیان تەواوی چەکە کۆکوژەکانیان لە نێو بردووە. سەدام زوو زوو دەیوتەوە: «العراق خال من اسلحة الدمار الشامل!، عێراق چەکی کۆکوژی تێدا نییە!»

بەڵام ئەم دەنگۆیە ئەوەندە زاڵ بوو، بێ بڕوایی و ترس و دڵەڕاوکێیەکی ئەوتۆی چاندبوو، هیچ کوردێک باوەڕی بەم قسەیەی سەدام نەبوو. هەروەک پێدەچوو هیچ ئەوروپایی یان ئەمریکاییەکیش باوەڕی پێی نەبووبێت. وەلێ دوای چەندین ساڵ لە جەنگ و ڕووخانی رژێمی بەعس ئەوجا بەدیارکەوت، کە ئەو دەنگۆیەی دژی رژێمی بەعس بەڕێ کرابوو درۆ بوو. لێرەدا بەئاشکرا دیارە، چۆن "دەنگۆی درۆ" بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ڕووخاندنی رژێمی بەعس. وا دیارە دەنگۆی چەکە کۆکوژەکانی سەدام، هەر ئێمەی کوردی نەتۆقاندبوو بەڵکو ترسی نابووە دڵی سەرانی ئەوروپا و ئەمریکایشەوە.

## دەنگۆ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا

بەدرێژاییی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥) دەنگۆیەک، هەر جارە لە فۆرمێکدا، بەڵام بەهەمان ناوەڕۆک دژی شۆڕش بڵاو دەبووەوە. دەنگۆیەکە سەرکردەی شۆڕشی کردبووە ئامانج. بەپەلە دەگەیشتە ڕادیۆ ناسراوەکانی دنیا وەک "بی بی سی" و "مۆنتکارلۆ". دەنگۆیەکە ڕای دەگەیاند گوایە سەرۆک "مستەفا بارزانی"ی ڕابەری شۆڕش، لە فڵانە جەنگ و بەرەو ڕووبوونەوەدا پێکراوە و گیانی لەدەست داوە. یان فڕۆکەکانمان توانیویانە شوێنی حەوانەوەی بدۆزنەوە و بۆردومانی بکەن و لە ئەنجامیشدا گیانی لەدەست داوە. ئەم دەنگۆیە چەندین جار لە سەردەمی دەستەڵاتی عەبدولکەریم قاسم و عارفەکان و بەعسیشدا بەڕێ کرابوو.

دیارە کە سەرچاوەی ئەم دەنگۆیە، دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمە لەدووی یەکەکانی عێراق بووە. ئەوان پێیان وابوو بە ونبوونی کەسێتی مستەفا بارزانی ئیتر شۆڕش تووشی سەرگەردانی دەبێت. بەم دەنگۆیەش تۆوی بێ بڕوایی و دڵەڕاوکێ لە نێو هێزی پێشمەرگەدا لە چیا بەتایبەتی و لە نێو جەماوەردا بەگشتی دەچێنێ. وەلێ هەموو جارێک، زۆری نەدەخایاند، لێدوانێکی خودی بارزانی بۆ هێزی پێشمەرگە یان بۆ ڕۆژنامەوانێکی بیانی، ئەم دەنگۆیەی پووچ دەکردەوە و دەیهێنایەوە سەر سفر.

ئەم دەنگۆیە ئەوەندە دووبارە بووبووەوە، کاریگەری لەدەست دابوو. هەموو جارێکیش دوای بەدرۆخستنەوەی واتەواتەکە، بێ ئەرزشی ڕژێمەکان و بێدەستەڵاتیی ئەوانی لە ئاستی شۆڕشدا بەدیار دەخست.

پێمیم و جەماوەریشی لەو نیگەرانییە دەردەهێنا. بەم شێوەیە هەموو جارێک ئەم دەنگۆیە بەچاکەی خودی بارزانی و شۆڕش دەشکایەوە. ئەم دەنگۆیە ئەوەی دەسەلماند کە ڕاگەیاندنی ڕژێمە یەک لەدووی یەکەکانی عێراق درۆزنن و هیچ زانیارییەکی ڕاستییان لەسەر شۆڕش و سەرکردەکەی لەلا نییە. خودی "بارزانی"شیان بۆ ئاستی کەسێکی ئەفسانەیی بەرز دەکردەوە. کەسێک چەندین جار لەبەین براوە، کەچی هێشتا هەر زیندووە. کەسێک فێڵ و فەرزینی دەوڵەت لە هەقی نایەت.

## دەنگۆی بەتاڵکردنەوەی دە دیناری و پێنج دیناریی چاپی سویسرا

دوای جەنگی کەنداو و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕژێمی عێراق تووشی تەنگژەیەکی قورسی ئابووری هات. ناچار ما، بەبێ بنەما، لەلای خۆیەوە بەلێشاو پارە چاپ بکات. وەلێ لە نێو کوردستاندا بەم پارەیە دەورترا چاپی بەغدا، یان "تەزویر، قەڵب" و مامەڵەی ڕۆژانەی پێ ڕایی نەدەکرا. لەوێوە بەرەبەرە زۆربەی پارەی چاپی سویسرا لە کوردستان کەڵەکە بوو. ئیتر ئەو پارەیە بوو بەدراوی فەرمیی هەرێم. بەتایبەتی جۆری بیست و پێنج دیناری کە "گەورەترین دراوی کاغەزین"ی عێراق بوو. وەلێ دەوڵەت بە بڕیارێکی لە ناکاو کە کەسێک لە کوردستاندا حسابی بۆ نەکردبوو بیست و پێنج دیناریی چاپی سویسرای لە بەها پووچ کردەوە. بەم بڕیارەشی گورزێکی کوشندەی لە ئابووری و دراوی کوردستان وەشاند. لێرەوە بەدەیان بازرگانی قورس کە بەکارتۆن لەم پارەیەیان هەبوو، لە هەناسەیەکدا دەستمایەکانیان بوو بەکاغەزی ڕووت. ماکی ئەو گورزە تا ئێستاش بەئابووریی هەرێمەوە دیارە و زۆر بازرگانی قەبەی مایەپووچ کرد.

ئیتر لەو ساتەوەختە بەدواوە مامەڵەی دانیشتووانی هەرێم، پشتی بەدراوی دە دیناری و پێنج دیناری چاپی سویسرا دەبەست. بەڵام هەردەم دەنگۆیەک لە ئارادا بوو، گوایە ڕژێم بەبڕیارێک ئەم دوو جۆرە دراوە کاغەزییەش لە بەها بەتاڵ دەکاتەوە. بەتایبەتی بڕیارێکی لەو جۆرە، بۆ خەڵکی ژێر باڵی خۆی لە نێوەڕاست و باشوور، کارێکی زۆر ئاسایی بوو، چونکە لەمێژبوو لە بازاڕەکاندا مامەڵەیان پێ نەدەکرا.

دەنگۆی بەتاڵکردنەوەی دەیی و پێنج دیناریی چاپی سویسرا هەتا ڕووخانی سەدام هەر لە ئارادا بوو. ڕەنگە ئەمە بەتەمەنترین دەنگۆیەکی ئابووری بووبێت دووچاری گەلی کوردستان لە باشوور بووبێت و لە ناخەوە تەواوی ئەو خەڵکەی تووشی دڵەڕاوکێ کردبێت. بێگومان پاڵنەری ئابووری دژ بەهەرێم، لەودیو ئەم دەگۆیەوە بوو. ئەوانەی مامەڵەی بازرگانییان دەکرد، هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوون هەرچی زووە، کاڵاکانیان بەم دوو دراوە ساغ بکەنەوە. ئەوجا دەیی و پێنجییەکانیان بە "دۆلار" بگۆڕنەوە، تاکو فریا بکەون جارێکی تر مامەڵەی پێ بکەن.

دەنگۆیەکە نیازێکی ترسناکی لە پشتەوە بوو. دەیویست لە هەناسەیەکدا ئایەومایەی هەرێم بێ بایەخ بکات و کەس ئومێدی بەدەستەڵاتی سیاسی و ئابووریی هەرێم نەمێنێت. دەکرێ بڵێین، دەنگۆیەکی سیاسی و ئابووریی بوو. بە هەرێمی کوردستانی دەگوت: «ئێوە ئابووریتان لەسەر بۆش بنیات نراوە. هەردەمێک ئارەزوومان لێ بێت، بە بڕیارێک مایەپووچتان دەکەین!»

دەنگۆی لەم جۆرە، لە وڵاتی "الف لیلة ولیلة"دا ڕێی تێدەچێت و ئەگەری ڕوودانیشی زۆرە. دەوڵەتێک پێشتر دراوی بیست و پێنج دیناریی خۆی

بەتاڵ کردبێتەوە، ئەوا پرکێشی ئەوەیش دەکات دەیی و پێنجیش بەتاڵ بکاتەوە. ڕەنگە تاکە خاڵێک، دەوڵەتی نێوەندی کۆی لێ کردبێتەوە ئەوە بووبێت، بە پووچکرنەوەی ئەو دوو جۆرە پارەیە، ئیتر هیچ پێوەندییەکی ئابووریی بە کوردستانەوە نایبەستێتەوە. بۆیە هاویشتنی هەنگاوی لەو جۆرە، ڕەنگە هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی سیاسی پاڵ بدات و بەتەواوی لە عێراقی داببڕێت.

دیارە ئەم واتەواتە لە دەرەوەی هەرێمەوە فۆرمەلە کرابوو. وەکوتر هەمووانی دەگرتەوە. پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە بژێویی خەڵکەوە هەبوو. هەرەسی ئابووری لە دوا بوو. گوشارێکی ڕاستەوخۆی بەهەژموونیش بوو، بۆ سەر دەزگا پێوەندیدارەکانی نێو هەرێم. چونکە لەو هەلومەرجەدا ئەوان نەیاندەتوانی، بەدەر لە دیناری "چاپی بەغدا" کە ئەرزشێکی نەبوو، ئەلتەرناتیڤێک بۆ دیناری سویسرایی بدۆزنەوە. ئەم دەنگۆیە ئاسۆیەکی تاریک و ناسەقامگیری ئابووری و دەروونی لەلای هەمووان چێ کردبوو.

ئەوی ڕاستی بێت، ئەو چەند ساڵەی بەر لە ڕووخاندنی ڕژێم، سەبارەت چێکردن و ناردنی دەنگۆ بەرەو هەرێمی کوردستان، کەش و ژینگەیەکی لەبار بوو. هێشتا واتەواتێک دانەمرکابوو یەکێکی تری دەهاتە بان. وەک دەنگۆێ «ئەو کوردەی، لە کوردستانی ئازادەوە هامشۆی عێراقی ژێر دەستەڵاتی ڕژێم بکات، لە خاڵەکانی پشکنین دەرزیی گومان لێکراوی لێ دەدەن!»

ئەم دەنگۆیە ڕووی دەمی لە عێراقە. واتەواتیش هەبوو ڕووی دەمی لە ئێران بوو کە دەروویەکی زۆر گرینگە و کوردستانی بەدنیاوە دەبەستەوە. دەنگۆیەکە ئاوا بوو: «منداڵ دەفڕێنن، گورچیلەی دەردەهێنن

و بۆ "ئێـران"ی دەبەن!» ئەم دەنگۆیە ترس و دڵەڕاوکـێی نابووە نێـو دڵی تەواوی دانیـشتـووانەوە. چونکە لە کـوردسـتـان نزیکەی هەمـوو خێزانێک منـداڵداره. جــێـی وتنـە لەو ســـەردەمـــەدا، خـــەڵکی نـەدار هەبـوون، لە سۆنگەی بێ دەرامەتییـانەوە تاکێ لە گورچیلەی خۆیان دەفرۆشت. ئەم هەواڵەیـان ڕۆژنامـەکـانیـش دەیانوروژاند و پشـتـڕاسـتـیـان دەکـرد. تۆ سـەرنج بدە هەمـوو دەنگۆکـان "ناشـاد" بوون. هەمـوویان ورەی خـەڵکیـان دەڕووخـاند و دڵەڕاوکێیـان دەنایەوە. نائارامی کۆمـەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەم هەرێمەیان بە ئامانج گرتبوو.

## دوو دەنگۆی شـاد و هیوابەخش

دەنگۆ بەزۆری نـاشـادە و دڵەڕاوکێ لـە نێـو خـەڵکدا بڵاو دەکـاتەوە. بە درێژاییی مـاوەی دوای ڕاپەڕین، تاکە دەنگۆیەکی شـاد، کە لە نێو خـۆدا چێ کـرابێت و بێـتـەوە یادم ئەوەبوو کـە خـودی پارێزگـاری سـلێـمـانی ڕێزدار (...) بۆ خـۆی بڵاوی کـردەوە و ڕووی دەمـیـشـی لـە هاووڵاتیـانی پارێزگەی سـلێـمـانی بوو. ئەمـە دەقـەکەی بوو: «ئەو دارەی کـڕیوتانە بۆ زسـتـــان، هەڵی بگـرن ئاگـری نەورۆزی پێ بکەنەوە. ئەمـــســـاڵ هەمـــوو خێزانێک نەوتی تەواو وەردەگرێت.»

جێی باسە کێشـەی سـووتەمـەنی هەمیشـە بۆ خەڵکی کوردسـتان کە بەزۆری نەدارن، بارگرانی بووە. بەتایبەتـی دوای ڕاپەڕین. ئەم هەواڵەی پارێزگـــاریش بـۆ ئەو خــــەڵکە دڵخـــۆشکـەر بوو. بـەڵام وەهـا دەرنـەچوو. ئەمیشیان هەر بە ناشاد شکایەوە.

ئەو سـاڵە خـەڵکی بەهیوای نەوتی جـەنابی پارێزگار مشـووری نەوتیان نەخـــوارد. کـەچی بەڵێنەکـەی جـەنابی پارێزگـاریش ڕاست دەرنەچوو.

سـەرنج بدە لێـرەدا دەسـەڵات بـۆ خـۆی دەنگـۆی نـاڕاست بڵاو دەكـاتەوە. وەلێ خـەڵک تەواو بڕوایـان بەم گـفت و پەیمانەكـەی پارێزگـار هێنابوو. بەتایبەی ئەو بەكەسێكی ڕاستگۆ ناوی دەرچووبوو.

ئەوی ڕاسـتی بێت لەم سـاڵانەی دواییـدا، واتە دوای كـەوتنی ڕژێمی بەعس. گـۆڕانكاری بەسـەر ناوەڕۆكی دەنگۆیشـدا هات. بـەڵام دەنگۆی هیـوابەخش پتر لەلایـەن دەزگاكانـی دەوڵەتەوە بەڕێ دەكرێ. مـەبەست پێی كـەمكردنـەوەی خــەم، یان ڕەواندنـەوەی قــینی وورووژاوی خــەڵكە بەرانبـەر بارودۆخێكی گرژ و نـاجـۆر، وەک ئاژاوەی ناوەخـۆ یان گرانی. بۆ ئەوەی ئـەو جـەمـاوەرە ئومـێـدبڕاوە، جـارێكی تر هیـوا بەئایندە و بە بارودۆخەكە پەیدا بكەن و چی تر پرزەلێبڕاو و دەستەوئەژنۆ  دانەنیشن.

لە داروودەسـتـەی "پۆڵ بریمەر"ەوە كـە حـاكمی عێـراقی دوای هـەرەسی ڕژێمـی بەعس بوو. دەنـگۆیەكی شــادی بـەخش بڵاو بووەوە. دەنـگۆیەكـە دەیگوت: «هـەر عێراقییەک مانگانە بڕە مووچەیەكی بەردەوامی لە پارەی نەوت دەدرێتێ.» ڕەنگە بەو نیـازە ئەم دەنگۆیەیان هەڵكولاندبێت، تـاكـو خـەڵک وەها سـەیری سوپای ئەمریكا بكەن كە پێوقـەدەمـیان بە خـێرە. پێچـەوانەی ڕژێمی بەعس، ئەمـان خۆشگوزەرانییـان بۆ عێراق هێناوە. بەڵام ئەمەشیان هـەر دەنگۆیەكی درۆ دەرچوو.

## كاریگەریی دەنگۆ لەسەر كەسێتیی تاک

لە ئێسـتای كوردسـتـاندا دەكرێ زۆرینەی واتەواتەكانی نێو كۆمەڵ لە سێ تەوەردا چڕ بكەینەوە:

ڕسوایی ماڵی

ڕسوایی ئەخلاقی

نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا

شتێکی ڕوونە، کە ئەو دەنگۆیانەی لای سەرەوە هەرسێکیان نەرێنین. دەنگۆی لە بابەتی یەکەم و دووەم، زیانی مەعنەوی ئەوتۆ بە کۆمەڵگە ناگەیەنێ. چونکە دەنگۆسازکردن لە دژی فەرمانبەرانی گەندەڵ و کەسانی داوێنپیس، لە خۆیدا دەبێتە چەکێکی کاریگەر لە دژی ئەو جۆرە کەسانە و بەرەو بیرکردنەوە و بەخۆدا چوونەوەیان دەبات. هەموو ئەوانەیش چاوترسێن دەکات کە لە ئاستی پارە و سێکسدا بێهێزن. ئەمە ئەگەر دەنگۆیەکە ڕاست دەرچوو. خۆ ئەگەر دەنگۆیەکە درۆش دەرچوو، ئەوا هیچ لە ناووداوی کەسی دەنگۆ لە دژ سازدراو کەم نابێتەوە و ئۆرتیشی لە نێو کۆمەڵدا دانابەزێ. بەڵکو بۆ جەماوەری خەڵک دەسەلمێت کە ئەو زاتە درۆ و بوختانی بۆ هەڵبەستراوە. لە دۆخی وەهاشدا ڕسواییەکە بەنسیبی ئەو کەس و گرووپە دەبێت کە بەناهەق دەنگۆی درۆی ساز داوە. ئەوەیش بزانە هەندێک دەنگۆ هەیە، بەمەبەستی خۆڵکردنە چاوی جەماوەر ساز دەدرێن، تاکو ڕاستییەکان بەڕوونی نەبینن و سەرنجیان بەلای بابەت و کێشەی تردا بەرن. وەلێ گومانی تێدا نییە کە دزی و فزی، یان ڕسوایی ماڵی، زیانی مەزن بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێت و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەگشتی باجەکەی دەدەن.

ڕوونبوونەوەی حەقیقەتی دەنگۆیش بە کاتەوە پێوەستە و لە کۆتاییدا هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر هاتو واتەواتە سازکراوەکە دژی هەر کەسێتییەکی نێو کۆمەڵ، جا سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان ڕووناکبیری بێت، بەڕاست گەڕا، ئەوا ئەو کەسێتییە کەوتووەتە بەر نەفرینی ڕای گشتی و گەرەکە یاسای وڵات لێی بپێچێتەوە. پێویستە

لەو پۆستە گرینگەش هەڵبکەندرێت، کە بەناهەق گرتوویەتییە دەست. لە تەواوی سەرپشکایەتی و دەستەڵاتەکانیشی ڕووت بکرێتەوە، تاکو ببێتە پەند بۆ خەڵک. کەوابوو بەرێکردنی دەنگۆی ڕسوایی ماڵی و ڕسوایی ئەخلاقی دواجار بەسوودی کۆمەڵ تەواو دەبن. لە هەمان کاتدا، دەنگۆ چەکێکی کاریگەریشە بۆ پرینگانەوەی ئەوانەی لە ناخی خۆیاندا کلۆرن و سەریان لە خیانەت و ساختەکاری دەخورێت.

بەپێی ڕای کابفیریر بێت لەمەڕ دەنگۆ، ئەگەر هاتو ڕۆژێک لە ڕۆژان بیستمان فلانە پیاوچاک و خێرەومەند، بەنیازە لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەکی هەژدە پۆلی بنیات بنێت، ئەمە بە واتەوات نایەتە ژماردن. چونکە ئەو مرۆڤە کارێکی تەواو ئاسایی کردووە. مادام ئەو کابرایە بە مرۆڤێکی خێرەومەند ناوی ڕۆیشتووە، ئەوا چاوەڕوانی ئەم کارە خێرەیشی لێ دەکرێ. یاخۆ ئەگەر بیستمان، فلانە "موستەشار، جاش" دیسان لە ژێرەوە، پێوەندیی بە حکوومەتی نێوەندییەوە گرێداوەتەوە؛ ئەمەیشیان هەر دەنگۆ نییە. چونکە ئەم کەسە ناموبارەکە پێشتریش هەر "جاش" بووە. ئەوەشی جارێک خیانەت لە میللەتی خۆی بکات، دوو جارانیش دەیکات.

بەڵام ئەگەر بیستمان فلانە کەسێتیی پایەبڵندی بەسەرڕاست ناسراوی جێی بڕوای خەڵک و ڕابردوو پاک، بەرتیلی لە کۆمپانیایەکی بیانی وەرگرتووە، ئەمەیان دەنگۆیە. چونکە جێی سەرنج و واق ورمانە. چونکە خەڵک بەگشتی ئاکاری وەهایان لێ چاوەڕوان نەکردووە. یان ئەگەر خوانەخواستە بیستمان، فلانە حاجیمەلا"، یاخۆ فلانە "کەسێتی ئاینی" لەگەڵ سۆزانییەکی خەڵکی ئەو خوارانەدا بینراوە، ئەمەیان واتەواتێکە وەک تۆپ دەنگ دەداتەوە. بەماوەیەکی کورت «دەبێتە

بنێشتەخۆشەی ژێر ددانی خەڵک» و درەنگیش دەرەوێتەوە. کابفیریر لە کتێبەکەی خۆیدا نووسیویەتی: «دەتوانرێ بوترێت کە دەنگۆی نەرێنی لە نۆژەن، ئاستی یەکێتی کۆمەڵایەتی هەرەشەلێکراو بەرز دەکاتەوە... الشائعات، ل ١٦٠»

## لە نێوان دەنگۆ و هەواڵدا

لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا، "مولازم موحسین" ناوێک لە شاری سلێمانیدا، بەنامێ بوو. ئەو ئەفسەرێک بوو، وەک دەڵێن «فووی لە دۆ نەدەکرد» ئەفسەرێکی پیاوکوژ بوو، دەوڵەت بۆ چاوشکاندنی لاوانی ئەم شارە دای نابوو. بە رێکەوت نزیک بە سەرای سلێمانی بە بەرچاوی خۆمەوە لاوێکی دایە بەر دەمانچە و کوشتی. لاوەکە لەو گوزەرەدا شاگردی سەموونخانە بوو. مولازم موحسین لێکدا لێکدا تەقەی لێ دەکرد و هاوکات جمێنی سووکیشی بە پیرۆزییەکانی شاری سلێمانی دەدا. تا تەواو ئەو لاوە ساردبووەوە هامشۆی لەو راستە شەقامەدا کە لەسەراوە بەرەو "تووی مەلیک" درێژ دەبێتەوە وەستاند. کاتێ لاوەکە گیانی سپارد و شەهید بوو، مولازم موحسین خۆی دەمانچەیەکی خستە بەر پشتوێنی لاوەکە، تاکو بەخەڵک بڵێت: «من پێشمەرگەیەکم کوشتووە!»

ئا لەو سەردەمەدا هەواڵێک لە نێو شاردا بڵاو بوو، گوایە "ئاسۆی دەلاک" کە پێشمەرگەیەکی ئازای شاری سلێمانی بوو "دواتر شەهید بوو"، رێی دەکەوێتە چێشتخانەیەکی شار و لەو دەمەدا "مولازم موحسین"یش لەوێ نان دەخوات. ئاسۆی دەلاک، خۆی لێڵ ناکات. دوای ئەوەی لە نان خواردن دەبێتەوە، ئاسایی هەڵدەسێت، پارەی نانەکەی

ئەویش دەدات و دەڕوات.

ســـەرنج لە مـــانا و ناوەرۆکـی ئەم دەنگۆیە بدە. ئەم دەنگۆیە کــە لەو دەمەدا جێی بڕوای زۆرینەی خەڵک بوو. مانای وایە ئاسۆ کەسێکە وەک دەڵێن «کون لە جـەرگیدا نییە» پێشـتر کـاری پێشمـەرگانەی وەهـای لێ وەشـاوەتەوە کە لە ئەفسانە چووە. بۆیە خـەڵک زۆر ئاسایـی بەمەشـیـان بڕوا دەکـەن. چونکە ڕەنگە لەچاو ئەو کـارانەی پێـشـووتری ئاسـۆدا، ئەمــەیان شـتـێکی ئەوتۆ خـەتەرناک نـەبێت. وەلێ ناوەڕۆکی ئـەم هـەواڵە، نامـەیەکی بۆ مولازم مـوحسـین تێدایە دەڵـێ: «تۆ هیچت بەرامـبـەر پێمـیم پێ ناکرێ، ئەوەتا من بێ باکانە، لە نێو جەرگەی شـاردا دەگەڕێم، ئەدی تۆ لە کوێی؟»

کـەواتە ئەمــەیان دەنگۆ نیـیـە، چونکە چ ئاســۆ و، چ پێـشــمــەرگـە بەگشـتی، کـاری لەم جـۆرەیان لێ چاوەڕوان دەکـرێت و کـردووشـیـانە. وەلێ بڵاوبوونەوەی هـەواڵی وەها، بەچاکەی خەڵک دەشکێتەوە. چونکە لە هـەلومــەرجـێکی وەها ناسکدا ورەی خـــەڵک بەرز دەکــاتەوە و بڕوایان بەهێزی پێشمـەرگە هەڵدەکشێت.

لە پەنجایەکـانی سەدەی ڕابوردوویشدا، گرووپێکی خـورتی جەربەزەی لە ڕژێمی پاشـایەتی یاخی، بەسـەرۆکایەتی "خـولە پیزە"، بەچیاوە بوون. ئەوان بەزۆری لە دەڤەری شـاربـاژێڕ خـۆیان قایم کردبوو. ئەم باندە لەلای خـەڵک خـۆشـەویست بوون. ئەوان زیـاتر وەزەنیـان بـۆ پۆلیس و پیـاوانی دەوڵەت هـەبوو. بەردەوام لەلایەن حکوومــەتـی پاشـایەتیـشــەوە هێـزی پۆلیس و "غـەیرەنیـزام" یان دەکرایە سەر. وەلـێ لە چاوی خـەڵکدا ئەوان لە ڕادەبـەدەر کـردە و ئـازا بوون. هـەواڵێک وەک ئەوەی لەمــەڕ شــەهیـد ئاسـۆی دەلاک لەو دەمـەدا لە نێوەندە میـللییـەکەدا دەمـاودەمی دەکرد.

گـوایە بەنیـازی ڕاوەدوونانی ئەو گـرووپـە، هێـزێکی تـەیار لە پۆلیس و غـەیرەنیـزام ڕێیـان دەکەوێتـە گـوندێک. بـەڕێکەوت لەو گـوندەدا شـایی دەبێ. تومـەس خـولە پیزەیش لەوێیـە. وەلێ "کـاک مـەحـمـوود" خـۆی لێڵ ناکات. بەبێ چەک، وەک کەسێکی ئاسایی لە دەستی پۆلیسەکانەوە، لە گەڕی شاییدا دەست دەگرێت و هەڵدەپەڕێت، بێ ئەوە پێی بزانرێت.

ئەم هـەواڵە زارەکـــیـــە بـە وڵاتدا بـڵاو بووەوە، هـەمـــوو لایەکــیـش دەیانســەلماند، چونکە ئەوان پێـشتـر دەیانناسی و کـاری نەکـردەیان لێ دیبـوو. وەلێ دیسـان ئەم هـەواڵەش دەنگۆ نیـیـە، بەڵکو هەواڵێکە جەخت لەسـەر قـارەمـانێتی خولەپیزە و دەسـتـەکـەی دەکات. واتە بەچاکەی ئەو دەســتـــەیە دەشـکێــتـــەوە و لە تـوانا و ئۆرتی دەوڵـەتی پـاشـــایەتـیش دادەشکێنێت. چونکە حکوومەتێک بەدەست گرووپێک چەکدارەوە گیرۆدە بووە کە ژمـارەیان نەدەگەیشـتـە بیست کـەس. بەدەر لە چەکی سـووک و پڕکێشیی خۆیان و سۆزی خەڵک، هیچی تریان گومان نەدەبرد.

### دەنگۆیش لە گۆڕاندایە

زۆر جـار واتـەوات وەک خـۆی، چۆن سـەرەتـا بۆ نێـو جەنگەی جـەمـاوەر بەڕێ کـراوە، ئاوا دەقـاودەق ناگـاتە جێـی مـەبەست. بـەڵکو دوای ئەوەی بەسـەر سـەدان زار و سـەدان مگێزدا تێ دەپەڕێت، گەلێک شـاخ و گـوێی بۆ زیاد دەکـرێت. یان وەک دەڵێن: «پێـوەی دەنرێت، یان ترش و خــوێی پێوە دەکرێت!» یان لەوانەیشە هەندێکی لێ بقرتێنرێت.

ئەگـەر هەواڵەکـە پێـوەندی بە جـەنگ و ژمـارەی کوژراو و بریندارەوە هـەبێت، ئەوا وەک لـە نێــو توێژی ڕووناکـبـیـردا باوە، هـەر بۆ نواندنی زێدەڕۆیی دەڵێن: بەدەم ڕێوە هـەتا دەگـاتە شـار چەند سـفرێکی بۆ زیاد

دەکەن. واتە ئەگەر دەنگۆیەکە باس لە زامداربوونی (دە) کەس بکات، ئەوا هەتا دەگاتە شار دەبێت بە (سەد) کەس. بەڵام کابفیریر پێی وایە کە «ئەو وردەکاری و شاخ و گوێ بۆ زیادکردنە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە بیستەران لە ناخدا بڕوایان بە دەنگۆیەکە هەیە... الشائعات، ل ١٦٧»

هەندێ واتەوات هەن، ئامانجی لێڵ و نادیاریان لە پشتەوەیە. واتە دەنگۆساز، یان دەنگۆسازان مەبەستیان ڕوون نییە و بیستەر بە ئاسانی پەی بەنیازی شاراوەیان نابات. چونکە دەنگۆیەکە ناڕاستەوخۆیە و ڕووی دەمی لە کەسێکی دیاریکراو نییە، بۆیە واتەواتی لەم جۆرە شرۆڤەی پتری گەرەکە، تاکو گوێدێر بتوانێت لەو نیازەی لە پشتییەوە خۆی داشاردووە تێ بگات. ئەم جۆرە دەنگۆیەش لقوپۆی پتری لێ دەبێتەوە. ڕەنگە بەو نیازە بێت تاکو خەڵکی بگەنە مەبەستی ڕاست و دروستی دەنگۆیەکە.

لەلایەکی ترەوە، دەنگۆی ئەم سەردەمەیش لەچاو پەنجا ساڵێک لەمەوبەردا گەلێک جیاوازە. چونکە ئەو دەنگۆیەی ئەمڕۆ بڵاو دەبێتەوە، بۆی هەیە هەر ئەمڕۆ سنووری ئەم وڵاتە ببڕێت و ببێتە جیهانی. لەم ڕووەوە، خالد محمود عەبدوللەتیف نووسیویەتی: «بە گەشەسەندنی سەردەمەکان دەنگۆش گەشەی سەندووە. ئەم سەدەیە بۆ ڕەواجی دەنگۆ ڕووخێنەرەکان سەدەی زێڕینە، ئەمەش لە سۆنگەی زۆربوونی هۆیەکانی گەیاندنەوەیە کە دنیایان کردووەتە تاکە گوندێکی گەردوونی. دەنگۆکان هێند ناجۆرن، دۆخەکە زیاتر لە دۆخی تیرۆری دەروونی دەچێت و وورەی خەڵک دادەبەزێنێت.. الشرق، العدد،١٥-١٢-٢٠٠٨»

## دەنگۆ و ڕای گشتی

ئەگەر ئێمە بتوانین تەواوی ئەو دەنگۆیانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئەمـــڕۆ بەنێـو جـەمـــاوەردا بڵاوبوونەتەوە، کـۆ بکەینـەوە و لە لایەنە سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکۆڵینەوە، ئەوا بە ئاسانی لە ناخی تاکی کورد نزیک دەبینەوە و تێ دەگەین تاکەکان چییان لە دەوروبەر و لە حکوومەت دەوێت و چلۆنیش بیر دەکەنەوە. ئاوات و خۆزگەیان چییە. دەتوانین بگەینە ئەو هۆکـارانەشی وا نیگەرانی کـردوون و خـــەوی لێ زڕاندوون. ئەو حـەلە دەکـرێ بیـریش لە چارەســەری کـێـشــەکـانیـان بکرێتەوە.

زۆرێک لەو واتەواتەی نێو کۆمەڵانی خەڵک خۆسەریی چێ کراون و پێشوەختە ڕەنگیان بۆ نەڕێژراوە. بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ناخی خەڵکەوە سەریان هەڵداوە و داکەوتوون. کەواتە گوزارشت لە دید و جیهانبینیی ئەو خـەڵکە دەکـەن. ئەوان ئێستە و داهاتوو بەو جۆرە دەبینن وەک لە واتەواتەکانیاندا دەخوێندرێتەوە. کـاتێک ئێـمە دەچینە بنـج و بناوانی دەنگۆیەکانیان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەوان لە کام دیاردەیە نیگەرانن. هەر لەو نموونانەوە کە باسم کردن، بەدیار دەکەوێ کە دێهاتنشینەکان لە ئایندەی نیشتمان و خاکەکەیان دەترسێن. لە دەنگۆکانیاندا وڵات بووەتە جێڕاوگەی گەلەگورگ، ماری زەنگوڵەدار، دووپشک، گەرای سن و کوللە.. گۆمەکانیش پڕ بوون لە گورگەماسی و قاتوقڕیی ماسییە.

بەگشتی لە گەڕانەوەی ئەو بارودۆخە دەترسێن کە پێش ڕاپەڕین لە ئارادا بوو.. ترسی فڕاندنی منداڵ و دەرهێنانی گـورچیلەی منداڵان و بردنیـان بەرەو وڵاتانی دراوسێ. لە ڕاسـتـیدا دڕدۆنگی و گـومـان لە

نیازپاکیی دەرودراوسێ ترسی یەکەمە. دەرمانی وادە بەسەرچوو و بە ڤایرۆسی نەخۆشییە کوشندەکان لەوتاو، خۆراکی بەسەرچوو، کڕینی ویژدانی خەڵکانی نەفس نزم لەلایەن ناحەز و دراوسێوە، مێشکی خەڵکیان مژوول کردووە.

لە ناوەخۆدا، پرسی گەندەڵی و خزمخزمێنە و ترسی دەست تێکەڵکردنی کۆنە خۆفرۆش لەگەڵ ناحەزانی کورددا و ئەگەری لە نوێ سەرهەڵدانەوەی دیاردەی جاشایەتی لە ژێر چەتر و ناوونیشانی خاپێنەردا. پیسبوون و تێکەڵبوونی ئاو و ئاوەڕۆ. تێکچوون و لەدەستدانی بەها کۆمەڵاتییە جوانەکان و داڕمانی ڕەوشت و ئاکار. بێهێز بوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دوورکەوتنەوەی چین و توێژەکان لە یەکتر. دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر و هەژار هەژارتر دەکەون. گەندەڵییش بابەتی سەرەکیی دەنگۆیە. ئەم پرسانە لە نەستی خەڵکدا بنیان ناوەتەوە و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا، لە نێو ئاشنا و ڕۆشنادا هەردەم دەورووژێن. جێی باسن و تەواو خەڵکیان سەرقاڵ کردووە.

## دەنگۆی، بەئەفسانەکردنی ئینسان

گەلێک جاران، ئەو مرۆڤانەی، بەهەر هۆیەکەوە بێت جەماوەرێکی بەرفراوان، هەوادارییان هەیە. هەر ئەو جەماوەرە خۆیان دەنگۆی وەهایان لەدەور چێ دەکەن، دەیانگەیەننە ئاستی ئەفسانە و پەرجووەکان. هیچ گومانی تێدا نییە "شێخ مەحموود"، زاتێکی زێدە خۆشەویست بووە، بەتایبەتی لە دەڤەرەکانی سلێمانی و قەراخ و شارباژێڕ. بەندە لە پیرەپیاوەکانی قەراخەوە دەنگۆیەکم لەمەڕ شێخ بیستووە کە ئەو زاتە دەگەیەنێتە ئاستی ئەفسانە. دەنگۆیەکە دەڵێ: لە

جەنگێکی نێوان جەنگاوەرانی شێخ و لەشکری ئینگلیزدا، کە خودی شێخ لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەراندا بووە؛ دوای ئەوەی کۆتایی بەشەڕەکە دێت، جەنگاوەران بەلایانەوە سەیر دەبێ، چلۆن شێخ تەنانەت زامداریش نەبووە.

شێخیش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە بەرچاوی جەنگاوەرانی خۆیدا پشتوێنەکەی دەکاتەوە. کاتێک مرادخانییەکەی لە شەرواڵ دەردێنێت، بەجارێک چەندین گوللەی ساردەوەبوو لە باخەڵی بەردەبنەوە! دیارە چێکردنی ئەم دەنگۆیە بۆ بەرزکردنەوەی شکۆ و بەهای ئینسانیی شێخ مەحموودە بۆ ئاستی ئەو زاتانەی کە خواوەند خۆشی دەوێن و لە بەڵا دەیانپارێزێت. هەندێ لەوان پاساوی ئەم دۆخەیان دەبردەوە بۆ ئەوەی کە شێخ "گوللەبەند"ی هەبووە، بۆیە گوللە کاری لێ نەکردووە.

دوای کوژرانی "زەعیم عەبدولکەریم قاسم" لەلایەن بەعسییەکانەوە ١٩٦٣، تاکو ماوەیەکی زۆریش دەنگۆیەک لە نێو هەوادارانیدا بەگەرمی جێی مقۆمقۆ بوو، دەنگۆیەکە دەیگوت، گوایە "زەعیم" هێشتا لە ژیاندا ماوە و بەم زووانە خۆی ئاشکرا دەکات و جڵەوی حوکمڕانی دەگرێتەوە دەست. ئەم دەنگۆیە لە نێو جووتیارانی «دەشتی هەولێر»دا جێی بڕوا بوو. ئەوەندەی ئاگەدار بم، هەتا چەند مانگێکیش دوای کوژرانی زەعیم، لە گوندی "قازیخانە"ی دەشتی دزەیی ژمارەیەک چەکدار، کە زۆربەیان بەپیشە جووتیار بوون، بەمەبەستی بەرگریی ئامادەباش بوون. ئەم جۆرە دەنگۆیە بۆ زۆرێک لەو سەرکردانە چێ کراوە کە هەواداری زۆریان هەبووە و لە جەنگدا کوژراون، یان بە پیلانی ناحەزان لە نێوبراون.

دەنگۆی سەرهەڵدانەوەی ئیمامی دوانزەیەمیش کە پێشتر بەدرێژی

لەسەری دواین جێی بڕوایانە و یەک لەباری شوێنکەوتووانی ئاینزای شیعە یەقینە. ئەم دەنگۆیە لەلای ئەهلی سوننەش هەر جێی بڕوایە، بەڵام بەو ڕادەیەی شیعە گرینگیی پێ نەدراوە. ئەم دەنگۆیەش مەبەست پێی بە پیرۆزکردنی ئەو کەسانەیە و بەرزکردنەوەیانە بۆ ئاستی ئەو ئەشق و قدیسانەی کە خواوەند خۆشی دەوێن، واتە ئەوانە پایەبڵندن، کەسانی نائاسایین و توانای لە ڕادەبەدەریان هەیە.

لەم ڕووەوە پێشتر ئیماژەمان بە دەنگۆی پێکرانی مستەفا بارزانی دا، چلۆن هەر جارەو لە سیناریۆیەکی جیاوازدا بەڕێ دەخرا، وەلێ ئەنجام بەچاکەی خۆی و شۆڕش دەشکایەوە و کەسێتیی ئەوی بۆ ئاستی ئەوانە بەرز دەکردەوە کە خواوەند لە بەڵا دەیانپارێزێت.

## شوفێری تاکسی و گواستنەوەی دەنگۆ

شوفێرانی تاکسی، بەتایبەت لە شاری سلێمانیدا ئاوەزێکی زیندوویان هەیە. ڕەنگە بڵێم هەندێکیان سەرناسن. ئەوان هەر بە سەرنجێکی خێرای سەراپایی، بە بیچم و جووڵە و شێوازی ئاخاوتنتدا ئۆقڵەمەت دەکەن کە تۆ ڕێبوارێکی باش شارەزای نهێنییەکانی "شار" و دەوروبەری نیت. هەربە بەستنی قایشی ئەماندا (بۆ نموونە)، کاتێک لە پێشەوە لە پاڵ شوفێردا سواردەبیت دەزانن تۆی سەرنشین لە هەندەرانەوە گەڕاویتەوە.

ئەوی شوفێر ڕاستەوخۆ ئەمەت پێ ناڵێ. بەڵام لەسەر شێوەی حیکایەتی «سەرتاشی زۆربڵێ»، هەتا دەتگەیەنێتە جێی مەبەست، بە خۆڕایی ئەوەندەت زانیاری لەسەر پرسی گەندەڵی پێ دەدات، تۆی سەرنشین ئەگەر ڕۆژنامەوان بیت، ئەوا کەرەستەی ڕاپۆرتێکت لەلا

گەلاڵە دەبێت. تاکسی گەیشتە پێش هەر کارگە و دامەزراوە و تەلارێکی نوێ، کاکی شوفێر وەک برادەر، یان وەک کەسی خۆی بیت، بێ سڵکردنەوە، خاوەنی ڕاستەقینە و خاوەنە وەهمییەکەیشیت لە لا دەدرکێنێ. ئاماژە بۆ کۆشکە دوورەکانیش دەکات کە بەزۆریی لە جێی بەرز و سەرنجکێشدا بنیات نراون. زانیاریت لەسەر ئەوانیش پێ دەدات. جارێکیان شوفێرێک هەتا گەیاندمییە جێی مەبەست، خاوەنی هەموو کۆشکەکانی دەم ڕێی پێ ناساندم، کاری پێشووی خاوەنەکانیان؛ دەرامەتی پێشوویان بە بەراورد لەگەڵ کار و دەرامەتی ئێستایاندا. باسی ئەوەشی بۆ کردم کە لە یەکێک لە کۆشکەکاندا ژمارەیەک ئەسپی عەرەبیی ڕەسەن بەخێو دەکرێت.

ئەو پلەوپایەی هەر یەکێک لە خاوەن کۆشکەکانی لە حزب و حکوومەتدا دەزانی. من کە حەوت ساڵێک پێشتر شارم جێ هێشتبوو، ئاگەدارم ئەو سەردەمە خەڵک، سەبارەت بە بارودۆخی نوێی باشووری کوردستان، بەو ڕادەیە بەدوای گواستنەوەی دەنگۆی گەندەڵی و ڕسواییەوە نەبوون. بەڵکو ئەوسا ئەوان سڵیشیان لە ورووژاندنی دەکردەوە. دیارە ئیستا هەلومەرجەکان گۆڕاون و پتر لە جاران بۆ گواستنەوەی دەنگۆ لە بارن. ئەوانیش بۆ خۆیان چاک دەزانن لەگەڵ کام ڕێبوار، یان سەرنشیندا سەری قسەوباس دادەمەزرێنن.

شوفێری تاکسی ڕۆژانە لەگەڵ خەڵکی هەمەجۆری خۆماڵی و بیانیدا بۆ ماوەیەک تەماس دەگرێت، هەمەڕەنگ دەمەتەقێیان لەگەڵدا دەکات. دیارە ئەم دۆخەیش نێوەندێکی شیاو و لەبارە بۆ گواستنەوەی دەنگۆکان لە نێو خۆدا و بۆ شارەکانی ترش. ئەو هەر ڕۆڵی شوفێری تاکسی ناگێڕێت، بەڵکو ئەو ڕێبەری گەشتوگوزاری و شارستانیی شار و

دەڤـەرەکـەیشــە. جـێی وتنە لە ســەردەمـی بەعـسـدا، هەردەم خـەڵکانی نیشـتمانپـەروەر سڵیـان لە شوفێری تاکسـی دەکردەوە، دەیانگوت گوایە جێی متـمانە نین. ئەم دەنگۆیەش لـەو سۆنگەیەوە بڵاو بوو، گوایە بەعس توانیبووی هەندێکیان بکڕێت.

یان ڕاستتر وایە، بەعس هەندێک لە گوێ و چاوەکانی خۆی کردبوونە شـوفێری تاکسـی، تاکو هـەر جـموجـووڵێکی گومـاناوییـان بـینی خێـرا هەواڵ بدەن. دیـارە ئەگـەر شـوفـێـری تاکسـی مـەیلی لەسـەر بێت ئەوا دەکارێ ببـێتـە مـەفرەزەیەکی هەواڵدزی گەڕۆک بۆ ڕژێم. چونکە ئەوی شـوفـێر بەحـوکمـی پیشـەکەی، شـەو و ڕۆژ بەنێو شـەقام و کۆڵانەکانی شـاردا دەسـووڕێتەوە. دەکرێ بڵـێین شوفێر لە وەها ژینگەیەکدا هۆیەکی ڕاگەیاندن، یان "ڕادیۆ"یەکی گەڕۆکە کە سـەرنـشینی تامـەزرۆی هـەواڵ، گوێی بۆ شل دەکەن و بڕوایشـی پێ دەکەن.

بەسـەرێکی تر، یەک لەباری شـاری سلێـمـانی؛ بە درێژاییی سـەردەمی بەعس، لـە دەرێی توێژی شـوفـێـران، کـارێکی گـەلێک دژوار بوو ئەگـەر توێژێکی تر پڕکـێـشـیـی ئەوەی بکردایە مـانگرتن ڕابگەیەنێت. کـەچی ئەوان بۆ بەرژەوەندی توێژی شـوفێران، بەتایبەتـی شوفـێری هێڵـەکانی نێو شـار، چەندین جار مـانیان دەگرت. واتە ڕێبواریان نەدەگواسـتەوە و لە کارکردن دەوەسـتان. بە سـەرکەوتووییش لەو پرۆسـەیە دەردەهـاتن.

سەرچاوەکان:

١- الشائعات، جان - نويل كابفيرير، ت: تانيا ناجيا، دار الساقي بيروت، ط (١) ٢٠٠٧.

٢-الامام المهدي، آيه الله العظمى الامام محمد الحسيني الشيرازي، مؤسسة المجتبي للتحقيق والنشر، بيروت.

٣- الشائعات وأثرها على المجتمعات، خالد محمود عبداللطيف، الشرق (القطرية)، العدد (٧٤٨٧)، ١٥-١٢- ٢٠٠٨.

سەرچاوەی دانیمارکی:

4- Politikens Nudansk Ordbog, 20. udgave, 2008.

5. Rygter og krisehndtering, Rasmus Kjrgaad Rasmussen, K Magazin- K Form, tirsdag december 2003.

# ئەفسانەی ژمارە سێ

ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ناهەقییەکیان دەرهەق کردیت و تۆیش کەسێکی پشـوودرێژ بووی، ئەوا یەکەم جار چاوی لێ دەنووقێنی. دووەم جار بەهەندی ناگری. بەڵام ئەگەر سێیەم جار پاتەیان کردەوە ئەوجا بەدەنگ دێی. کەواتە لێرەدا ژمارە سێ، ئارامی و ددان بەخۆداگرتن و پشوودرێژی دەگەیەنێ.

مرۆڤ بە درێژاییی مێژوو، لە بەرەوڕووبوونەوەیدا لەگەڵ سروشت و دەوروبەر و لە تەک ناخی خۆیدا گەلێ بیروبۆچوونی لەلا گەڵاڵە بووە. هەندێ جار ئەو بۆچوونانە گەیشتوونەتە ئاستی قەناعەت و باوەڕکردن. لە ئەنجامی شکست و تێکەوتنی چەند جارەی، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هەفتەدا، ئیتر لەلای دەبێتە دەستوورێک کە گوایە ئەو ڕۆژەی پێوە نایەت و ئیتر لەو ڕۆژەدا دەست ناداتە کاری گرینگی وەک سەفەرکردن و بووک گواستنەوە و... هتد ئەم دۆخە بۆ ژمارەکانیش هەر وەهایە، بەتایبەتی کاتێ ژمارە تێکەڵ بە ئەفسانە دەبێ.

هەورامییەکان بەشێوەیەکی تایبەت بەخۆیان گوێز دەژمێرن. ئەوان بە هەردوو دەست و بەهەر دەستێکیان پێنج گوێز هەڵدەگرن. واتە هەر جارە دە گوێز هەڵدەگرن.. یەک ، ئەمە دوو.. دوو ، ئەمە سێ... بەڵام کاتێ گەیشتنە ژمارە سیانزە، نایڵێن و گۆی ناکەن. بەڵکو لە بری سیانزە وشەی "زیادە" گۆ دەکەن.

جووتیارەکانیش، لەسەر خەرمان بێت یان لە هەر کوێ، کاتێ بە ڕبە و قـزناخ و ... هتـد دانەوێڵـە حـسـاب دەکـەن، دیسـان ژمـارە سـیـانزە بەزاریاندا نایەت. چونکە پێیان وایە کە سیانزە، ژمارەیەکی شوومە. نزیکەی هەموو مرۆڤ سڵ لەم ژمارەیە دەکەنەوە.

نزیکەی سـەرلەبەری حـیکایەتە فـۆلکلۆرییـەکـان، بە حـیکایەتی کوردییشەوە. لەم دارشتنە بەدەر نییە: سەرەتا قارەمان لە ماڵ و زێدی خۆیدا بێ نموودە و گرینگیی پێ نادرێ. لەم سۆنگەیەوە زێدی خۆی جێ دێڵی و خـۆی دەداتە دەست ئایندەیەکی نادیار. لە ڕێگە، هاوکـارێک، دۆستێک، یان فریادڕەسێکی تووش دێ، کە هەندێ جار کەسێتییەکی ئەفسانەییە. ئەمجا کۆسپ و تەنگانەی دێتە ڕێ. نزیکەی لە هەموو حیکایەتەکانی جیهاندا ئەم کۆسپانە "سیان"ن. دوای ئەوەی بە هاوکاریی فریادڕەسەکە، لە هەر "سێ" ئەزموونەکدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ. پاشان قارەمان بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە مەفتەنی خۆی.

کاتێ وتت "یەک" ئەوا خواوەندی تاک و تەنیات بیر دەکەوێتەوە. دوو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانە. ڕەش یان سپی. سارد یان گەرم... هتد ئەگەرچی لە نێوان ڕەش و سپیدا سەدان تۆنی تری ڕەنگ و لە نێوان سارد و گەرمدا بەدەیان پلەی گەرمی هەیە.

ژمارە چواریش لە زۆربەی ئاینەکاندا قسەی لەسەرە. وەلێ کەم ژمارە هەیە هێندەی ژمارە حەوت بە ئەفسانە دەورە درابێ. سەبارەت ژمارە "چل"یش، ئەفسانەکە دەڵێ: لە ڕۆژی چلهەمی دوای مردندا، ڕوح بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ.

ژمـارە، جـۆرە سـیـحـرێکی تێدایە. جا ئەم سیحرە لە سـۆنگەی زانستەوە بێ یان ئەفسانە، تاکو ئێستایش کاری خۆی لە زەینی مرۆڤ

دەکات. زۆربەی ژمارە گرینگ و ئەفسووناوییەکان تاکن. یەک، سێ، حەوت.. تا دەگاتە تەزبیحی قەزوانی کوردەواریی کە سەد و یەک دەنکە. هەروەها هەزار و یەک شەوە "الف ليلة وليلة" کە پشووی درێژی "شهرزاد" پیشان دەدات. تا ئێستەیش کەیبانوی کورد، کاتێ مریشک دەنێتەوە، بەژمارەی تاک هێلکەی دەخاتە ژێر. ئەمەیش بەو نیازە دەکات، بەڵکو تەنیا تاکەکە پیس بکات و ئەوانی تر هەڵبێنێ.

لە کەلەپوور و میتۆلۆجیای کۆنی کورددا، وەک گەلانی تری دوور و دەوروبەر، ژمارە سێ جێگەیەکی گرینگی هەیە. دیارە ئەمەیش بەرئەنجامی تاقیکردنەوەی لەمێژینەیەتی، وێڕای تێکەڵبوون و بە یەکداچوونی ژمارەکە لەگەڵ سیحر و ئەفسانەدا. ژمارە سێ، لە زۆر بۆنەدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم ژمارە ئەفسووناوییە لە نێو پەند و ئیترەم و سرووتەکاندا ڕەگی داکوتاوە. بەنێو ئاینەکانیشدا ڕەگاژووە. هەندێ جار، چەند جارەی سێ، وەک سی و سێ سەد، بەڕۆڵی گرینگەوە لە نێو کەلەپوور و مێژوودا دەردەکەون و کار دەکەن.

وا دیارە بەلای باپیرانمانەوە، سێ منداڵ پڕ بەپێستی بووە و ژمارەیەکی نموونەیی بووە، بۆیە لە "شەوی بەرات"دا کە جەژنێکی ئاینییە، داوایان لە خواوەند کردووە، سێ منداڵیان بداتێ:

شەوی شەوی بەراتێ
خوا دوو کوڕ و کچێکتان باتێ
دەست لە کەنوو بگێڕن
بەشی منالان بنێرن!

پەند پوختەی تاقیکردنەوەی گەلانە. گوزارشت لە بیروبۆچوونیان بۆ

دەوروبەر، ژینگە و بۆ ژیان دەکات. جیهانبینیی ئەو گەلەیش بەدیار دەخات. پەند هەندێ جار لە شێوەی کورتە شیعرێکدایە کە لە دوو سێ دێر تێپەڕ ناکا. هەندێ جاریش لە شێوەی ڕستەیەکی تۆکمەی پڕ مانادایە و بە کورتی و چڕی داڕێژراوە. ژمارە سێ، ئاوا لە نێو پەند و ئیدیەمەکاندا خۆی پیشان دەدات.

«سێ و دووی دڵی خۆی کرد.»

«سێ و دووی لێ مەکە.»

«سێ ترە لە جاوە.»

«بە سێ برا کڵاوێکیان هەیە!» «ئەم ڕستەیە وەک مەتەڵیش بەکار دێ»

«لە سەگی دڕ، لە حاکمی کوڕ، لە ئافرەتی دەمشڕ بترسە.»[١]

ئەگەر یاریزان سێ گێمی بردەوە، یان سێ جاران پشتی بەرامبەرەکەی لە زەوی دا، ئەوا بەڕاستی سەلماندوویەتی کە براوەیە. بۆیە ئیدیەمەکە دەڵێ: «شەرتی پاڵەوان سێ جارە»

مەرج نییە "سێ" وەک ژمارە، بەزەقی لە پەندەکاندا دووبارە ببێتەوە. بەڵکو گەلێک جار، پەندێک، لە سێ نیوەدێڕی هۆنراوەیەکدا، بە سێ هەنگاو خۆی دەنوێنی. یان سێ تاقیکراوە لە پاڵ یەکدا، وەک هەڵبەست ڕیز دەبن و سەروایان "قافیە" هەیە. ئاوازدارن و موسیکیان تێدایە. ئەم توخماتە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە پەندەکە دەخەنە سەرو پەیڤی ئاساییەوە. وەکی تر یاریدەی گوێگر یان خوێنەر دەدات بەزوویی ئەزبەری بکات. بەزۆری سێ نیوە دێر بەهەمان سەروا و ئاواز، کێشیشیان چونیەکە. دیارە سێ نیوەدێر بە هەمان سەرواوە، بەهێزترە و کاریگەریی زیاترە، چونکە جەختی تێدایە و لە مێشکی گوێگردا بە

چاکی دەچەسپێ. لە بنکی نەستدا دەمێنێتەوە و نافەوتێ. ڕەنگە بیستەر بە تاقیکراوەیەک، پەندێک دڵی ئاو نەخواتەوە. بەڵام بە سێ ئەزموونی لە دووی یەکی کێش و سەروادار، دادەسەکنێ و بڕوا دەکات.

ئەگەر بڵێی «پێڵاوی تەنگ بەگەن نییە.» ڕەنگە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر گوێگر نەبێ. بەڵام ئەگەر دوو ئەزموونی ترمان خستە پاڵ و وتمان:

«نە پێڵاوی تەنگ

نە خانەی بەجەنگ

نە مەلای بێدەنگ»

ئەوا بەرامبەرەکەمان قەناعەت پەیدا دەکات و پەندەکەمان لێ وەردەگرێ. نموونەیش ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن:

«ئەز چیا، تو چیا، گۆلک مایی بێ گیا.»

«ئەگەر سوارەک سوار نەبێ لەسەر پشتی هەسپی هەر بارە،

شیر، میسری نەبێ هەر دارە،

ئەگەر ژن ئامۆزا نەبێ هەر یارە.»

«ئەمانە چییان لەگەڵ ناکرێ.

مریشکی ئاشەوانی، سەی کوڕە گوندان، کەری سەپانی.»

«ئەو بایە وابێ، ئەو مقەستە وا ببڕێ، نە ڕیش دێڵێ نە سمێڵ.»

«ئەوەی هەتە هەمووی سەرف مەکە

ئەوەی دەیزانی هەمووی مەڵێ

ئەوەی دەیبیستی هەمووی باوەڕ مەکە.»

«بالوولی بەغدایێ
قایل بوو بە کایێ
بەرباشیان نەدایێ.»
«بە پشت ماڵیاندا دێمە
کوڕە کەچەڵ ڕای لێمە،
عالەم چ هەقی پێمە؟»
«بە من خۆشە، بەتۆ خۆشە،
ئەدی ئەو قرۆشە چ فرۆشە؟»
«پێیەکم سۆلە، یەکم نزمە
ئەوڕۆ لێرەمە
سبەی دەچمە!»
«تەیرەک گوتی قوو
کودیلەم کەتنە دوو
تێرم نەخوارد لە گوو!»
«جەماعەتێکی ڕووتوقووت
خڕ بوونەوە لەسەر زگی ڕووت
تریان ناشکێ بە مێکووت!»
«دایک و دۆت، بووینە جۆت، دنیا سۆت.»
«دنیا دەوران دەورانە
مانگا یەکە، دۆت دەیانە

مانگا ڕیخنەیش لە دوای هەمووانە.»
«ڕاوەستاوە لەسەر ئاوێ
کێشکە دەگرێ بەداوێ
کوڕەتیم پەلاران ماوێ.»
«ڕەز، ڕەزەوان دەیخوا
پەز، پەزەوان دەیخوا
سەر، شوان دەیخوا.»
«سەری حەسەن بەگ چەند بەتەمە
سەری شاخە بنی چەمە
پیاوی بێ دۆست عومری کەمە!»
«سەودای بالآت بم لە دوور دیاری
یا بۆرە بنچک یا عارەب سواری
بە خۆت وەت لەخۆ کرد بەردت لێ باری.»
«سپی چشن،
سۆر فشن،
ڕەشەسمەری غەزالی لاوکوژن.»
«سێ جاران زایان بخوازە، تەراق درایان مەخوازە!»
«سێ کەس ناپەسەندن: دەوڵەمەندی دز، فەقیری بە بوغز
پیری ئاشقە قوز!»
«سینگی ڕەقم، دوعای هەقم، نەباڵقم»

«سێ یاری هەیە بە هەموو دەمان:
یەک لۆ گەمان، یەک لۆ غەمان، یەک لۆ حاڵی مان و نەمان!»
«قاز و قورینگ و مراوی
هەرسێکیان تەیری ئاوی
گۆشتیان دەخورێ بە خاوی.»
«کەری شێخی تەتەرخان
زوو دەچێتە دیوەخان
لە پێشیان دانا قاو و قلیان.»
«گوڵ بۆ چیمەن، ئەستێرە بۆ ئاسمان، ژن بۆ کۆمەڵ.»
«لە دنیا، دینی محەمەدی
لە نانی، گەنمی قەندەهاری
لە داری، ئەسپیینداری.»
«نە پیاوی بە خار
نە کوڕی گێ بەگوار
نە ژنی پێچە خوار.»
«نە ژنی ماڵانگەڕ
نە ماڵی لاپەڕ
نە سەگی هەڵەوەڕ!»
«نە نوستنی بەڕ
نە ئاگری داری تەڕ

نە ژنی ماڵانگەڕ!»

«هەموو شەو هەوێ نینە

هەموو دار هەرمێ نینە

هەموو ژن "ستێ" نینە.»

«هۆ لاوە، گای لە جۆتێ هێناوە، دایکی ماندیی حەساوە.»

«یاخوا بمرێ پیاوی گول

بە ڕۆژ تەوقە بە شەو جل

زەختی کردیە شل و مل.»[٢]

«باوکە بەڵایە، دایکە قەزایە، ژن نیعمەتی خوایە!»

«دارکەر دەڵێ خوا بیدات: تەورتیژ و، دار گەندەڵ و یار بەرامبەر بێ.»

ژمارە سێ، خۆی بەنێو نەریتە باوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کردووە. وەک: «سێ بەگایی» ئەمەیش جۆرێکە لە ژن بەژن. ئەگەر بێتو ژن بەژن دوو بووکی تێدا بگوێزرێتەوە بۆ دوو زاوا، ئەوا سێ بەگایی، سێ بووک بۆ سێ زاوا. ئەمەیش زیاتر لە نێو خزماندا ڕوو دەدات. هەندێ جار ڕێکەوتنەکە لە نێوان سێ خێزانیش تێ دەپەڕێ.[٣]

## لە لای ئەهلی حەق

محەمەد ئەمین هەورامانی، لە کتێبەکەیدا "کاکەیی" دەڵێ: «لای ئەهلی حەق، سێ ڕۆژ ڕۆژوو دەگیرێ. ئەویش دەکەوێتە چلەی زستانی وەرزی کوردییەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە سوڵتان ئیسحاق و یارانی کە سێ دەروێش بوون، کەوتنە دۆڵپێچی دوژمنەکانیانەوە. سێ ڕۆژ بەرۆژوو بوون، چونکە هیچیان نەبوو بیخۆن.

ڕۆژوو لەلای زەردەشتییەکانیش هەر سێ ڕۆژ بووە. ئەم سێ ڕۆژە بەبۆنەی ئەوەوە واجب کراوە "زەردەشت" بە منداڵی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەدزرێ و دەخرێتە نێو ئاگرەوە. پاش سێ ڕۆژە، زەردەشت لە نێو خۆڵەمێشی ئاگردا بە نوستوویی دەدۆزنەوە. ئەو ماوەی سێ ڕۆژە کە زەردەشت دزراوە، دایک و باوکی لە خەم و حەشمەتا هیچیان نەخواردووە. بۆیە ئەو سێ ڕۆژە وەک ئەرکی سەرشانی هەموو زەردەشتییەک بە ڕۆژووگرتن بڕیاری لەسەر دراوە.»[٤]

زۆر حیکایەت و ئەفسانەی کوردەواری هەن، سێ قارەمانی سەرەکییان هەیە. سا یان بەهەرسێ لایان ئەرکە گرینگەکەی کە لە ئەستۆیان گرتووە ڕای دەپەڕێنن، وەک حیکایەتەکانی : "سێ دز، سێ برا" یاخۆ لە نێو خۆیاندا لێیان دەبێتە کێشە و یەکێکیان بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی وەک: کوڕی وەزیری سێیەمی حیکایەتی "ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکە" دەتوانێ دێوەکە بخەڵەتێنێ و خۆی ببێتە خاوەنی «کڵاوی سەخری جن، لەگەڵ ئەنگوستیلە و قالیچەی حەزرەتی سلێمان» و بە زوویی بگاتە هانای کچی پاشا و پاشان ببێتە زاوای پاشا.[٥]

لە حیکایەتدا «مەبەستی حەکایەتی میللی گەلانی عیراقە» د. عومەر تالیب دەڵێ: «منداڵ گرینگییەکی زۆری پێ دراوە. بەزۆری سێ نێرینەن. حیکایەت بەلای منداڵی سێیەمدا دای دەشکێنێ. لە خراپەی دەبوورێ و هەمیشە خۆی قارەمانی حیکایەتە. جاری وایش هەیە منداڵی سێیەم کچە، بەڵام هەمان ئاکاری کوڕی بچووکی تێدایە. نووسەر بۆ سەلماندنی ڕای خۆی چەند نموونەیەک دێنێتەوە.

نووسەر قوربانیدانی منداڵی سێیەم بۆ دایوباب و براو خوشکەکانی

بەهەند دەگرێ. بە تەنگەوە هاتنی کوڕی سێیەم لەوەوە هاتووە، چونکە "پاشـــەبـەرە"یە، وەک دایکی دەڵێ، یان «مـــاڵ ڕۆشنکەرە» وەک باوکی دەڵێ. ئەمەیش دەبێتە مایەی ئەوەی براو خوشکەکانی ئێرەیی پێ بەرن و قینیان لێی ببێتەوە، چونکە دایوباب پتر بە تەنگییەوەن.[٦]

پەندێک هەیە دەڵێ: «جاری سێیەم خۆشبەختی لەگەڵ خۆیدا دێنێ» مەبەست لەم پەندەیش پشوودرێژی و هەتەربوون و کۆڵنەدانە. تاکو ئەگەر جاری یەکەم لە کارەکەماندا سەرکەوتوو نەبووین، لە دووەم و سێیەمدا سەرکەوتن بەدەست بێنین. "فیثاغۆرس" کە فەیلەسووفێکی گریکییە، لە سەدەی شەشەمی (پ. ز.) دا ژیاوە، ژمارە سێ، بە "ژمارەی تەواو" دەزانێ.

لە فەلسەفەی هیندیدا سێ جیهان هەیە: بەهەشت، ئاسمان، زەوی. ئێمە کاتێ باس لە ئادەمیزاد دەکەین: لە سێ بەش پێک دێ: جەستە، ئاوەز، ڕوح.. لەم سەدەیەیشدا، "فرۆید" سێ دیاردەی لە هەر مرۆڤێکدا جیا کردبووەوە: من، بەرزە من، ئەو[٧] ئەفسانەی "خەلق"ی بابلی ئاوا باسی دروستبوونی گەردوون دەکات: «لە نێوان مەردۆخ و تیامەدا، جەنگ بەرپا دەبێ، مەردۆخ "مەردۆک" بەهۆی زریانەوە هەناوی "تیامە" پڕ لە با دەکات و پاشان دەیکوژێت. لە لاشەکەی ئاسمان و زەوی دروست دەکات، ئەمجا کار بەسەر مەزنە خواوەندەکاندا "ئانۆ، ئەنلیل، ئەیا" کە سێ خواوەندن دابەش دەکات. ئەم سێ خواوەندە، سەرەوکاریی بەشە گرینگەکانی گەردوون دەکەن.

زۆر کەس کاتێ ناهەقییان بەرامبەر دەکرێ، بەخۆیاندا دەشکێنەوە. لە هەڵچوون و تووڕەبوونێکدا بەڵێن دەدەن سێ جار، سێ ئەوەندە یاخۆ سێ قات تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. ئەم جۆرە بڕیاردانە لە سەردەمی

سۆمەریشدا هەبووە. "جمیل نینورتا" حیکایەتێکی گاڵتەئامێزی ئەو سەردەمەیە. لەسەر تاتی قوڕ نووسراوەتەوە.. کاتێک "جمیل"ی گەدا بزنە تاقانەکەی بە دیاری بۆ فەرمانڕەوای شاری "نەفەر" دەبات بەو بەنیازەی خەڵاتی بکات، فەرمانڕەوا لاقرتێی پێ دەکات و خەڵاتیشی ناکات. ئەمیش لە لووتکەی هەڵچووندا کۆشک جێ دێڵێ و بەدەرگەوانەکە دەڵێ: «دەبێ سێ جار تۆڵە لە فەرمانڕەوا بکەمەوە!» پەیمانەکەیشی دەباتە سەر.(٨)

گلگامش، قارەمانی داستانە بەناوبانگەکەی دۆڵی میزۆپۆتامیا، دوای ئەوەی لە سێ بەرەنگاربوونەوەی مەزندا سەردەکەوێ، ئەوجا ناوبانگ پەیدا دەکات.

یەکەم جار: دەچێتە مەیدانی "ئەنکیدۆ"وە، وەلێ پشتی لە زەوی نادات و پاشان دەبنە هاوڕێ.

دووەم جار: بۆ کوشتنی خەمبابا "هەمبابا" لەگەڵ ئەنکیدۆدا پێکەوە دەچنە نێو دارستانە ئەفسووناوییەکە "دارستانی ئورز" و بەسەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە.

سێیەم جار: کاتێ لەسەر داوای ژنە خواوەند "عەشتار" گای لە ئاسمانڕا بۆ دادەبەزێ، بەجووتە خۆی و ئەنکیدۆی هاوڕێی لەگەڵیدا دەکەونە جەنگەوە و سەری دەبڕن.

پێشتریش، کاتێ عەشتاری ژنە خواوەند لە گلگامش داوا دەکات ببێتە مێردی، پەیمانیشی دەداتێ هەموو کارێکی بۆ ئاسان و مەیسەر بکات و بیکاتە خاوەنی تەخت و بەختێکی بێ وێنە. لە نێوان ئەو بەڵێنانەدا کە پێی دەدات: «بزنەکانت سێ سێ کاریان دەبێ.

مەڕەکانیشت دوو دوو بەرخیان دەبێ!» جێی باسە خودی گلگامش لە سێ بەش دوو بەشی لە خواوەندە و بەشەکەی تری مرۆڤە.

کاتێکیش گلگامش و ئەنکیدۆی هاوڕێی، بۆ دارستانی "ئورز" دەچن بۆ ئەوەی لەگەڵ "خەمبابا" دا بەشەڕبێن، زۆر بەخێرایی دەڕۆن. بەڕادەیەک ڕێگەی مانگ و نیوێک بە"سێ" ڕۆژ دەبڕن! ئەو دەمەیش کە بەنیازی ناوبانگ پەیداکردن "گلگامش" ڕوو دەکاتە دارستانی ئورز بۆ کوشتنی "خەمبابا"، داوا لە وەستایانی چەک و چۆڵ دەکات تەوری بۆ دروست بکەن. بەمەرجێک هەر تەورێک "سێ" کێش "وزن" قورسایی بێ.[٩]

## مانگ و خۆر و زوهرە

لە سەرەتادا، مانگ لەلای گەلانی غەیری عەرەب "مێ" بووە. بە سێ ڕوو خۆی نیشان داوە. مانگی یەکشەوە "هلال"، مانگی چواردە "بدر" و مەحاق..

یەکەمیان: هێما بووە بۆ ئافرەتێکی جحێڵ. دووەم: بۆ ژنێکی تەواو پێگەیشتوو. سێیەم: بۆ پیرەژن.

کاتێ خۆر جێگەی مانگی گرتووەتەوە، سیانەیەکی تری نەمری بەناوەوە کراوە. ئەوانیش بەهار و هاوین و پایزن. بەهار: وەک ئیماژە بۆ کچۆڵەیەکی پاکیزە. هاوین: وەک ئیماژە بۆ ژنێکی تەواو.. زستانیش: هێمایە بۆ پیرەژن.

سیانەیەکی تری خواوەندانەیش هەیە ئاوا پێک دێت: ژنە خواوەندی "سیلێنک" بۆ شەماڵ. ژنە خواوەندێکی شۆخ بۆ زەوی و دەریا، کە ئەویش "ئەفرۆدێتە". لەگەڵ ژنە خواوەندێکی درێو بۆ سەرەوکاریی

جیهانی ژێرەوە "العالم السفلی" کە ئەویش "هێکەیت"ە.

سیانەی گەردوونیی درەوشاوە، مانگ و خۆر و زوهرە. لەلای عەرەبەکان زنجیرەیەک سرووت و خورافەیان لە دەور کۆ کراوەتەوە. ئەم حاڵە لای هەموو گەلانی زەوی بەگەلانی ئەوروپاییشەوە باوی بووە. بە زوهرەیان وتووە، "عشتار" یان "النجم الثاقب". کەوکەبی "نور" بە عیبری و کەوکەبی "نوجا" بە ئارامی. زوهرەیش لە هەموو ئەستێرەکانی "النجوم" تر پرشنگدارترە.(١٠)

## لەلای میسرییە کۆنەکان

میسرییە کۆنەکان بڕوایان وابوو، کەسێتی مرۆڤ لەم توخمانە پێک دێ: جارێک لە سیانەی "کا"، کە وەهای بۆدەچن وێنەیەکی نامەتریاڵیی تەن "جسم" بێ. یان «هاوشێوەی تەن» بێ.. "خو" واتە: ڕوح، لەگەڵ "خات" واتە: تەن.

جارێکی تریش لە سیانەیەکی تر پێک دێ کە ئەوانیش بریتین لە: "خابیت" واتە: سێبەر. لەگەڵ "البا" واتە: ڕوح. هەروەها "سعحو" کە دەکاتە لاشەی مۆمیاکراو.

خێڵی پۆسۆ ئەلفیورز Poso Alfures لە سیلیبس Celebs لەو بڕوایەدان کە مرۆڤ سێ ڕوحی هەیە. ڕوحی یەکەم ناوی "ئینوسا"یە. واتە : گەوهەری زیندوو.. ڕوحی دووەم ناوی "ئانجا"یە، واتە: ڕوحی خاوەن ئیدراک. هەرچی ڕوحی سێیەمیشە "تانونا"ی ناوە. واتە ئەو ڕوحەی کە توخمی پیرۆزی تێدایە. ئەو ڕوحەی لە تافی خەوتندا جەستە بەجێ دێڵێ.(١١)

## یۆنانی کۆن

وا دیاره ڕێوڕەسـمی مردووناشتن لەلای گریکییـه کۆنەکانی پێش زاین، بێ وتاری مـاڵئـاوایی "الخطبـة التـأبينيـة" بووه. له گـۆڕسـتـان مـردووەکه سێ جار بەناوی خۆیەوه بانگ دەکرا، ئەمجا مـردوونێژەکان بۆ بـەڕێوەبردنـی ڕێوڕەسـمی پرسـه دەگـەڕانـەوه ئاوایی کـه لـه مـاڵی نزیکترین کەس له خودی مردووەکەوه بەڕێوه دەچوو.(١٢)

## پرسی ڕوح

"إبن القيـم"، له کتێبه بەنامێکەیدا "کتـاب الروح" دەپرسێ: ئایا نەفس یەکه یان سیانه؟ دیاره لێرەدا "نفس" بەرامبەر به ڕوح دێت. له وەڵامدا دەڵێ: ئادەمیزاد سێ نەفسی هەیه "مطمئنة و لوامة و أمّارة". هەرکەسه بەگوێرەی خۆی یەکێ لەم سێ جۆره نەفسەی بەسەردا زاڵه. "إبن القيم" بۆ ئەم پۆلێنەی، سوودی له قورئان وەرگرتووه، که دەفەرموێ: «يا أيتها النفس المطمئنة». هەروەها دەفـەرمـوێ: «إن النفس لأمـارة بالسـوء» له شـوێنێکی تردا دەفەرموێ: «لا أقسم بيوم القيامة ولا إقسم بالنفس اللوامة» ئەوی ڕاستی بێ ئەم سێ نەفسـه له بناغەدا یەکێکن. ئەوەنده هەیه له ئاکاریاندا ، له یەکتر جیاوازن. هەر خاوەن ئاکارەیش به ناوی خۆیەوه ناوزەد دەکرێ.(١٣)

## پێش مارکس

"أبو ذر الغفاري"، یەکێکه له فەیلەسووفەکانی سەرەتای ئیسلام. ئەو لەگەڵ کۆمەڵی "ئیمـامی عـەلی"دا بوو. أبو ذر، له حـەزرەتی مـحـەمـەد (د.خ.) دەگێڕێتەوه: «ثلاث للناس جميعا، النار، الماء، الكلأ». واته: «سێ

شت موڵکی هەمووانە ئاگر و ئاو و لەوەڕ» کاتێ "أبو ذر" باسی ئەم سێ شتە دەکات کە بۆ ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆر گرینگ بوون، لە ڕاستیدا مانای وایە، ئەو بەر لە "مارکس" بە سیانزە سەدە، باسی خۆماڵیکردنی سەرچاوە گرینگەکانی ژیان دەکات.(١٤)

## پەند و تاقیکراوەکانی عەرەب

لە نێو پەند و تاقیکراوەکانی عەرەبدا زوو زوو ژمارە سێ دێتە پێشەوە، وەک:

«ثلاثه لا یؤمن شرها: الریح إذا هبت و النار إذا شبت والفتنه إذا دبت.» واتە: سێ شت شەڕیان بێ ئامانە: با، ئەگەر هەڵی کرد. ئاگر، ئەگەر کەوتەوە، ئاژاوە، ئەگەر بەرپا بوو.

«ثلاثة تعرف بثلاثة: الکاتب بکتابة، والعالم بجوابة، والحکیم بافعالة.» واتە: سێ شت بەسێ نیشانەدا دەناسرێن: نووسەر بەکتێبی، زانا بە وەڵامی، حەکیم بە کردەوەکانی.

## لە نێوان فرێزەر و فرۆیددا

ئەو هێڵکارییە سێ جەمسەرییەی کە فریزەر لە "لکی زێڕین"دا ئاماژەی پێ دەدات، مەبەستی لە گەشەسەندنی یەک لەدوای یەکە، کە لە سەردەمی جادووەوە "سیحر" دەست پێ دەکات بۆ سەردەمی "ئاین" و بەچاخی "زانست" کۆتایی دێت.

فرۆید پێکهاتەی ئەم هێڵکارییەی فرێزەری بۆ گەشەسەندنی کەسێتی تاک داڕشتووە و ئەنجامەکەی لە "تەوتەم و تابۆ"دا ساڵی ١٩١٣ بڵاو کردووەتەوە. تێیدا بە دووردرێژی تێوری شارستانێتی دەروونیی مرۆڤ

ڕوون دەکاتەوە، کە بەشاکاری بانگهێشتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی دادەدنرێ. خشتەکەیشی بە بەراورد لەگەڵ فریزەردا، ئاوەها دەکەوێتەوە.

فریزەر: ئەفسانەیی، ئاینی، زانستی

فرۆید: خودپەرستی "نەرگسییەت" منداڵی، ئاوێزانی یەکەم "بەدایک یان باوکەوە".. مێردمنداڵی.. ئاوێزانی دووەم بە "واقیعی دەرەوە" پێگەیشتن.(١٥)

## تەڵاق

بەر لە هاتنی ئیسلام، هەندێ خێڵە عەرەب، تەڵاقیان بە سێ جار دیاری کردووە. لەوانەیە لە شەریعەتی حەزرەتی ئیسماعیلەوە فێری بووبن. پیاو سێ تەڵاقی هەبووە و بە سێ جار تەواوی کردووە. کۆکردنەوەی هەرسێ تەڵاقەکە لە جارێکدا، لەلای ئەوان نەزانراوە. وەک ئەوەی بڵێ: «سێ بەسێ تەڵاقت کەوتبێ». ئەگەرچی بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەم دەربڕینە هەرسێ تەڵاقەکە ناکەوێ. بەڵام مێرد توانیوێتی لە دانیشتنێکدا بە سێ جار تەواوی بکا. "ئەعشا"ی شاعیر، ئەم حاڵەتەی بەشیعر دەربڕیوە.

ئیسلام هات و بڕیاری لەسەر سێ تەڵاق دا، لە سێ کەڕەتدا. نابێ مێرد لە دوو جار زێتر ژنەکەی بهێنێتەوە لای خۆی. لە قورئاندا هاتووە: «الطلاق مرتان فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان» واتە لە جاری سێیەمدا ناتوانێ بیهێنێتەوە. مەگەر دوای ئەوە ژنەکە شوویەکی تر بکات. پاشان لەبەر هەر هۆیەک بێ، بە بێ مێرد بمێنێتەوە.

«فإن طلقها تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره» (سورة البقرة ٢٢٩)

دیاره، بۆیه تەڵاق سێ جاره، تاکو ئەو ژن و مێرده له جاری یەکەم یان دووەمدا، به خۆیاندا بچنەوه. هەریەکە و بەڕاستی و ڕوونی هەستی خۆی بەرامبەر ئەوی تر بزانێ. که کار گەیشته سەر سێ تەڵاقەکە، ئیتر ئەوان ناتوانن جارێکی تر کۆببنەوه، هەتا ژنەکه به شێوەیەکی دروست و شەرعی شوو دەکات. دوای ئەوەی ئەو شووکردنه بەمردنی مێرده نوێیەکه، یان بەتەڵاق کۆتایی پێ دێت. ئەوسا دوای تێپەڕینی ماوەی "عدة"، ئەگەر ئارەزوویان لەیەک بوو، جارێکی تر به مارەبڕینێکی نوێ، دەبنەوه به ژن و مێردی شەرعی. کەواته تەڵاق دوو جۆره: "رجعی"، واته ژن بۆی هەیه بگەڕێتەوه. "بائن"، که ناتوانی بگەڕێتەوه. به تایبەت «بائن بینونه کبری». واته: کاتێک هەر سێ تەڵاقەی کەوتبێ.[١٦]

## سێ ڕۆژگانه

سێ ڕۆژه. سێ ڕۆژانه، یان سێ ڕۆژگانه نەریتێکی باوی کۆمەڵایەتیی جڤاکی ئێمەیه و، بنەمایەکی ئاینی هەیه. حەزرەتی محەمەد داوا له موسڵمانان دەکات بۆ مردوو سێ ڕۆژ له پرسەدا بن. (مأتم، حداد). دوای ئەو سێ ڕۆژه ئیتر ماتەمینی پێویست ناکات. بەڵام لەم سەردەمەدا ئەم بۆنەیه زۆری خراوەته سەر.

دوای ئەوەی مردوو سێ شەو له نێو گۆڕدا دەمێنێتەوه، جارێکی تر ژنان و کەسوکار و دۆستانی نزیکی ئەو مردووه، به ئاپۆرایەکی زۆرەوه دەچنەوه سەر گۆڕەکەی و لەنوێ (تەڵقین)ی لەسەر دەخوێنرێ.

## ئەنجام

مــرۆڤ لە ڕێڕەوی گــەشــەســەندنی خــۆیدا، لە ئەنجــامی بەرەو ڕووبوونەوەی لەگــەڵ ســروشــتــدا، دوای ئەوەی بەســەدان و هەزاران ئەزموونـدا ڕەت بووە، کۆمەڵێک قەناعەتی لەلا دروست بووە. هەروەها لە سۆنگەی پەی نەبردنییەوە بە دیاردە سروشتییەکان و نهێنییەکانی گەردوون، پەنای بۆ سیحر و ئەفسانە بردووە. بۆ لێکدانەوەی هەر دیاردەیەک ئەفســانەیەک یان زیاتری ئەفــراندووە. مــرۆڤ هاتووە ژمارەیشی تێکەڵ بە ئەفسانە کردووە.

ژمارە سێ، وەک گەلێک ژمارەی تر لە نێو سرووت و ئاین و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیر بووە. خزاوەتە نێو ئەدەبی میللیشەوە، بەپەند و مەتەڵ و... هتد ئێمە لەم نووسینەدا، باسمان لە مەتەڵی کوردەواری و پێوەندیی لەگەڵ ژمارە سێدا نەکرد، ئەگەرچی لە دەیان مەتەڵدا، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ مەبەستی دەم تێکەڵبوون ڕۆنراون، دووبارە دەبنەوە.

ڕەنگە کۆنترین مەتەڵێک گەیشتبێتە لامان، ئەوەبێ کە لە شانۆییە بەناوبانگەکەی سۆفۆکلیس "ئۆدیب بە پادشایی" دا هاتووە. ئەم دەقە چەند سەدەیەک بەر لە زاین نووسراوە. لە دەقەکەدا هاتووە: "ئەبولهەول" دڕندەیەکە، بە لەش شێرە، بە ڕوخسار ئافرەتە و باڵی هەڵۆی هەیە. نزیک بە شوورەکانی شاری "تیبە" لە نێو دارستانێکەوە لە "ئۆدیب" دەردەپەڕێ و مەتەڵەکەی لێ دادەهێنێ. ئەگەر نەیزانێت ئەوا وەک هەموو قوربانییەکانی پێشووتری ئەمیش دەکاتە نێچیری خۆی: «ئەو گیاندارە چییە، کە سەرلەبەیانی لەسەر چوار دەڕوا، نیوەڕۆ لەسەر دوو، ئێوارە

لەسەر سێ دەڕوات؟»

ئۆدیب وەڵامی دەداتەوە «ئەوە مـرۆڤـە، بـە منداڵی بـەدوو دەست و دوو پێ گاگۆڵکی دەکات، بەگەورەیی بە دوو پێ دەڕوات، بەپیریی بە دوو پێ و گۆچانێک!» واتە مەتەڵەکە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤی کردووە بە سێ بەشەوە.

لەم سـەردەمی دیجـیتـاڵەدا، هەمـوو ئـامـارەکـان بە ژمـارە ئـەنجـام دەدرێن. ژمـارە گـرینگیـیـەکی زۆری لە ژیانی نوێدا هەیە. بەبێ ژمـارە کار ناڕوات و ژیان دەوەستێ. "گالیلۆ" لە ساڵی (١٦٢٣ز)دا وتوویەتی: «خواوەند سروشتی بە زمانی بیرکاری داڕشتووە»

ئەمـڕۆ گـەردوونیـیـەکـان "الفلکیـون"، بۆ هـەر "بورجـێک، کلوویەک" ژمـارەکیـان داناوە. کە ژمارەی بەخت و ئاواتی ئەو کەسـەیە. بۆ نموونە، ژمـارەی لەبار بۆ لەدایکبـووانی کلووی کـەوان "قـوس" ژمـارە سـێـیـە. ئەمـیش بە هـەسـارەی "مـشـتـەری"یـەوە بەسـتـراوە، کـە هێـمـای بەخت و گـەشـبـینی و سـەرکـەوتنە. واتە ئەوانەی لەدایکبـووی برجی کـەوان بن (٢٢ی تەشرینی دووەم تا ٢١ی کانوونی دووەم) ژمارە سێیان پێوە دێ.

سەرچاوەکان:

(١) شـێخ مـحـمـد خـاڵ، پەندی پێـشـینان، چاپی دووەم، چاپخـانـەی کـامـەرانی، سلێمانی، ١٩٧١

(٢) عمر شێخ الله علی، پەندی کوردی، دار الحریە، بغداد، ١٩٨٠.

(٣) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٦٠

(٤) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی "الحوادث"، بغداد، ١٩٨٤

(٥) محەمەد فەریق حەسن، مەملەکەتی ماسی، سلێمانی، ١٩٩٦

(٦) د. عمر الطالب، أثر البيئة في الحكاية الشعبية العراقية، دار الحرية، بغداد، ١٩٨١، ص: (٨٣ – ٥٨).

(٧) التراث الشعبي، العدد (٧، ٨) ١٩٨٤

(٨) طه باقر، مقدمة في أدب العراق القديم، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦

(٩) طه باقر، ملحمة گلگامش، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٥

(١٠) د. أحمد كمال زكي، الاساطير، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩، ص: (١٠٨).

(١١) د. سيد عويس، الخلود في التراث الشعب المصري، دار المعارف، ١٩٩٦

(١٢) أ. پيترا، مدخل الى تأريخ الاغريق، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز، جامعة الموصل، ١٩٧٧

(١٣) إبن القيم الجوزية، كتاب الروح، ١٣٥٧ هـ ، ص: ٢٧٦

(١٤) محمد حسنين هيكل، مدافع آيه الله، ط (١)، دار الشرق ، ١٩٨٢، ص: (١٠٨).

(١٥) ك، ك، راثظين، الاسطورة، ترجمة: جعفر صادق الخليلي، ط (١)، بيروت، ١٩٨١، ص: (٩٠).

(١٦) مصطفى إبراهيم الزلمي ، مدي سلطان الارادة فى الطلاق ، ج (١) ، ط (١) ، ١٩٨٤

(١٧) توفيق الحكيم، ئۆديبی پاشا، وەرگێرانی: کاکەی فەلاح ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٧٨.

# من و خوێنەر

لە ئێستادا، خۆم وەک ئەو ڕێبوارە دێتە پێش چاو بە سواری ئەسپەکەیەوە، لە هەوای خۆیدایە. دەستی ناوەتە بناگوێی و لە کانگەی دڵییەوە گۆرانی دەڵێ و هەر ئاگای لێ نییە لە دەوروپشتیدا چی دەگوزەرێ. باکی بەوە نییە کێ گوێی لێیەتی. ڕەنگە ئەو بۆ غەریبی خۆی گۆرانی بچڕێ. یان دەشێ بڵێم: من ئەو ڕووبارە خوڕەم بەدەم هاژە هاژ و شەپۆلانەوە دەڕوات و ئاوڕ ناداتەوە. باکی پێ نییە، بگرە هەر ئاگایشی لێ نییە، کێ گوێی بۆ خوڕەی شەپۆلەکانی ڕاگرتووە؟ یان کێ سەرنجی کەفە ژیلەی سەرئاوکەوتووی دەدا و کێ ماسییەکانی نێوی ڕاو دەکات؟ کامانەن ئەو مەلانەی ڕۆژانە دێنە کەناری و لە ئاوەکەی دەخۆنەوە؟ شتێکی ڕوونیشە کە بۆ کێ دەنووسی؟ و بۆ چی دەنووسی؟ دوو پرسیاری جیاوازن.

نووسەر هەن، ئەگەر خوێنەریشیان نەبێ هەر دەنووسن. منیش، بە تایبەت لەم هەلومەرجی غەریبییەدا قەرزارباری خوێنەر نیم. بە ڕەنجی شانی خۆم ژیاوم نەک لەسەر داهاتی کتێبەکانم. ئەو کەسەی ڕەخنە لە نووسەرێ دەگرێت گەرەکە بەرهەمەکانی ئەوی لە ماڵی خۆیدا وەک گوڵ پاراستبێ. دەنا هیچ مافێکی بەسەریەوە نییە. بە ڕاشکاوی لە ئێستادا منەتباری هیچ خوێنەر و هیچ گرووپ و لایەنێک نیم. تاکو ئەمڕۆیش، بەنیازی هاندانم، هیچ لایەنێ تەنانەت قەڵەم جافێکیشی خەڵات نەکردووم. ئەگەر سەر بە هەر نەتەوەیەکی تری ئەم زەوییە بوومایە،

هەڵبەت چەندین جار ڕێزیان لێ نابووم. بۆیە لەم ڕووەوە شا بە سەپان نازانم!

خۆ من نووسەری ئەوروپایی نیم، بێ ئەوەی خۆی هەر ئاگاشی لێ بێ، سەری ساڵ لە بەرانبەر خوێندنەوەی کتێبەکانیدا، هەزاران کرۆن ڕژاوەتە نێو کۆنتۆکەیەوە و بەئاسانی بیشزانێ ئەو ساڵە چەند جار کتێبەکانی خوازراون. ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە. هێشتا کتێب لە وڵاتی ئێمەدا بەکاڵا نەبووە و بە هەندیش نەگیراوە! مەگەر جاروبارە، لە لایەن هەندێ لە ئازیزان، خوێنەرانی ئینتەرنێتەوە کورتەنامەی دەستخۆشیم پێ بگات! منیش لێرەوە بەو ئازیزانە دەڵێم ڕێزیان لەسەر چاوم و تەمەن درێژ بن. پێزانینی خۆم دەردەبڕم.

بەڵام ئەوەیش بزانە کە تاکی کورد بەگشتی و خوێنەری کورد بەتایبەتی بەرچاوتەنگ و پێنەزانن. دەبوایە نووسەرە داهێنەرەکان، وەک نووسەری ئەو میللەتانەی دنیا بەدەیان هەزار نامەی پیرۆزبایی و دەستخۆشییان لە لایەن ئەو خەڵکەوە پێ بگەیشتایە. کەچی کاتێ نووسەرێکی کورد پێیەک خوار دادەنێت، هەر خوێنەرە و لێی دەبێتە باوەپیارە و زڕداک و براگەورە پێیدا هەڵدەکاڵێن و سەرزەنشتی دەکەن! سەیرە، ئەو ئازیزانە نووسەر بە فریشتەی ئاسمان دەزانن. پێیان وایە ئەو نابێ بەهەڵەدا بچێت. لە کاتێکدا پێغەمبەرانیش هەڵەیان کردووە! هەن لە نووسەران دەبنە (قازی!) و دادگایی دەکەن. بەڵکو هەندێ پێی لێ هەڵدەبڕن و لە خۆیشیان ڕادەبینن بێڕێزیشیان بەرامبەر بکەن! ئەمەیش یەکێکە لە نیشانەکانی میللەتی دواکەوتوو.

ئەو هەڵۆیەی بەسەر دوندی چیاوە هەڵنیشتووە بۆ کێ دەسیرێنێ؟ لەوانەیە بۆ بەرد و دار، بۆ خودی خۆی، بۆ ئاسمانی شین بسیرێنێ.

دەسا منیش هەر ئاوا دەنووسم.. کاتێکیش دەنووسم، پراکتیزەی گەمە و ئارەزووی خۆم دەکەم.. چێژ لەو پرۆسەی نووسینە دەبینم و تەمەنی خۆمی لەگەڵدا دادەگیرسێنم. هیچ شتێک بەلامەوە لەوە خۆشتر نییە کاتێ لە پاکنووسی دەقێک دەبمەوە و بەشوێنیدا پێکێک هەڵدەدەم. ئەوەیش بزانە، کە ئەو چیرۆکەی ئەمڕۆ دەینووسم، ڕەخنەیە لەوەی پێشترم. بەو مانایەی دەمەوێ لەوەی پێشووتر جیاواز بێت. جیاواز لە هەموو ڕوویەکەوە.

دەزگاکانی چاپ پارە بە ڕووناکبیری نادەن. ئەمەیش مانای وایە بێ نرخ سەیری دەکەن. ئەو دەزگایەشی وا نرخی بۆ کتێب داناوە، نرخی "تەپاڵە"ی پێ دەدات! دەزگا پێوەندیدارەکان نووسەریان وەلاناوە. کوا، سالآنە چەند خەڵاتی ئەدەبی هەیە؟ براله ئەمڕۆ کێ گوێ لە نووسەر دەگرێ و سەرنجەکانی بەهەند دەگرێ؟ لەوێندەرێ بەرە کۆن و لبادە کۆن و فافۆنە شکاو و بوتڵی بەتاڵ لە ئەدەب و هونەر و زانست بەنرخترن.

من (حساب) بۆ خوێنەرێ دەکەم بەئاگا بێت. هاوڕێم بێ، دەمەتەقێم لەگەڵدا بکات. لێزانانە لەسەر بەرهەمەکانم بدوێ. ڕووناکبیر بێ. بە ئینساف بێ. شارەزای ئەو تەرزە ئەدەبە بێت دەینووسم. بەڵام مەخابن ئەم خوێنەرە لە کوولەکەی تەڕیشدا ناوی نییە! یان هیچ نەبێت من نەمدیوە. خەو لێ زڕاو هەیە درەنگانی شەو دەست دەداتە کتێبێک بەو نیازەی بەدەم خوێندنەوەیەوە خەو بیباتەوە. واتە لە بری "ڤالیۆم" کتێب بەکار دەبات.

پێکەنینم بە خوێنەری ڕەمەکی دێت. لەو بینەرانە دەچێت، دوای ئەوەی درامایەکی کوردی دەبینێت، لەسەر شەقامەکان یەخەی

ئەکتەرەکە دەگرێت و سەرکۆنەی دەکات و خۆی لێ سوور دەکاتەوە و پێی دەڵێت: «ئەرێ کابرا تۆ بۆچی ئەوەندە لەگەڵ ژن و منداڵەکانتدا خراپی؟ ئەرێ ئەوە تۆ بۆچی کچەکەت بەو کوڕە باشە نەدا؟»

کورد میللەتێکە وا هەڵکەوتووە، ئەگەر بە ملیۆنان دۆلاری ڕەشی هەبێت، هێشتا هەر ئامادە نییە دەست بەگیرفانیدا بکات و سەد دۆلار بە کەڤاڵێکی شێوەکار، یان دە دۆلار بە کتێبێک بدات. تاکی کورد دەمرێت و مێشکی ساف و خاڵییە. هیچی ئەوتۆی تێدا "سەیڤ" نەکراوە شیاو بێت.

وا تەمەنێکە دەنووسم. ڕێک نەکەوتووە جارێ لە جاران پێکەوە لە تەک خوێنەرێکی زانادا دابنیشم دوو قاوە بخۆینەوە و دەمەتەقێیەک بکەین. لەم غەریبایەتییە، هەر نەیکردبێ. من ئەدەب دەنووسم، بەڵام لە بۆنەکاندا هەر ئازیزێک دەبینم پرسی سیاسەتم لەلا دەورووژێنێ! دەکرێ بڵێم خوێنەری وریا دەگمەنە. ئێمە ئاسنی سارد دەکوتین. ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار. من لە ساڵی ١٩٧٨دا کۆچیرۆکی "سێبەری ئەسپە شێ"م بە تیراژی دوو هەزار دانە و لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆچیرۆکی "ڕستێک زەنگانەی ئاوی"م بە تیراژی سێ هەزار دانە چاپ کردووە. کەچی ئێستا کوردی باشوور سێ هەزار خوێنەری نییە. لە نووسینێکدا باسم کردووە کە "شەش هەزار" کوردی باشوور یەک کتێبیان بەردەکەوێ! ئایا لە دۆخی وەهادا خوێنەر بوونی هەیە؟ من لە نێو لاپەڕەی کتێبەکانمدا ئامادەم، لە لاپەڕەی گەشی ماڵپەڕەکاندا ئامادەم، ئەدی خوێنەرە ئازیزەکان لە کوێن؟

کورد میللەتێکی خەمساردە. وەک پێویست بە ئەرکی سەرشانی هەڵناسێ. هەر نەوەیەک دێت و ئەرکە قورسەکان لە شانی خۆی

دادەمــاڵێت و بــە کــۆڵی ئەوەی داهـاتـوویدا دەدات. بۆیە دەبـینـی ئەوەکـان لەبن باری تاقــەتپــڕووکــێندا پشــتــیــان شکاوە. پێـدەچێ بۆ پرسی خـوێندنەوەش هـەر وابێ. پێـدەچێ کـورد خـوێندنەوەشی بۆ ئەوەکـانی داهاتوو بەجێ هێشتبێ. خۆی "نائاگا" دەمرێ بەو هیوایەی ئەوەکانی داهاتوو سەرەتەقێیەک بکەن.

من ناخی خۆم ئاسوودە دەکەم. ئەگەر خوێنەری ڕاستەقینەش هەبێ، دەبێ ئەو خوێنەرە هاوڕێم بێت. بڵا بەخێر بێ. بەڵام کوا؟ خۆ دەبێ لە سالان و لە مانگان پرسیارێکی ماقووڵ بەڕوومدا بدا. خۆ دەبێ جارێ لە جاران سەبارەت بە یەکێک لە بەرهەمەکانم ئیشکالێک، کێشەیەکی لەلا دروست ببێ، کــاتێ دەیانخــوێنێـــتــەوە. یان دەبێ جـــارێک بەدحاڵیبوونێکی لەلا دروست بێت و لەم کەلێنەوە لێم بپرسێ. خۆ من پۆستی ئەلکترۆنیم هەیە. ناونیشانم هەیە. تەلەفۆنی ماڵ و دەستیشم هەیە. لە ژیانیشدا کەسێکی کراوەم. نووسینەکانیشم باسی ژیان لەوپەڕی کێشە و ملانێدا دەکەن. ملانێ و پێکداهەڵپڕژانی خەڵک، لە هەڕەتی خۆیاندا. واتە بەسەر ژیاندا کراومەتەوە، ئەدی خوێنەری کارا ئەگەر هەیە کوا؟

شاعیر هەر نەیسە، ئەو زیاتر لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێت. "من" لە شیعردا دەشێ خودی شاعیرەکە بێت. ئەگەر خوێنەریشی کەم بێت کارێکە ڕێی تێ دەچێت. بەڵام خۆ من باسی کێشەی خەڵک دەکەم، باسی ئێوە دەکەم و ئێوەش خۆتان لێ نەبان کردووە.. بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم: من لەم سەردەمەدا کەسێکی چالاکم. ئایا چاپکردنی چوار کتێب لە ساڵێکدا «لە ساڵی ٢٠٠٨» چالاکی ناگەیەنێ؟

گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە میللەتی کورد بە گشتی مرۆڤی

داهێنەری خۆش ناوێ و حەز لە چارەی ناکا. بەڵکو تۆ هەتا تاکێکی گەلۆر بیت خۆشەویستتریت. بەدرێژاییی مێژوو داهێنەران لە کوردستان هەڵاتوون. یان بە غەریبی لە ماڵ و زێدی خۆیاندا ژیاون. پرسیارەکە لێرەدایە: ئەگەر ئێمە خوێنەرمان نەبێت، داهێنەر لە کوێیە و چ کارەیە؟ ئەم پرسە وەک پێوەندیی نێوان شانۆ و بینەر وەهایە. دەقی شانۆیی لە دووتوێی کتێبدا جووڵە و بایەخێکی نییە هەتا نەچێتە سەر تەختەی شانۆ و بەرجەستە نەکرێت و بینەران ڕووی تێ نەکەن. دەسا بۆ چیرۆک و ڕۆمانیش خوێنەر لە جێی بینەرە. ڕەنگە خوێنەر هەبن، بەڵام ناسۆسیال بن؛ واتە ناکۆمەڵایەتی بن، دەنا بۆچی گوێم لە دەنگیان نییە؟ بۆچی چاوم لە ڕەنگیان نییە؟

من بەرگدروو نیم، جلک پڕ بەبەری مەعمیلەکانم بدوورم. من ئەو جلکە بە بەری قارەمانی چیرۆکەکانم دەبڕم کە بەپێی زەمینەی قارەمانەکان بە شیاوی قەدوباڵای ئەوانی دەزانم. ئەگەر ئەدەب بەگوێرەی دڵی خوێنەر نووسرا، ئەوا دەستی لێ بشۆ.

بڕێک جاریش هەست بەپووچگەرایی پرۆسەی نووسین دەکەم. بەتایبەت کاتێک دەبینم لەسەر کتێبێکی بەنرخ و دانسقە نووسراوە: «٥٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە» شەرم دام دەگرێت. ٥٠٠ دانە کتێب بۆ شەش ملیۆن کەس لە باشوور! ئالێرەدا ئاستی خوێندنەوەی میللەتەکەمم بۆ دەردەکەوێ. ئەدی ئەو هەموو زانکۆیانە چی بەرهەم دێنن؟ ئەدی نوژداران کە بە هەزارانن. مامۆستایانی زانکۆ کە بە هەزارانن. ئەندازیاران کە بە هەزارانن، پارێزەران کە ئەوانیش دیسان بە هەزارانن؟ مانای وایە نزیکەی هەموویان ناخوێننەوە. خۆ ئەم توێژانە دەرامەتیشیان خراپ نییە. نرخی کتێبیش لە کوردستان هەرزانە. باشە

ناکرێ ئەمانە ساڵانە پارەی چوار "ئایس کریم" بدەن بە چوار کتێب و بیخوێننەوە؟

لە جیهاندا وەهایە. نووسەر و ڕەخنەگر و خوێنەر سێکوچکەیەکی تەواوکەری یەکتری پێک دێنن. بەڵام لە کوردستاندا تەنیا نووسەر هەیە و دووانەکەی تر نادیارن. یان بەحاڵ، وەک تارماییی دیارن! ئەدەب لە وڵاتان لەسەر سێ لاقان دەڕات، وەلێ لەلای ئێمەی کورد جووتێک لاقی گردەبڕ شکاوە! تەنانەت ڕەخنەی ئەکادیمیش نائامادەیە. ئەمەیش لە خۆیدا مانای وایە مامۆستایانی زانکۆ، لە بەشەکانی ئەدەب نائامادە و ناکاران. ڕاستە کتێبی خراپ پڕی بازاڕە، بەڵام کتێبی ئاست بەرز لە هەموو بوارەکاندا هەیە. من شایەتی دەدەم کورد ئێستا لە ئاستی بەرزدا چیرۆک و ڕۆمان و شیعری هەیە. بەڵام خوێنەری ئاست بەرزی کەمە.

خەڵکی ئەم سەردەمە کوشتەی دوای ڕووکەشن. جلکی جوان دەپۆشن. چەکی جوان حەمایڵ دەکەن. سواری ئۆتۆمبێلی دوامۆدیل دەبن. ماڵە جوانەکانیان بەنێومالّی گران و جوان دەڕازێننەوە، بەڵام مێشکیان هەژارە و خەمی سەری خۆی ناخۆن!

جاران بەعس ئابلّووقەی ڕووناکبیریی لەسەر دانابووین. نەیدەهێشت، ئەدەبی جوان و فیکری ڕۆشن بگاتە لامان. کەچی ئێستا خۆمان پشتمان تێ کردووە. بە جەهالەت ڕاهاتووین. دەبێ وەک لێدانی کارەبا چلۆن لەسەری نەخۆش دەدرێت ئاوا مێشکمان لە کارەبا بدرێت هەتا دەمارەکانمان ڕاتەکێن و بێینەوە هۆش خۆمان. ئەوەتا ئێستا خۆمان ئابلّووقەی ڕۆشنبیریمان لەسەر ماڵەکانی خۆمان داناوە.

تاکی کورد دەیان ساڵە لێ ڕاهاتووە ئەگەر لێشی زیاد بێت، لە هەر

کوێ هێلکە بدرێت دەچێ لەوێندەرێ لە ڕیزدا بۆی دەوەستێ و سەرەی بۆ دەگرێ. بەڵام «تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا!» وەک گەلێکی زیندوو، تاکی کوردیش سەرەی بۆ کتێبێکی گرینگ گرتبێ.

بەڵێ بەندە لە خوێنەری بێئاگا کە هەڕی لە بڕی جیا ناکاتەوە تووڕەم. نووسەر هەن، لاساییکردنەوەی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەم بە مۆدێرن بەوانی هەژار دەفرۆشن و ئەوانیش سەری ڕەزامەندییان بۆ دەلەقێنن. ئەوان بەشداریی گفتوگۆ ناکەن. من ناڵێم هەموو خوێنەرێک دەبێ توێژەر بێت و لەوسەری هاتبێتەوە. بەڵام خۆ دەبێ ئەوەندە بزانێ چیرۆکی کۆن و نوێ، کوردی و ناکوردی، داهێنراو و لاسایی لەیەک هەڵاوێرێ.

بە درێژاییی تەمەنم لە هەر کوێیەک بووبێتم کاریگەریی ئەرێنیم لەسەر دەوروبەرم هەبووە. هانم داون بخوێننەوە. بە زۆری لە هەر قوتابخانەیەک بووبێتم کتێبخانەکەی بە دەست منەوە بووە و هەردەم دەرگەی ئاوەڵا بووە. لە ژووری پۆلیشدا هەرکاتێ کۆوارەکانی بەیان و کاروان و ڕۆشنبیری نوێ دەرچووبن قوتابییەکانم لێ ئاگادار کردوونەتەوە. ناوی کتێبی نوێی بەسوودم لەسەر تەختە ڕەشەکە بۆ نووسیون و زۆریشیان بە قسەیان کردووم و کڕیویانە. بەڵام لەم غەریبییە ئەگەر چی کاتی زیاترم بەدەستەوەیە و لە جارانیش چالاکترم. ئەوەتا لە سایتەکانیشدا دەنووسم و لە تەلەڤزیۆنە لۆکالەکەی پایتەختیشدا بەرنامەیەکم بەناوی "هەر جاری کتێبێک" هەیە و هەر کتێبێک بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و دانیمارکی باس لە ئەدەب و مێژوو و... هتد کورد بکات من پیشانیان دەدەم و بەپێی توانا قسەیان لەسەر دەکەم، بەڵام بەڕاشکاوانە دەڵێم: کاریگەرییەکی ئەوتۆم نییە و

قسـەی خۆم و ئەو نووسـەرە ئازیزانەی وا کتێبەکانیان پیشان دەدەم لە بەرد دەدەم.

دەکرێ خوێنەریش بە چەند بارێکدا بپۆلێنین. بۆ نموونە خوێنەری بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین. خوێنەر هەن جدین و هەن درەنگانی شـەو بەو نیازە کتێب بەدەستەوە دەگرن لایەلایەیان بۆ بکات و بیانخاتە خەو. یەک لەباری خـۆم، پێش ڕاپەڕین هەسـتم بە بوونـی توێژێک لە خـوێنەر دەکـــــرد، تـەواو بـەدەربـەست بـوون. ئـەوان لای خـــــۆیانـەوە، لە ڕێـی بەرهەمەکانیانەوە نووسەرانیان دەناسی و پۆلێنیان کردبوون. هەسـتم دەکرد ئەو توێژە بە شـەوقەوە لە دووی بەرهەمـەکانم دەگەڕێن، ئەگەرچی بە ژمـــارە و چەندێتی ئەوەندە زۆر نـەبوون. ئـەو خـوێنـەرانەی ئـەوســا دەهاتنە کۆڕە ئەدەبییەکان، پرسیاری جوانیان دەورووژاند و بەگەرمی گەنگەشەیان لە تەک نووسەراندا دەکرد کە منیش یەکێک بووم لەوان.

ئەو خوێنەرانە گەلێک جاران لە ڕێ و بانان، لە نێو شـاردا، یان لەو سـەفـەرانەدا کـە بەهـۆی پرسـە و شـاییـیـەوە یان بەهۆی ئازادبـوونی زیندانییەوە بۆ سـەردانی خزمان دەچوومە قەراخ و گەرمیان. لەوێ لێم نزیک دەبوونەوە، بە ئەدەب و ڕێزەوە داوای مۆڵەتیان دەکـرد. سـەبارەت بەو چیرۆکانەی ناوبەناو لە کۆواری نووسەری کورددا بڵاوم دەکردنەوە پرسـیاریان دەورووژاند. ڕای جوانیـان دەردەبڕی. هەبوون ئامـادەییـان پیشان دەدا. ئەو چیرۆکانەی کە لـە بڵاقۆکەکانی ئەو سەردەمەدا نارۆن بەڕۆنیۆ و بە دەسـتخەتیش بەنێو خەڵکدا بڵاویان بکەنەوە. ڕاکانی ئەو خـوێنەرانە و ئـامـادەییـیـان بۆ هاوکـاری، بـۆ منی بێ پشت و پەنای تەنیاباڵ، لەو سـەردەمە تاریک و شوومەدا، خەڵات و هاندان و دەست بە پشـتـدادانێکی بێ وێنە بوو. لە شـەوەزەنگدا تروسکایی بوو. سـەرم

دەسـورِمـا چلـۆن ئەو ئازیزانە، لەو کـوێرە دێیـە ئابلّـووقـەدراوانەدا، بەو رادەیە نووسـەرانیان لە رێی بەرهەمەکانیانەوە دەناسی.

سـەبارەت خـوێنەری بەدەربەست لەجێیە ئەم رووداوە کە بۆ من مایەی شانازییە بگێرمەوە. سەرەتای هـەشتایەکانی سـەدەی بیستەم بوو. لە بن دیواری فەرمـانگەی پۆستی سلێمـانیدا رێزدارێک بەناوی (أ، ب) کتێبی بۆ فـرۆشتن دادەنـا. لەو دەمـەدا کـورەکـەی کـە مـێـردمنداڵێک بوو تازە دەگـەیشـتـێ لەوێ بوو. داوای کـۆواری "نووسـەری کـورد"م لـێ کـرد. لە وەڵامـدا وتی: ئـەو ژمـارەیەیان بە (٥٠٠) و ئـەمـەشـیـان بە (٧٥٠) فلس.. منیش پرسـیم: «هۆی ئەو جیـاوازییـە چییـە؟» لە وەڵامـدا وتی: «ئاخـر ئەم ژمارەیەیان چیرۆکێکی حەمە فەریق حەسـەنی تێدایە» ئەو مەبەستی پێی چیـرۆکی "دووربین" بـوو. بەداخـەوە دوای راپەرین دۆ و دۆشـاو تێکەڵ بوون. بەتـایبـەت بـوارەکـانی ئەدەب و هـونەر بە جـۆرێک تێکچـوون و لە گرێژەنە چوون؛ ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەکەوتوونەتەوە سەر راستەرێ.

باوەرِ ناکـەم نووسـەر بە پێی مگێـز و مـەرجـەکـانی خـوێنەر چیـرۆک بنووسێ. ئەوە کەسـانی سیاسین لـە هـەر جێیـەک بن بە گوێرەی دڵی ئەو کۆمەڵە خـەڵکە دەدوێن کە لە بەرچاویانن. کارێکی سـەختیشە نووسـەر بزانێت خوێنەر چ جۆرە چیرۆکێکی گەرەکە و کام جۆرە زمانی نووسینە بەگیـانی خۆشـە. لانی کـەم هێشـتـا لەم رووەوە هیچ کوردێک تۆژینەوەی مـەیدانیی وەهـای کـە پشـتی پـێ ببـەسـترێت ئەنجام نەداوە. ئێمـە هیچ ئامار و بەڵگەیەکمان لەم بارەیەوە لە بەردەسـتدا نییە. بەڵام سـەبارەت بە پرسـی روونی و تەمـومژ، هەندێک سـتانداردی جیـهـانی لە بەردەسـتدان. هـەر وەک نموونـە، "گـەرەکـە!" کـورتەچیـرۆک وەڵامـی لزگـێک پرسـیـاری خــوێنـەری وریـا، یان خــوێنکاری بـەدەربەسـت بداتـەوە. گــریمان تۆ

قوتابییەکی، وەک پرۆگرامی خوێندن لە ژانری کورتەچیرۆک دەکۆڵییەوە. لە دۆخێکی وەهادا گەرەکە بیرۆکە، تیمە، قارەمانی یەکەم و (بی) قارەمان و لزگێکی درێژ لەم بابەتە لە چیرۆکدا ئاماژە پێ بدرێن. ئەگینا ئەو قوتابییە ناتوانێت بەرهەمەکە لە خانەی کورتەچیرۆکدا پۆلێن بکا. دیارە ئەم تەرحە چیرۆکەیش داوای ڕوونیمان لێ دەکات، نەک تەمتومان و ئاڵۆزی. چونکە لە سەمتی هەر چیرۆکێکدا، دەبێت ئەم ڕەگەزانە هەبن و لانی کەمی مافی خۆیان پێ درابێت.

وەلێ "گومان"یش هەردەم لە چیرۆکی نوێدا لە ئارادایە و تەنکە تەمێکی بە دەوری دەقدا بڵاو کردووەتەوە. کەچی خوێنەری وا هەیە تەنیا چاوی پێدا دەخشێنێ و زەینی لەلایەکی ترە. واتە زەینی پەرت بووە. ئێ مرۆڤیش تەنیا یەک مێشکی هەیە، فریای ئەوە ناکەوێت هەم سەیری بەرنامەیەکی تیڤی بکات و هەمیش چیرۆک بخوێنێتەوە. لەو تافەدا ئەمیشی دەچێ و ئەویشی دەچێ. وەلێ خوێنەریش هەیە کاتی تەواوی بۆ تەرخان دەکات و دەچێتە بنج و بناوانی. دەیەوێ لەو دەقەوە زانیاری بەرهەم بهێنێت. واتە خوێنەرێکی بەدەربەست و چالاکە. کەواتە لە دۆخی وەهادا دەق بەسەر خوێنەری وریادا کراوەتەوە. وەلێ خوێنەری وەها لە نێو کورددا دەگمەنە.

چیرۆکنووس پێشوەختە بە شێوەیەکی ڕەنگبۆڕێژراوی پەنامەکی، لە کۆششدایە خوێنەری لێ نەتۆرێ، پێوەندیی نێوانیان هەر بمێنێت و پووشێکی تێ نەکەوێ. ئەویش بەوەی ڕێزی لێ بگرێ. ئەم ڕێزەیش بە نوێکردنەوەی کەرەستەکانی نووسین، زمانی ئاست بەرز، وروژاندنی بابەتی نرتونوێی پەی پێ نەبراو، گۆڕینی تەکنیک لە نێواندا دێتە ئاراوە. سووریش دەزانم، ئەو چیرۆکانەی کە زیاتر پشت بە "گفتوگۆ"

دەبەستن کاریگەرییان لەسەر خوێنەر پترە هەتا ئەوانەی پشت بەگێڕانەوەی ڕووت "سرد" دەبەستن. چونکە ئەگەر گوتوبێژەکە لە نێوان دوو قارەماندا بوو (بۆ نموونە)؛ ئەوا خوێنەر دەبێتە سێیەمیان و بەشدارییان دەکات.

نووسەر لەلای خۆیەوە، بەدوای نووسینی دەقدا، چەند پلەیەک، یان چەند ئاستێکی بۆ خوێنەر داناوە و حسابیان بۆ دەکات. وەلێ ڕاوبۆچوونی توێژێکیان زیاتر بەهەند دەگرێت و لە ناخەوە تەنیا موجامەلەی باقی توێژەکانی تر دەکات. هیچ نەبێت بۆ خۆم وەهام. ئەو ڕایەم بە مێشکدا ناچێت کە هەندێ چیرۆکنووس دەڵێن: «بۆ خوێنەر، یان بۆ خوێندنەوە چیرۆک نانووسین!» چونکە لە وەڵامدا دەبێت پێیان بڵێیت: «تۆ کاتێک لە کۆوار و ڕۆژنامە، یان لە دووتوێی کتێبێکدا، یاخۆ لە ماڵپەڕێکدا چیرۆک بڵاو دەکەیەوە. ئەدی تەواوی ئەو پێگەیانەی وا ناوم هێنان، ئەگەر بۆ خوێندنەوە نین، بۆ چ مەبەستێکن؟ کتێب بۆ خوێندنەوەیە ئازیزم!» جا ئەو ئازیزانە ڕاستتر وایە بڵێن، ڕای خوێنەر بەهەند ناگرین و گرینگی پێ نادەین.

خوێنەری کارا و بەرهەمهێنیش کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە، ئەودیوی ڕووداوەکانیش تاوتوێ دەکات و دەیەوێ بزانێت دەق چ گوتارێکی لەودیو بەسەرهاتەکانەوە پەنهان کردووە. "ئەدۆنیس" لە کورتە وتارێکدا، کە لە "١٩٩٤" دا، لە باسی ڕۆماننووسی سودانی "الطيب صالح"دا، بە سەردێری «مكان لهجرة داخل المكان. شوێنێک بۆ کۆچ لە نێو شوێندا» نووسیوێتی: «ئێمە بۆ ئەوە ناخوێنینەوە تاکو بەڕێوەچوونی ڕووداوەکە بزانین، بەڵکو تاکو بزانین چی لە پشتەوەیە.» یەک لەباری خۆم، کاتێک چیرۆک یان ڕۆمانی نووسەرێکی دوورەدەستی، بە من نامۆی وەک:

ژاپۆنی، چینی... هتد دەخوێنمەوە؛ وا هەست دەکەم نووسەر ئەو دەقەی بە تایبەکاری بۆ منی خوێنەر نووسیوە. دەبم بە پشکێک لەو کارە. وەک ئەوەی منیش لەو سەردەمەدا و لە نزیک ئەو ڕووداوانەوە ژیابێتم. ئاوایە کاری گەورە نووسەران. هەر دەڵێی بۆ ئێستا و بۆ منی خوێنەریشی نووسیوە.

پێم وایە نووسەر گەلێک کەیفی پێ دێ، کاتێ دەبینێ، چیرۆکەکەی لە ماڵپەڕێکدا چەند هەزار جارێک کرتەی لەسەر کراوە. دیاردەی هەڵکشانی ژمارەی خوێنەر، مایەی شادییە و دەست بەشانی نووسەردا دەدا، کۆڵێکیش دڵخۆشی دەکات. خۆ ئەگەر بزانێ خوێنەرەکان وریا و وردبین ئەوا دەها چاکتر. خوێنەری نموونەیی ئەو کەسەیە بتوانێت شرۆڤەی دەق بکات و بۆ سەر ئەو ڕەگەزانەی هەرەوەزییان لە داڕشتنی ئەو دەقەدا کردووە ورد بکاتەوە. یان لێیان نزیک ببێتەوە. بەڵام ئەم جۆرە خوێنەرە دەگمەنە. دەکرێ بەم جۆرەیان بڵێین، خوێنەری بەشدار.

هەرچۆنێ بێت، پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر برێک ئاڵۆزە و قەت وەک پێوەندیی نێوان بازرگان و کاڵا نییە. چونکە دەکرێ کڕیاری کاڵای بازرگانی بەپێی کولتوور و زەوقی خۆی، یان بەپێی نرخ و باش و خراپی کاڵایەکە مەرجی هەبێت، ئەوسا بیکڕێت و بەکاری بهێنێ. کڕیار بۆ خۆیشی بۆی هەیە کاڵا هاوردە بکات. وەلی نووسەر خۆی بەرهەمهێنەرەکەیە. جگەلەوەی، لەو بڕوایەدام نووسەرێکی سەرکەوتوو لەم دنیا بەرینەدا نادۆزیتەوە، بەنیازی سوود و قازانج دەستی دابێتە چیرۆک یان ڕۆماننووسین.

ئەمڕۆ ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، توانیویانە پتر لە جارانی سەردەمی قەڵەم و کاغەز، نووسەر و خوێنەر لە یەکتر نزیک بخەنەوە. پێم وایە هەر

نووســەرێک بگریت، چەند نـاسـراویش بێت، هێـشـتـا هەر، کـاتـێ لە مـاڵپـەرێکدا بەرهەمـێک بڵاو دەکـاتەوە، پێی خـۆشـە خـوێنەری وریا و بەدەربەست لە پەراوێزی دەقـەکـەیدا، لە بەشـی کـۆمـێنتـاردا، ئەگـەر بەچەند وشـەیەکیش بـووبێ دەقـەکـەی بەسـەربکەنەوە. بەباڵای ببـڕن و پەسەندی بدەن. وەلێ نووسەر لە ئان و ساتی نووسیندا ئاگای لە هیچی تر نییـە جگە لە دنیـای ئـەو دەقە و بە تەواویی لەو ژینگەیەدا دەژی. ئەو لەو چرکـەسـاتە برووسکەییـیـە، بارگـاوییـانەدا، وەک سـۆفـیی لێ دێت و هەرچی حسابی خوێنەر و دەوروپشتی بێت لە ئاگایی ئەودا بوونی نییە، چ جـای پۆلێنکردنی خـوێنەر. ئەو لەو تافـانەدا تەواو ئازادە. سـانسـۆری خوێنەریشی لەسـەر نییە، ئەگەر بێتو بشێت مگێزی خوێنەر بەسانسۆر بچوێنین.

ئەوپەڕی کـۆیلایەتیـیە کـاتێک نووسـەر لە ترسـی خـوێنەر نـەتوانێت و پرکێشی نەکات ئازادانە بنووسێت. بۆ خۆم، لەو ساتانەدا کە چیرۆک دەنووسم، خـوێنەرم لـە زەیندا نییـە و نایەتە سـەر پـەردەی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکـــان و ڕێ بە خـــۆم و بەقـــارەمـــانەکـــانیش ناگـــرێت. ئـەوە ڕۆمەڵخەزای قارەمانانی چیرۆکەکەن، لە پێش چاومدا دێن و دەچن و بە یەکدا هـەڵدەپژێن. خـەریکی جـەنگ و خـۆشـەویسـتین. هـەڵدێن، دەبەزن، دێنە گـۆ و دەشـیـرێـنن. خـوێنەر لەوێ نـین. لەو دەمـەدا بۆ خـۆیشـم دەبمە یەکەم بینەری ئەم کورتەدرامایە.

## زمان... ئاسایی و لاسایی

بەری هەر تشتێک بە زمانزان و زمانناسم تێ مەگە. ئەوەندە هەیە، لەو گوندانەی دیومن، لە هەر کۆڕێکدا بوویێتم گوێگرێکی باش بووم، ئەو وشە و دەربڕینە جوانەکانی گوێم لێ بووبن، بە شەوقەوە یاداشتم کردوون. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ژیرەیە کە لە نێو مێرغوزاری وشەدا دەژی. زمانیش بەرهەمی ژیرییە. دەرککردنیشە بە دەوروبەر و بە نهێنییەکانی ژیان. ئەو نهێنییانەی مرۆڤ پەی پێ بردبن، وشە و زاراوەیشی بۆ ڕۆناون و لە کۆگای زماندا پاراستوونی. هەر زمانیشە پێوەندییەکانمان لەگەڵ ژیاندا ڕێک دەخا. جۆن ستوارت میل دەڵێ: «زمان ڕۆشنایی عەقڵە»(*) هەروەک دەتوانین بڵێین زمان لە خۆیدا مەعریفەیشە.

کوردی، زمانی گۆرانی، شین و شایی، فیلم و شانۆ و وێژەیە، بە هەموو لقەکانییەوە. کوردی، ڕێزمانێکی قورسی نییە، گەلێک سانایە. کوردی وەک زمانی فەرمیی عەرەبی نییە تا "جلّفی یان عامی" ڕکابەری بێت و شانشانێنی لەگەڵدا بکات. لای ئێمە زمانی ماڵ و زمانی قوتابخانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. چۆن وشەکان گۆ دەکەی هەر وەهایشیان دەنووسیت. بۆ بیانییەکیش ئەگەر مەبەستی بێ، فێربوونی کوردی گەلێ ئاسانە.

کاتێ میللەتێک، لە ڕووی پۆلیتیک و سەربازییەوە دەستڕۆیشتوو بێ،

ئەوا زمانەکەیشی بەهێز دەبێ. ئەگەر لە پێگەی نێودەوڵەتیشدا بەتوانا بێ، ئەوا زمانەکەیشی بەتوانا دەبێ. ئەو بارودۆخە نالەبارەی لە باشووری کوردستان بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە، نیشانەی بێهێزیی ئەو سیستمەیە کە بەڕێوەی دەبات. زمان ئەوێتییە و گوزارشت لە تاکی کورد دەکات، بێهێزبوونیشی یەکسانە بە ناسنامە یان ئەوێتییەکی بێهێز.

لە کاتێکدا زمانی کوردی لە وڵاتانی سوریا و تورکیادا دەستبەسەرە، مانای وایە لەو وڵاتانەدا، خودی کوردیش وەک نەتەوەیەک پێمل و دەستبەسەرە. زمان لە وەها ژینگەیەکدا ناتوانێ خۆی بنوێنێت و شکۆفە بکات. ئەگەر سبەیرۆژ شۆڕشڤانانی باکوور توانییان زمانی کوردی لە تەپەسەری ڕزگار بکەن ئەوا تۆ دەتوانی گەواهی بدەی کە ئەوان بەهێز و کاران. واتە ئەگەر ئەوان بووژانەوە، بێگومان بەشوێنیدا زمانیش لەو پاژەی کوردستان دەبووژێتەوە. تەواوی کولتووریش بووژانەوە بەخۆیەوە دەبینێ. چونکە هەر لە جیاوازی نێوان زمانەکانەوە، جیاوازی کولتووری و ڕووناکبیرییش دێتە ئاراوە. لە باشوور، ئەوەی ڕووناکبیرانی کورد بە چنگەکرێ لە ماوەی پتر لە سەدەیەکدا  پێکیان هێنابوو، دەسەڵاتی خۆماڵی لەوەیە بەئاویدا بدات. نەمردین ئەمەیشمان دی. دەسەڵاتی کورد بەخەمساردیی خۆی، کنە لە زمانی کوردیدا بکات.

مرۆڤ بەو مەبەستە زمانی داهێناوە تاکو بیپارێزێ. بەو مانایەی تایبەتمەندیی پێ ببەخشێت و وەک هەیە، خۆی بە گرووپەکانی تر بناسێنێ و لەگەڵیاندا هەڵبکات و بگونجێ. وتراوە "زمانی دایک"، ئایا مرۆڤ چەند دایکی هەیە؟ ئایا مرۆڤی بێ دایک هەیە تاکو زمانی بێ

دایک هەبێ؟ «من ناچمە سەر زمانێکی تر!» ڕستەیەکە لەسەر کێشی «من ناچمە سەر دینێکی تر!» سەختتریشە. چونکە تاک دەتوانێ بەئاسانتر ئاینی خۆی بگۆڕێ تاکو زمانی. مرۆڤ یەک دایکی هەیە و یەک زمانی دایکیشی هەیە. زمانەکانی تری کە فێریان دەبێ بۆ خوێندنەوە بەکاریان دەبات نەک وەک ئەوێتی "ناسنامە، ئایدێنتیتی" هیچ گرووپێک بەوەی زمانی بگۆڕێت نابێتە جیهانی بەڵکو ئەگەر بۆ خۆی زاخێکی تێدابێ ئەوا لە پاڵ دایک و زمانی دایکیدا دەبێتە جیهانی.

ئێمە لە هەر جێیەکی دەرێی کوردستانیش بین، زۆر گرینگە لە نێو خۆماندا بە زمانی کوردی یەک و دوو بدوێنین، تاکو بناسرێین و وەک گرووپێکی نەتەوەیی، خۆمان لە گەلانی دەوروبەرمان جیا بکەینەوە. ئەگەرچی جڤاک یان گرووپێکی گچکەیش بین، بەڵام گرینگە یەککگرتوو خۆمان بە دەوروبەرمان بناسێنین و لە نێو خۆیشماندا پەرۆشی یەکتر بین. ئەمەشیان دیسان لە ڕێی زمانەوە دەکرێ. پێم وایە ڕەوایە لای ئێمەی کورد، یەکێک لە پێناسەکانی نەخوێندەوار ئاوا بێت: «ئەو کەسەیە، کە خۆی بە کورد دەزانێ، وەلێ ناتوانێ بە زمانی دایکی خۆی بدوێ، بنووسێ و بخوێنێتەوە، ئەگەرچی ئەو کوردە ژمارەیەک زمانی تریش بزانێ.» مەردم بەبێ زمان درەختی بێ ڕەگە، واتە مردووە و بە گژەبایەک هەرەس دێنێ. بێبایەخکردنی زمان، دەکاتە بێبایەخکردنی ئەوێتی "ناسنامە، ئایدێنتیتی" تاکەکان. ئەوێتیی تاک بەبێ زمان، کەلێنێکی گەورەی تێ دەکەوێت کە پڕ نابێتەوە.

لە نێو ئەو هەزاران وشەیەدا کە زمانی کوردییان پێک هێناوە، دەتوانین چەندین زمانی جوان و جیاواز بدۆزینەوە. تۆ دەبینی نالی

زمانی خۆی، شێخ ڕەزا زمانی خۆی و گۆران زمانی خۆی دۆزیوەتەوە و شیعریان پێ هۆنیوەتەوە. واتە ئەوان لە کۆپلەی شیعردا، وشەیان جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆیان بەکار هێناوە. ئەوان گەڕاونەتەوە سەر کوردییە پەتییەکەی خۆمان و ئەوەندەی پێیان کرابێ وشەی کوردییان لە بریی وشەی زمانی بیانی بەکار هێناوە. ئەوی ڕاستی بێ، ئەم زمانە ئەدەبییەی ئێستا ئێمە لە ژانرەکاندا دەیخوێنینەوە، لەلایەن دەستەبژێرێک ئەدیبی وەک: نالی، سالم، حاجی، شێخ رەزا، پیرەمێرد، عەلادین سەجادی، گۆران، هەژار و هێمن و چەندین نووسەری تر، بەجیاوازیی ڕاو ڕێبازیانەوە داهێنراوە و گەشەی پێ دراوە و تا دێ دەوڵەمەندتریش دەبێ.

زمانی کوردی لەم باشوورە، لە ئامێتەبوون و بەیەکداچوونی شێوازی نووسینی ئەو نووسەرانەی وا ناوم هێنان و چەندانی تر پێک هاتووە و شکڵگیر بووە. لە جیهانی پێشکەتوویشدا هەر وەهایە. خەڵکانێک بە ئینگلیزی دەڵێن زمانی شەکسپیر و بە ئەڵمانی دەڵێن زمانی گۆتە و بەفرەنسی دەبێژن زمانی مۆلییر. چونکە ئەو نووسەرانە زمانی خۆیان لە قاڵبە مردووە نەگۆڕە سواوەکە ئازاد کردووە و کردوویانە بەزمانێک تژی بێت لە ژیان و جووڵە و داهێنان.

تۆ هەر ئەوەندەی وشەیەکت لە "قامووس" دەرهێنا و لە ڕستەدا بەکارت هێنا و خستتە سەمتێکی نوێوە، ئیتر ئەو وشەیە مانای تایبەت بە خۆی دەدۆزێتەوە، یان دروست ئەوەیە بڵێین: تۆ مانای نوێی پێ دەبەخشی. دەشێ بڵێین سەرەتا ئەو وشەیە لە نێو قامووسدا بێلایەن بووە، بەڵام کاتێ لە چیرۆکێکدا چووە سەمتی ڕستەوە، یان چووە نێو بنیاتی کۆپلەیەک شیعرەوە، ئیتر بێلایەنی و نیوترالی خۆی لە دەست

دەدات. واتا گشتییەکەی جێ دێڵێت. جووڵە و بزاڤێکی نوێ پەیدا دەکات کە پێشتر بەخۆیەوە نەدیوە. بەڵکو پێشتر وەک مێروو چووبووە، قۆناغی متبوونەوە. یان دەبینی "ناو" بووە، کەچی لە کۆپلە شیعرەکەدا بووە بە "کار".. یان "تاک" بووە گۆڕاوە بۆ "کۆ". نەناس بووە، کەچی گۆڕاوە بۆ ناسراو...

زمانی کوردی وشەی فرەواتای زۆرە، داخۆ تۆی بەکاربەری زمان بەکام واتایەیان ئەو وشەیە لە قامووسەوە دەگوێزییەوە و دەیخەیتە کار؟ ئایا کوتومت وەک خۆی، بە سادەیی بەکاری دێنی یان پاشگر و پێشگری دەدەیتە پاڵ؟ دیارە هەریەکێک لەو دۆخانە لە واتا قامووسییەکەی ئەو وشەیە دەگۆڕن. جار هەیە سەرلەبەری ماناکەی گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئاستی سەرکەوتنی نووسەرێک بۆ ئەوی تر لەوەدایە، چلۆن وشە لە سەمتی ڕستە و کۆپلەدا جێ دەکاتەوە و لە جێی شیاوی خۆیدا دای دەنێ. تەواو وەک ڕووبەری ڕەنگ و هێڵی لەمەڕ هونەرمەندی شێوەکار وەهایە. ئایا لە جێی خۆیاندان یان نا، چلۆن هارمۆنیای ڕەنگ و فیگەر دەخولقێنێ؟

بۆ ئەوەی لە ئاسایی و لاسایی تێی پەڕێنی، گەرەکە وشە لە گۆڕاندا ببینی، تاکو تازە ببێتەوە. بزۆک و بە لقلقین بێت. بە مەدلول و مانا بارگاوی بێ. لە سەمتی نوێی پەی پێنەبراودا خرابێتە کار. تاکو نووسەری پێ ببێتە خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی و پێی بناسرێتەوە. وەها چاکە وشەگەل کە نمایندەی شتەکانن، بە شێوەیەکی تر و بە بارێکی تردا شکڵگیر کرابن، نەک بەشێوەی جارانیان کە باو بوو.

لەو سۆنگەیەوە کە بەکوردی نووسین درەنگ سەری هەڵداوە، واتە

درەنگ لە پەیڤی گۆکراوەوە چووینەتە سەر وشەی بینراو، وا پێدەچێ ژمارەیەک دەنگ لەم ئاڵوگۆڕەدا لەبەین چووبن. جێی وتنە هێشتا لەو دەنگانە لە هەندێ شێوەزاردا بەرگوێ دەکەون، وەلێ نانووسرێن. هەر بۆ نموونە وشەی "بوو" لە هەندێ ناوچەی گەرمەسێردا بە جۆرێ گۆ دەکرێ کە هێشتا نیشانەی بۆ دانەنراوە، یان پیتی بۆ دانەتاشراوە. ئەو دەنگە لە زمانی دانیمارکیشدا هەیە؛ وەلێ ئەمان بەم پیتە (Ø) گوزارشتی لێ دەکەن.

کە باس هاتە سەر زمانی گۆکردن، لەجێیە لێرەدا ئەوەیش بڵێم کە ئەم زمانە، بە ئاسانی تێکەڵ بەزمانی جەستە دەکرێت و بە جووڵەی دەست و چاو و گۆشەی لێو و چۆنێتی وەستان و ڕۆیشتنەوە دەبەسترێتەوە. زمانی جەستە لە توانایدا هەیە مانای وشەکان بگۆڕێ و مۆرکی خۆی لەسەریان دابنێ، یان بەسەریدا زاڵ بکات. بەرز و نزمکردنەوەی تۆنی دەنگ و ئاوازی پەیڤین و گوزارشتی ڕوخسار و جەختکردن لەسەر هەندێ وشە و برگە لە سەمتی ڕستەدا، دەستیان لە گۆڕینی مانا و مەبەستی وشە گۆکراوەکاندا هەیە. وەلێ کاتێک ئێمە لە بیستراوەوە بۆ بینراویان دەگوێزینەوە، کاریگەرییەکانی جەستەیان لەسەر نامێنێ.

زمان لە گرینگترین داهێنانەکانی مرۆڤە. بایەخی زمان لەوێدا بەدیار دەکەوێ، کاتێ تۆ سەراسیمەیت و ناتوانی هزر و بیرکردنەوەی بەرامبەرەکەت یان دەوروبەرت بەڕوونی بخوێنیتەوە، هەتا گوێت لە پەیڤەکانیان نەبێت. گەرەکە بە مەردمە نەناسەکەی بەرامبەرت بڵێی: بدوێ تاکو بتناسم.

ئەگەرچی هەندێ دەنگ هێشتا نەبوونەتە وشە، هێشتا هەر لە فۆرمی

قیژە و هاوار و گریاندان. یان هێشتا دەنگی ئاژەڵین، واتە نائینسانین، کەچی مەبەست و ماناشیان هەیە و لێشیان تێ دەگەین. شوانکارە و چێودار، لە تەناهی نیوەشەودا، هەر بە شێوەی وەڕینی سەگەکانیاندا دەزانن، داخۆ ئەو مەترسییەی وا لە ژێر تاریکایی چڕی شەودا ڕووی تێ کردوون و خەریکە لێیان نزیک دەبێتەوە، دەعبای کێوییە، یا دوژمنی دوو پا و دز و جەردەیە. تاکە یان کۆیە؟ تۆ هەر بە جریوەی چۆلەکەکاندا پێ دەزانی کە ئەوان ماریان دیوە، یان مار لە هێلانەکەیان نزیک بووەتەوە؛ یاخۆ لەوانەیشە زەڕنەقووتەیەک لە هێلانەکەی بەربووبێتەوە سەر زەوی. لێرەدا مەبستم لەوەیە، دەکرێ نووسەر سوود لە دەنگی ئاژەڵ و تەیروتواڵیش ببینێ.

نووسەران هەردەم وشەی "شێواز"یان لە سەر زارە. کاتێ نووسەرێک دەفەرموێ: من شێوازی تایبەت بەخۆم هەیە، مەبەستی ئەوەیە بڵێ: من زمانی تایبەت بەخۆم هەیە. من وشە و دەستەواژەکان لەسەر شێوەی ئەم و ئەو دووبارە ناکەمەوە. لە ڕستەدا، وەک ئەوانی تر ڕیزیان ناکەم. مەگەر ئیدیەم و پەند، کە موڵکی هەمووانە. ئەوەی زمانی خراپە، واتە شێوازی "ستایلی" خراپە. لە چیرۆک و ڕۆماندا، جار هەیە زۆر شت لەودیو ڕووداو، یان شەپۆلی هۆش و مۆنۆلۆگەوە ون دەبن، بەڵام زمان هەر ماوە.

گێڕانەوەی ڕوون و بێ گرێی دەق، بە نەرم و نیانییەکی ئەوتۆ کە تووڕەبوونی پێوە دیار نەبێت و بە شێوازێکی دوور لە دڵڕەقیی زمان نووسرابێت، هەڵقولاوی کەسێکی دەروون ساف و بێ گرێیە. بە پێچەوانەیشەوە گێڕانەوەی تووڕە و پڕ لە زبری و توندوتیژی و زمانێکی ناهونەری، لە ناخێکی ماندووی ئاڵۆز و دڵڕەقی ئەوتۆوە دەرهاتووە،

کۆمەڵگە بواری ژیانی لە پێشدا تەسک کردبێتەوە و لە درێژاییی تەمەنیدا ساباتێکی ئارامی پێ ڕەوا نەبینرابێ.

مرۆڤ بەردەوام لە کۆششدایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ تاکو بۆ پێوەندیی گرێدان بەکاری بهێنێ. "زمانی فیتوو" یان زمانی فیکە، ڕێگەیەکی نوێیە بۆ پێوەندی و ئاخاوتن لە نێوان تاکەکانی "مەزاتیک" دا، کە لە چیاکانی "ئۆکسانا"ی ولاتی "مەکسیک" دەژین. ئەوان دەتوانن لە دووریی پتر لە دوو کیلۆمەترەوە پێوەندیی بەیەکەوە گرێ بدەن، کاتێک ئەوان لە نێو کێڵگەلانی قاوەدا کار دەکەن، کە کەوتووەتە قەدپاڵی چیاکان. بەڵام چلۆن ئەم کارە ڕادەپەڕێنن؟ ئەوان ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر زمانی فیکەیان گەشە پێدا، کە هەر لەسەر زمانی ئاخاوتنیان "مازاتیکۆ" بنیات نراوە.

مەزاتیکۆ تۆنە زمانە. واتە کاتێک ئەوان زمانی فیکە بەکار دەبەن، لاسایی تۆن و ڕەزمی زمانی ئاخاوتن دەکەنەوە. ئەوان کاتێ فیکە لێ دەدەن پەنجەکانیان بەکار ناهێنن، بەڵکو تەنیا لێویان دەخەنە کار. ئەم زمانە بەزۆری بۆ گفتوگۆی کورت بەکار دێ، یان بۆ ناردنی کورتەنامەیە. بۆ نموونە باوکێک کوڕەکەی بۆ کڕینی "نان" دەنێرێ، وەلێ بیری دەچێ پێی بڵێت کە "ماست"یش بکڕێت. ئەگەر کوڕەکەی تەواو دوورکەوتبێتەوە و دەنگی پێیدا نەگات، ئەوا دەتوانێ لە ڕێگەی زمانی فیکەوە کورتە نامەیەکی بۆ بنێرێ.(١)

جێی وتنە ئەم زمانە تەنیا بە مازاتێکەکانەوە تایبەت نییە. بەڵکو لە "دوورگەکانی کەناری"یش بەکار دێت. هەروەها لە کینا و پاپوا نیو گۆیانایش بەکار دێ. بە زۆری لە نێو ئەو کەسانەدا بلاوە، کە لە چیاکاندا و لە نێو دارستانە چڕەکاندا دەژین و بەئاسانی دەنگیان

بەیەکدا ناگات و چاویان لەیەکەوە نییە. ئەمەیش ئاسانترین و خێراترین جۆری پێوەندی گرێدانە لە نێوان تاکەکانی مرۆڤدا، کە هیچ خەرجێک لەسەر بەکاربەرانی ناکەوێ.

(*) Language is the light of the mind. John Stuart Mill

(1) Fljte Sprog.  Vgn op, februar 2009. Af Vgn op Skribent i Mexico

# به نووسین خۆم ژیر دەکەمەوە

سەبارەت نووسین، پاڵنەر و نهێنییەکانی ئەودیو پرۆسەی نووسین، زۆر وتراوە. هەن پێیان وایە، گوایە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان بەتایبەتی، بریتییە لە نوێ دارشتنەوە و بنیاتنانەوە و ڕێکخستنەوەی ژیان، یان "هەبوون"ە بەگشتی. نووسەر دێت بەپێی مەزاج، شارەزایی و بۆچوون و مێتەلێتیی خۆی دیسانەکە دای دەڕێژێتەوە. دێت گورزە تیشکی بەهێز و چڕ دەهاوێتە سەر لایەنە هەرە زیندوو و بزوێنەرەکانی هەبوون و ژیان. دەست لەسەر ئەو هەناسە و گرتانە دادەگرێت کە بۆ ڕوودانی گرینگ داینەمۆن. ئەو هەناسە جیوەییانەی بەئاسانی لە دەستمان دەردەفرتێن. گران خۆیان بەدەستەوە دەدەن و گرتنیان ئاسان نییە. یان دەکرێ بڵێین: نووسەر بەپێی بۆچوونی خۆی ژیان و مەرگ دەنووسێتەوە.

دەشێ بپرسی: تۆ لە زۆر ئاش دەکەیت. ڕۆمان و کورتەچیرۆک و وردیلەچیرۆک و چیرۆکی منداڵان و تەنانەت لەسەر کەلەپوور و گۆرانییش دەنووسی. لێرەدا نامەوێ وەڵامێکی کۆنکرێتی بدەمەوە، وەلی ئەوە بزانە کە کەم نووسەر هەن تەنیا خەریکی یەک ژانر بن. "گراهام گرین"ی ڕۆماننووسی ئینگلیزی (١٩٠٤-١٩٩١) ڕۆمان، شانۆ، کورتەچیرۆک، ڕەخنە و گەشتنامەیشی نووسیوە. یەکەمین کاریشی کۆمەڵە شیعرێک بوو کە سەرنجی ڕانەکێشاوە و گرینگییان پێ نەداوە. لە ڕۆژنامەی "تایمس"دا کاری کردووە.. بەڵام زۆری نەخایاند بەتەواوی

خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد و دواجار وەک رۆماننووس ناسرا. ئەمە وەک نموونەیەک، بێ ئەوەی مەبەستم ئەوە بێت خۆم بەو نووسەرە هەرە ناسراوە بەراورد بکەم.

لە سەروەختی منداڵیی ئێمەماناندا، مۆڵەتیان بە منداڵ نەدەدا بە رەهایی لە کۆڕ و کۆمەڵدا بێتە گۆ و گوزارشت لە خۆی بکات و رای خۆی لەسەر قسە و باسەکان دەرببڕێ. منداڵ بۆی نەبوو پرسیار بورووژێنێ. بەردەوام بەروویاندا داومەتەوە: «کاتێ بە میوانی دەچین، بێدەنگ دابنیشە. لە قسەی پیاواندا هەڵمەدەرێ، ها. چوار مشقی دابنیشە. لای خوارووی پیاوەکانەوە دانیشە. گوێرایەڵ بە...» ئیتر منیش ناچار خۆم قوفڵ دەکرد و دەمم دەچووە کلیلە. مەگەر جاروبار دەرفەتم بهێنایە و بهاتمایەتە گۆ. رووی داوە لە هەندێ قسەوباسدا خۆم پێ رانەگیراوە، وتەیەک یان رستەیەکی سەیرم لە زار دەرچووە کە زۆر لە راوبۆچوونی ئەو پیاوە سمێڵ زلانەوە دوور بووە. ئیتر بوومەتە جێی سەرنج و پرسیویانە: «ئەوە کێ بوو ئەو قسە ئەنتیکەیەی درکاند؟» دانیشتوویەک لای خۆیەوە پەنجەنومای کردووم: «ئەو مناڵە بوو کە لەو قوژبنەدا دانیشتووە!» گوێشم لەم پەندە بووە بەروویاندا داوم: «قسە یان لە شێت یان لە منداڵ!» ئیتر منیش ناچار خۆم قۆزاخە کردووەتەوە. بیرت بێ "چوارمشقی" دانیشتن خۆ داخستنە، خۆ قوفڵکردنە.

جا رەنگە ئێستا بمەوێ قەرەبووی ئەو بێدەنگی و خەفەکردنەی سەردەمی منداڵی بکەمەوە. ئێستا باکم بەکەس نییە. کاتێ دەنووسم، خۆم وتەبێژی یەکەمم. هەر خۆیشم گوتوبێژ لە نێوان قارەمانەکاندا دەخولقێنم و سەرەوکاری و سەرپەرشتیشیان دەکەم. بە کەسیشیانم نەوتووە «وسبە!». بەڵکو هەوڵ دەدەم بە رادەیەک بیانهێنمە گۆ؛

هەرچییان لە ناخدا پەنهانە، بەتەواوی ئازادی هەڵی ڕێژن.

من حیکایەتخوانم چیرۆک یا ڕۆمـان دەگێڕمـەوە. واتە بەشـبـەحاڵی خـۆم گـوێگر یـان خـوێنـەرم هەن. کـاتێ حـیکـایەتخـوان، سـەرگـەرمی گـێـڕانەوە بێت، ئەوا لە هەڕەتی درەوشـانەوە و بەخـشـیندایە. ئەو بەکردەوە و هونەرییانە هەبوونی خۆی جاڕ دەدات و دەسەلمێنێت. دەبێتە ئەسـتێـرەیەکی گـەشـیش بۆ ئامـادەبووانـی ئەو مـەجلیسـە و هـەمـوو چاوەڕوانی دەمـولەبزی شـیرینی ئەون. دەبێتە چرا، ئەوانی تر لەوەوە ڕووناکی وەردەگرن. ئەوی حیکایەتخوان، بۆ قارەمانانی نێو ئەو ڕۆمانە یان چیرۆکە، کە لە ملانێدان ڕێبەرە. هەیانە سەردەکەوێ و هەیشیانە لە نیـوەی ڕێ جێ دەمـێنێ و دەخـیچێ. نووسـەریش وەک حـیکایەتخـوان، سەرنجکێشترین ئامادەبووی کۆڕەکەیە. نووسەر ئەو دایکانە باڵندەیەیە، بە دەنووکی پڕ خـۆراکـەوە گـەڕاوەتەوە هێـلانەکـەی، گـوێگران، یان خوێنەرانیش بێچـووەکانن، چاویان تێ بڕیوە خۆراکیان بەدەنووکەوە بکات.

نووسەر کاتێک لە ڕێی وشەگەل، لە سەمتی ڕستەی وابەستە بەشوێن و کاتەوە، چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، گەرەکێتی بوونی خۆی بسەلـمێنێ. بەم گێڕانەوەیە، جەختیش لەسەر "ئەوێتی، ناسنامە، هویە"ی هاوبەشی خۆی و خوێنەریش دەکات. وەلێ بەم گێڕانەوەیە، مەیلی ئەوێتیی لای خوێنەریش تازە دەکاتەوە، یان تۆختری دەکات.

هیچ پێم شـەرم نییـە ئەگەر ڕێک و ڕەوان لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەی سـەرەوەدا بڵێم: من بۆیەکا دەنووسم تاکو بۆشاییـیەکان پڕ بکەمـەوە و ناتەواوییـەکـان تەواو بکەم و نـاجۆرییـەکـانیش لە قـاو بدەم. فـوویەک و سـەبرێ ئـازیزم هەوڵ دەدەم ڕوونتـر بدوێم. پێش هـەر شـتـێک، ئەوە

خەیاڵی فراوانمە هەمیشە بۆ نووسین هانم دەدات. دەستم دەگرێت و بۆ شوێنە نەبینراو و نەبیستراوەکانم بانگهێشت دەکات. زۆرێک لەو دیاردە و بەسەرهاتانەی لە چوار کەنارمدا ڕوو دەدەن بەناجۆر و نەبەکام دەیانبینم.

هەندێ دیاردە هەن لە میوەی کرچ و کاڵی بارێزە دەچن و هێشتا پێنەگەیشتوون، سەرم لێیان دەسوڕمێ بۆچی ڕوو دەدەن و دووبارەش دەبنەوە؟ ئەم میللەتە بۆچی ئازاد نییە؟ ئەم ڕووبارە بەنرکە و هاژەیە بۆچی پردی لەسەر نییە؟ ئەو زنجیرە چیایە بۆچی ڕێگەی بۆ ناچێ؟ ئەم وڵاتەی من لێی دەژیم بۆچی وەک پێویست تیشکی خۆری ناگاتێ و هەردەم لە سەرمانا قەسریوە و بە دەست کڕێوەی بەفر و وەیشوومەوە پەرێشانحاڵە، کەچی لە شوێنانی تر ئەو خەڵکە لە گەرماندا پڕووکاون؟

مارکیز بۆ ئەوە دەنووسێ هەتا هاوڕێکانی زیاتر خۆشیان بوێ. من دەنووسم هەتا خوێنەریش بکەمە بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانم. تاکو لەوەی دەیزانم و لەوەی لە ئەنجامی خوێندنەوەدا فێری بووم هاوکارییان بکەم و بەشیان بدەم. دەنووسم هەتا ئەو ئابڵووقەیەی لەسەرم دانراوە تێکی بشکێنم.

بۆچی فڕۆکەکان لە کەشکەشانی ئاسمانەوە بەردەبنەوە؟ نابێ داهێنەران وەهای چێ بکەن بەرنەبنەوە؟ چ خەمێکی گەورەیە خوایە، کاتێک لەم دنیایەدا ڕۆژانە بە ڕووداوی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل هەزاران دەمرن و هەزارانیش شەل و شێت دەبن؟ هەندێ جار ڕووداوی وەها دڵپڕوێن دەبینم، خۆزگە بەسواری کەر و بارگیر دەخوازم. باشە ئەی ناکرێ تەلارەکان وەها دروست بکرێن هەروا بەئاسانی نەڕووخێن و بەرگەی بوومەلەرزە بگرن؟ ئاخر زۆر جێی داخە مرۆڤ لە ژێر

داروپەردووی ماڵی خۆیدا جیق و فیقی دەربێت و کەسێک نەتوانێ بگاتە فریای. ئەدی نابێ کارێ بکەن ماڵەکان هەروا بەئاسانی نەسووتێن؟ بۆچی ناتوانن ئامێرێکی وەها چێ بکەن، هەر ساتێک ئاگر کەوتەوە، ئەو سەربەخۆ بتوانێ خامۆشی بکات و لانی کەم زیانی گیانی لێ نەکەوێتەوە؟ ئەدی نابێ دەزگەی وەها دابهێنرێت بتوانێ بەر لە ڕوودانی لافاوەکان، هەواڵمان بداتێ و پێشوەخت لەو مەترسییە ئاگەدارمان بکاتەوە تاکو فریای خۆمان بکەوین ؟

کەینێ بەهۆی زانستەوە مرۆڤ دەتوانێ گەرداوەگان جڵەو بکات و بۆرانەکان دابمرکێنێتەوە؛ یان هیچ نەبێ کزتر و کەم زیانتریان بکات، تاکو بەو ڕادە کارەساتبارە قوربانییان لێ نەکەوێتەوە؟ کەینێ مرۆڤ دکارێ گەواڵە هەورەکان لغاو بکات، دوور هەڵیان فڕێنی و بەسەر زەوییە قڵیش بردووە شەقار شەقارەکاندا دایان بارێنێ؟

ئاخر لە پای چی مرۆڤ وەها تەمەنی کورتە؟ بۆچی دەبێ بە پەلەپرووزێش فریا نەکەوێت پرۆژە بچکۆلەکانی تەواو بکات؟ چلۆن دەبێ و چ خوا ڕابەرداره هەندێک گیانلەبەر لە مرۆڤ زیاتر بژین و مرۆڤیش، کە گوایە خۆی سەروەری ئەم گەردوونەیە بە جوانەمەرگی سەر بنێتەوە؟ حەیف نییە بە دەنکە زیخێک، بە سووکە درمێکی کوتوپڕ، بە ڤایرۆسێک، کە بەچاو نابینرێت گیان لە دەست بدات؟ ئایا ناکرێ پێش بەم ئافاتانە بگیرێت؟ ئێستا حاڵی بووی بۆچی دەنووسم بەرێزم؟

بە سەرێکی تر، ئەم پرسیارە ڕێک وەک ئەوە وایە بە مامۆستایەک بڵێی بۆ وانە دەڵێیتەوە. بە ئەندازیارێک بڵێی لەپای چی ئەم شارێیە ڕادەکێشی و ئەم تەلارانە بەرز دەکەیتەوە؟ ئێ کارەکەی منیش هەر وەک کاری ئەوانە، منیش دەمەوێ خەڵک بەوپەڕی کەرامەتەوە بژین و بمرن.

تەمەنیان ئارامتر و دوور لە دەردیسەری بەسەربەرن. ئەوەش بزانە، لە ولاتی بێ نووسەردا ژیان بێ ڕەنگ و تام و بۆیە. من بۆ ئەوە دەنووسم جیهان جوانتر و ژیان شیاوتر و زەوی هاوسەنگتر بێ.

ئەو دەرمان و چارەسەرانەی، تاکو نهۆ بۆ دەردەکان لە بەردەستدان و دۆزراونەتەوە کاریگەرییان کەمە. دانی پێدا دەنێم کە زانیارییەکانی منیش ناتەواون. بەلاّم من دێم بەو نووسینانەم درزەکان پڕ دەکەمەوە. یان با بلێین هەولێک بۆ پڕکردنەوەیان دەدەم. کەی ئایندەی مرۆڤ لە ئافات و قاتوقڕی و جەنگی فەوتێنەر، لە پێکدادانی ئەستێرە و مەترسییەکان ئەرخەیان دەبێ؟ کلکداری هالی وەک دەڵێن هەر ٧٦ ساڵ جارێک بەخێراییەکی زۆر تا نزیک زەوی دێت؛ کێ دەڵێ جاری داهاتوو یان دوای داهاتوو یاخۆ دواتری، وەختایێ لە سەردا گەڕایەوە، وەک گای هار شۆق لە هەسارەکەمان نادات و هەپروون بە هەپروونی ناکات و لە هەناسەیەکدا تۆزی هەرچی مرۆڤە بە گەردووندا بلاّو ناکاتەوە و بە خۆی و مێژوو و هەموو دەستکەوتەکانییەوە توورِ ناداتە خانەی نەبوونەوە؟

بەملیۆنان خەڵک برسی و ڕووت و ڕەجاڵن. زۆرن ئەو هەناسەساردانەی لەسەر گوفەکەکان بژێویی خۆیان پەیدا دەکەن. وتم بژێوی!! جا ئەوە بە ژیان و بژێویی ڕەوایە؟ لەولاشەوە هەن بارتەقای کێوێک پارەیان کەڵەکە کردووە. چاوت لەم ناهاوسەنگییەیە برادەر؟ ئەوە بۆیە دەنووسم. هەڵەبجەیان کیمیاباران و کوردستانیان ئەنفال کرد، بۆیە منیش دەنووسم. لە جەنگەی ئەو هەموو نەهامەتییەدا کە ئێمەی تێدا دەژین، کەچی جەنگی ناوەخۆشی هاتە پاڵ، بۆیە دەنووسم. بەڵێ دەنووسم تاکو کەلێنەکان پڕبکەمەوە و کێماسییەکان نەهێڵم.

کاتێ بەدەستی بەتاڵ، نە خەنجەرم نیوەکێشە؛ نەشمشێرم حەمایەڵ کردووە، دەمبینی؛ بێدەسەڵاتم تێ مەگە بەڕێز. پیاما ڕاپەڕموو. لە دەستم دێ کام کارەی تاقەتپڕووکێن و نەکردەیە، زۆر بەسانایی لەسەر کاغەز ڕای پەڕێنم. زۆر کارم پێ دەکرێت ئازیز. من دەستەوستان نیم، نا.. کام دیکتاتۆرەی خۆی بە ملهوڕترینیان دەزانێ، لەسەر کاغەز ترۆی دەکەم و دەیکەمە پووشی بانان و پەندی حەوت مەملەکەت.

خاترجەم بە ئازیزم، ئەو ملهوڕەی لەسەر کاغەز ترۆ بوو، لەسەر زەویش درەنگ بێت یان زوو، ترۆ دەبێت. هەموو ملهوڕانی دنیاش بەرلەوەی بەدەستی جەماوەی ڕاپەڕیو بەردباران و سۆلباران و شاربەدەر بکرێن و لە کولانە سەگان دەریان بێنن؛ لە نێو دێری چیرۆک و شیعر و ڕۆمان و شانۆی نووسەراندا بە پەند و بەناو بوون. هەر وابووە و هەر واش دەبێ، هاوڕێم.

کورد وتوویەتی «پرسیار عەیب نییە» منیش دەپرسم: ئەرێ بۆچی منداڵی زۆر هەن بە خەپ و خواری لە دایک دەبن و چاریان نییە؟ ئاخر ئەوانە ژیانیان تاڵە و بەدەم حەسرەت و هەناسەی ساردەوە دەژین و دەمرن.

منیش دەخوازم مرۆڤەکان بێ دەرد و بەڵاو جوان و بێ خەم و بەختیار بن. ئەوەی هەیە و لە ئارادایە بەس نییە و کەلێنی زۆری تێدایە. بۆیە دەخوازم ژیان گەشتر و بێ خەمتر و ڕازاوەتر بێ. پرۆسەی نووسینیش لەخۆیدا ژیانە لەوپەڕی هەرەتی خۆیدا. ساتەوەختەکانی نووسین زیندووترین چرکەساتی ژیانی منە، لەو دەمانەدا بەرووی زەمان و ژیاندا دەکرێمەوە. وتم چرکەسات؛ بەڵام لە ڕاستیدا نازانم نووسینی چیرۆکێک (بۆ نموونە) چەند دەخایەنێ، چونکە هەست بە تێپەڕینی کات ناکەم.

هەست بەپیربوون ناکەم. بەڵکو لەو زەمەنە کورتە زۆر دەوڵەمەندەدا لاو دەبمەوە. لەو دەرفەتەدا جیهانێکی فراوان لە خەون و خەیاڵات بنیات دەنێم و بەوپەڕی ڕاستگۆیی "سەردەم" دەبینم و دەیدوێنم و بە وشەی کوردیی وێنەی بەرجەستەی دەکێشم.

دەکرێ بڵێم ئەو چرکەساتانە زەمانن لە چڕبوونەوە و چلۆنایەتیدا. ئەو هەناسە کورتانە، لەخۆیاندا ساڵەهایەک لە وەستان و دۆشدامان و بەیچەڵی دەهێنن. چەند هەناسەیەکە، لێبەڵێ دنیایەک بیرەوەریی تێیدا چڕبووەتەوە، بەڵکو مێژووی تێیدا پەیت بووەتەوە. زەمانێکی دانسقەیە؛ هەروا بەئاسانی دووبارە نابێتەوە. چرکەساتی زیندەگییە بەگشت جووڵە و بەخششییەوە. سەروەختێکە بە سەعات و خولەک و چرکە ناپێورێ؛ وەکی تر بەزیندوویی دەمێنێتەوە ئازیز. دەنا باقیمەنێی زەمەنەکانی تر مردوون. یان ئەگەر بەزەییم پێیاندا بێتەوە، ئەوا دەڵێم ڕەنگە چاوەڕوانی بن بۆ ڕاوی چەند چرکەساتێکی تری نووسین.

هەناسەکانی نووسین وەک تەمەنی برووسکە کورت و درەوشاوەن. لە دەوروبەرێکی نووتەکیشدا لەدایک ببێت، هێشتا هەر تژییە لە ڕۆشنایی. زۆرترین پانتایی لە زەیندا ڕۆشن دەکاتەوە. بەڕادەیەک هەموو مێژووە نووستوو و متبووەکانی نەستم لە شیرین خەو ڕادەپەڕێنێ. ئەو چرکەساتە سەربەسەر زەمانە لە پەیتبووندا. زەمانێکە خەوش و تڵپەکەی لێ گیراوە، ماوەتەوە ڕوح و گەوهەر. لە گرێژەنەبردنی دەرگە پلێتییە داخراوەکانە و کرانەوەیە بەسەر دنیادا. لە درێژاییی مێژووشدا تەنیا ساتەوەختەکانی داهێنان زیندوون و ڕۆشن دەمێننەوە. لەو هەناسەیەدا هەموو وزەی زەین و مێشکم لە دۆخی ئامادەباشیدان. سەرپاکی ئەندامەکانم لە تافی لە نگەرگرتن و لەگەڵ یەکدا گونجان و

سەرقاڵیدان. زمانیش لە هەرەتی ڕازاوەیی و ڕەوانبێژیی خۆیدا شوێنکات تۆمار دەکا. لەو هەناسەیەدا بە تەواوی وشیاری و ڕاستگۆییەوە؛ دوور لە ڕووپامایی؛ ئەوەی لە ناخمدایە تۆماری دەکەم.

ئەگەر بەوردی لە نێو دێری چیرۆکەکانمدا بگەڕێی ئەوا دەمدۆزییەوە. هەمیشە وێڵی دوای ڕاستیم. بەبێ نووسین ناتوانم گوزارشت لە خۆم بکەم. خۆ من گۆرانیبێژ و موسیککار نیم هەتا بەگۆرانی و ئاواز خۆمت پێ بناسێنم، یان بلاوێنم. ڕێبواری دووی جیهانێکی دوور لە دەردیسەریم، تێیدا تەواوی مرۆڤ هاوسان دەبینم، هیچ نەبێ لەسەر کاغەز. بەندە بەردەوام لەم گەردوونە ورد دەبمەوە و ڕادەمێنم، گۆشەی دڵمت لەلا دەکەمەوە. هەموو ئەم وردە نهێنییانەی بە تایبەتی لە پەناو پاسارەکانی نەستمدان، لێرەوە، لە ڕێی نووسینەوە، وردە وردە هەڵیان دەڕێژم. ئەوەش بزانە هێشتا دەستم بە هەندێکیان نەگەیشتووە، چونکە لە قووڵاییدا بنیان ناوەتەوە.

پەلەت نەبێ. گڵ هەموومان لە بەرچاوان ون دەکات، گڵ بەسینگێکی فراوانەوە جێ بۆ گشتمان دەکاتەوە. گڵ گشتمان دەشارێتەوە و بێدەنگ و سەنگمان دەکا. دەبا ئەم وشەجارەم لە لاتان دیاری بێ. بەندە هەردەم لە نێو ئەو وشەجارەدا بەپێی پەتی پیاسە دەکەم. ئەوەش بزانە هونەر بە هەموو لکەکانییەوە کارێکی شەریفانەی مرۆڤانەی باڵایە. چالاکییەکی ڕەوایە بۆ بەگژداچوونەوە و بەزاندنی مەرگ و پووچگەرایی.

بەندە لە باخێکی بەریندا دەژیم ناوی زمانی کوردییە. هەر وشەیەک گوڵێکە، گیایەکە، درەختێکە کانییەکە و خۆشم هەر جارە، لە گۆشەیەکی ئەم مێرگجارەوە، بەنیازێک، بەخولیا و خوتوورەیەکەوە، لە نێو وشەکانیدا لاقم لەسەر لاق داناوە. لە مانادا، لە زرینگانەوەی

موسیکی وشەکاندا گوێت لە دەنگم دەبێ. دەمەوێ چەردەیەک حاڵی ببم. لەوەشی حاڵی دەبم تۆش حاڵی بکەم ئازیزم.

بۆ کەشفکردنی ناخی مرۆڤ دەبێ بنووسم. بەنووسین نەبێ ئەم کارە ڕایی نابێت و خۆی بەدەستەوە نادات. بەنیازی ڕۆشنکردنەوەی کەلێن و گۆشە تاریکەکان بەردەوام چرایەکەم هەڵکردووە، دەمەوێ بزانم کێن ئەوانەی لەوێدا خۆیان مات داوە؟ لە کێ خۆیان دانووساندووە؟ یان ئەگەر خۆشیان شاردووەتەوە بزانم لەدەست کێ هەڵاتوون؟ ئەم وشانە بیرەوەرییەکانمە. نیگارکێشانە بەڕەنگی وشە. هەڵوەشاندنەوەی شتە ئاڵۆز و بەیەکداچووەکانیشە. دەمەوێ وەک زارۆ بزانم خۆشەویستی و ڕک و کینە چین؟ گەرەکمە بەجەڕ و مەنگەنە تێیان کەوم و هەموویان لەبەریەک هەڵبوەشێنم، تاکو بزانم چ نهێنییەکیان لە ناخدا داشاردووە و لە چی پێک هاتوون؟

لەوانەیشە نووسین هیچکام لەمانە نەبێت کە من قەدەرێکە باسیان دەکەم. بەڵکو نهێنییەکی پەی پێنەبراو لە ناخمدا بۆ ئەم کارە دنەم بدات. دەروونی مرۆڤ قووڵ و هەزارلۆغانەیە، توونی بابایەکە بۆخۆی. کێ چووزانێ چی تێدایە؟ ڕەنگە یەکێ لەوانەی لە قووڵاییدا و لە گۆشەیەکی تاریکی پەی پێنەبراودا خۆی دابێتە پەنا، چاوساغم بێ. قەڵەمم بداتە دەست و ڕێبەرم بێ. سەیرە یاران، مرۆڤ بوونەوەرێکە داناسەکنێ، بۆ سەر ئەستێرەکان هەڵدەکشێ و بەرەو بنکی زەریاکان دادەکشێ، کەچی هێشتا لێنەبڕاوە و نەیشیتوانیوە بەناخی خۆیدا ڕۆبچێت؛ کەشفی بکات و وەڵامی پرسیارەکانی سەبارەت بە خۆی بداتەوە.

نووسین هاوکێشەیەکی ئاڵۆز و قورسە؛ ناتوانم هەروا بە ئاسانی

بیبەمەوە سەر پێکهاتە و توخماتە سەرەتاییەکانی. هەن بۆ پوول و پارە دەنووسن.، هەن بۆ دڵدار و دولبەرەکانیان دەنووسن، هەیشن بۆ ناووداو دەنووسن. هەن پرسێک خولیایانە؛ بە قەڵەم نەک بەچەک بەرگریی لێ دەکەن. لەوەیە منیش هەوەسم لە کاغەز ڕەشکردنەوە بێت. هەر پارچە کاغەزم بینی ئیتر خێرا ئارەزووی نووسینم دەورووژێ. ئەگەر بەوێنە و وڕێنە و شەڕە پشیلەیش بووبێ، دەخوازم ئەو پانتاییە سپییە ڕەش بکەمەوە. نابێ ڕووبەرەکان بەبۆشی و چۆڵی بمێننەوە. دەبێ بەمانا، بە شتگەلێک بەسەربکرێنەوە.

هیچ لە بۆشایی ناشیرینتر نییە. بۆشایی بێدەنگییەکی سامناک و نائینسانییە. بۆیە ئەگەر بیرۆکەشم لەلا ئامادە نەبوو، ئەوا بەشەڕەپشیلە پڕی دەکەمەوە، یان وێنەی لەسەر دەکێشم. هێما و ئاماژەی وەهای لەسەر دەنەخشێنم، بۆ خۆشم نازانم چ مانا و مەدلوولێکیان لە پشتەوەیە. تەنە بێدەنگەکان بەدەنگ دێنم. بەرد بەبەردی خۆی بەدەنگ دێنم. هەوڵ دەدەم پەنجەمۆرم بەسەر ئەم گەردوونە فراوانەوە جێ بهێڵم. هەموو شتەکان دەمرن کەچی وشەکان دەمێننەوە. وشە نەمرە.

ئەگەر ئەم ڕەنجەی من بە کەمیش دەزانی، خۆ هیچ نەبێ دکارم بەم پرۆسەی نووسینە، بۆ ساتەوەختێکیش بێ خۆم بێ خەم بکەم. دەتوانم لە ساتەوەختی خوێندنەوەی بەرهەمەکەمدا کارێک بکەم تۆی خوێنەریش بۆ چەند هەناسەیەک ئاسوودە بیت و زەردەیەک بخەمە سەر لێوت و هەناسەیەکیش دوور لە کەند و کۆسپەکانی سەر ڕێت، سەرسامیت پێ ببەخشم.

بیرت بێ ئازیز، نەوەی ئێمە هەڵکشان و تێکشکانی شۆڕشی

ئەیلوولمان بینیوە. بۆ هەڵکشانی چیرۆکم نووسیوە و بۆ تێکشکانی گریاوم. ئەنفال و گازبارانی کوردستانم بینی. نەتەوەکەم لە هەرەتی خۆیدا، لە راپەرینی ١٩٩١دا بینیوە و بەدوایدا رەوەکەیشم بینیوە. دەمەوێ پێت بڵێم کە سەربە نەوەیەکی ئەوەندە دەوڵەمەندم، چەند تێبکۆشم، هێشتا فریای نووسینەوە و گوزارشت لێکردنی ناکەوم. ئێمە نەوەی "تەنگژە"ین. لەو رۆژەوەی تاکی هوشیاری کورد وەک نووسەر لە مێژوودا دەرکەوتووە، دەربڕی تەنگژە بووە تاکو ئەمڕۆ. هەمیشە دەورووبەر لە هەموو لایەکەوە گوشاریان بۆ هێناوە.

ئایا ئەم هەوڵ و کۆششەی من ئەوە ناگەیەنێ کە بۆخۆیشم لە سۆنگەی ئەم باری خەمەوە، کەسێکی دڵپڕ و چاو بە فرمێسک و ئەوک پڕ لە گریانم و وەک کایەی منداڵە گرۆزەکان، گەرەکمە بە نووسینەکانم خۆم ژیر بکەمەوە؟ ئەوە بۆیەکا منیش قەدەرئەییامێکە دەنووسم، بەرێزم. ئەگەرچی سەرەرۆییە، لە کۆمەڵگەیەکدا بژیت چل و پێنج دەرسەدی تاکەکانی نەخوێندەوار بێت و تۆیش نووسەریش بیت. وەلێ پێشم وایە هەرگاڤێ کە دەنووسم، مانای وایە جارێکی تر بەسەر مەرگدا زاڵ بووم.

نەکەی پێم بڵێی بۆ پارە نووسیوتە برادەر، من هەرگیز بۆ پارە چیرۆکم نەنووسیوە. بەڵکو ئەگەری ئەوە هەبوو لەسەر یەکێ لە چیرۆکەکانم بمدەن لە دار و تیابچم، من لەو سەردەمە سەختانەدا مامۆستا بووم. بەیانیان و ئێواران دەرسم دەوتەوە تاکو ژیانێکی باشتر بۆ خۆم و نەوەکانم دەستەبەر بکەم. بە مووچەی مامۆستایەتی ژیاوم نەک بەئەدەب.

بەهۆی ئەو نووسینانەوە. رەنگە وڵات نەبێ ئاشنای منی لێ نەبێت.

ئاشـناگـەلێک کـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان نە دیویـانم و نەدیومـن. ئەوەندە هـەیە چەند دانـەیەک لە چیـرۆکـەکـانمیـان خـوێندووەتـەوە. هـەر لێـرەشـەوە لە سەدان ماڵدا میوانی لای سـەرەوەم. کاتێ ئەوان بەڕێزەوە، لەسـەر ڕەفەی کتێبخانەکانیان، کتێبێک یان پتری بەندەیان لای سەراوردەوە داناوە.

بۆخـۆیشم نازانم بیـرۆکـەی ئەو چیـرۆکـانەم لە کوێوە بۆ دێن. چۆن و کەی دێن؟ چونکە کات و شوێنی دیاریکراویان نییە. ئەم بیرۆکانە لەگەڵ خۆیاندا هـیچ ڕێسـا و یاسـایـەکیـان هەڵنەگـرتووە و خـاوەنی فـۆرمـێکی دیاریکراویش نین. وەلێ خـۆم دەزانم بە شێوەیەکی ئەوتۆ ڕێکیان بـخەم، دایان بڕێژم و شکڵگیـریان بکەم کە سروشـتی و ئاشنا بێنە پێش چاوی خوێنەر، ئەگەرچی هەندێ جاران لێوانلێون لە فانتـاسیـا. ئەوەندە هـەیە ئەو بیـرۆکـانە دوور و نزیک پێـوەندییـان بەو ژینگەیـەوە هـەیە کـە تێیـدا خـولقـاوم و دەژیم. دەشێ شـیکاری شـارەزا بە تانیـاندا بێتـە خـوار و کەشفی دەقەکان بکات و بگاتە ئەنجام و پەی بەنهێنییەکانیان ببات و ڕوونیـشـی بکاتەوە، داخـۆ بۆ چ مـەبەسـتێک دەنووسم؟ ئەوەندە دەزانم، نووسین وەک ژووان وایە بە دوولا پێک دێ، نووسـەر و خـەیاڵ؛ سـێیـەم شـەیتـانە. نـووسـەر وەک سـۆفـیـیـە، دەبێ بەقـەڵەم و بیـرۆکـە و خەیاڵەکانییەوە بچێتە خەڵوەتەوە.

چەمکی دادوەری یان دەبێت بۆ هەمـووان بێت، یان بوونی نییـە. جـا من ئەگەر بەشدارییەکی کەمیش لەو ژیانە خەیاڵییەدا بکەم هەر گرینگە. مـەبەسـتم ئەوەی بڵـێم، لە ئێسـتـادا ئـەو ژیانە خـەیاڵییـە. خـۆ چوونە سەرمانگیش چەند سەدەیەک بەری ئێستا خەیاڵ بوو.

هەردەم گەڕان بەدوای نەمرییدا، هۆکارە بۆ ڕسکاندنی کاری هونەری و ئەدەبی و تەلاری بەرز و ناوازە. گـەڕان لە دووی نـەمـریی بەچرای

ڕۆنگەرچەکەوە نا، بەڵکو بەقەڵەم و خورجێک وشەوە، لەلای هونەرمەندی شـێـوەکـار بە تیـووبی ڕەنگەوە. پەیکەرتاشـەکـانیش لە بەرد ژیان دەخـولقـێنن. لای ئەوان بەرد دەدوێت و گـوزارشت دەکـات. ئەگـەر دەستمان بە نەمرییشدا نەگات، ئەوا برێک درێژترکردنەوەی ژیانیش هەر گرینگە.

گلگامش کاتێ لە سەفەرەکەی بە شوێن نەمریدا نائومێد دەگەڕێتەوە "ئۆرۆک"ی پایتەخت، دەبینێت شوورەی دەوری شـار تەواو بووە. ئیـتر دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە، کە ئەو شوورە بەرز و قایمە بۆی هەیە ناوی ئەوی پاشا بە نەمری بهێڵێتەوە.

بەڵام دواجار توێژەر، وەختێک لە بەرهەمێک دەکۆڵێتەوە، دەزانێت، ئەو دەقە لە پای چی نووسراوە. تۆ ئەگەر هەر دەقێک و مـافی خۆی بدەیتێ و لێی بکۆڵییەوە، ڕەنگە لە بندێری بابەت، یان بابەتەکانیدا، لە ڕێی تیمە، یان تیمەکانیدا، بگەیتە سەرەداوێک و بزانی ئەم دەقە بۆچی نووسراوە و دەیەوێ چ نامەیەک بگەیەنێت. بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکە بەرگرییەکان بخوێنییەوە، ڕەنگە بڵێی: بۆیەکا نووسیونی، چونکە کورد وەک گەلێک لە بن هەڕەشەدایە!

هەرچۆنێک بێ، ڕۆژێک دێ توێژەرێک تەواوی نووسینەکانم بداتە بەر سەرنجی وردی ڕەخنەگرانەی خۆی و لە بندێری بەرهەمەکان خۆیانەوە بگاتە ئەو قـەناعـەتەی بەندە، یان هـەر نووسـەرێکی تر، داینەمـۆی بەرهەمـەکـانی چی بوون؟ لەپای چ ئامـانج و هیـوایەکدا ژیانی خۆیان تەرخان کردووە و بۆچی نووسیویانە؟ مەبەستم لەوەیە کە ڕەواتر وایە ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی نووسەر خۆی نەکرێتەوە، بەڵکو بەرەو ڕووی خوێنەری وریا و توێژەرانی بواری ئەدەب و فیکر بکرێتەوە.

دیاره ئەوان دەتوانن بە بەڵگەوە وەڵامی دروست بدەنەوە، نەک لە گۆترە و هەوایی. لە کۆتاییدا بە دوای چاوپۆشینەوە دەڵێم حەز دەکەم بە خوێنەران بڵێم و بۆیان بنووسم: «دنیا گەلێک لەوە جوانترە کە هەندێک هەستی پێ دەکەن و لە کونی دەرزییەوە دەیبینن.»

ئەوەیش بزانە، ئەدیب لە هەمان کاتدا ڕەخنەگریشە، بەو مانایەی، ئەو کاتێ دەنووسێ و ڕەخنە لە دیاردەکانی دەوروبەری دەگرێ، هێندەی ڕەخنەگرێکیش شارەزای ڕشتەکەیەتی و بەردەوام هەم بە خۆیدا و هەمیش بە دەوروبەریدا دەچێتەوە. بەم جۆرە، لە ڕێی نووسینەوە، خۆم لەگەڵ جیهاندا ئاشت دەکەمەوە. دەشێ ئەوەی خۆشیشی نەوێم بەرهەمەکەم بخوێنێتەوە.

# کورتەچیرۆک هێشتا هەر بەرێوەیە

لە کورتەچیرۆک دڵاودڵ مەبە، بەڵکو تەواو لێی دڵنیا بە دەبێتە ژانری هەرە لە پێشی داهاتوو. چونکە دەتوانێت بە باشترین شێوە ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەرجەستە بکا. نها ژیانی مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە، چنگ لەسەرشان بۆ پێشەوە تەکان دەدا. لە داهاتوودا ئەم ڕەزمە خێراتریش دەبێ. ریتمی خێرای ژیان کاری لە بەستێنەکانی ئەدەب و هونەریش کردووە. لەمەولا پتریش کاریان تێ دەکا. بۆیەکا ئێستا و داهاتوویش هونەری کورتەچیرۆک دەخوازن و قەبووڵیشی دەکەن. هەر هەلومەرج و پێداویستی ئەم سەردەمە تیژتێپەڕەیشە هونەری "وردیلەچیرۆک"یشی هێنایە ناوەوە، کە ئەمێستا بووەتە هونەرێکی سەربەخۆ.

کورتەچیرۆک پوختە و گوشراوی ژیانە لە چەند لاپەڕەیەکی چڕدا. ژیانە لە لڤلڤین و تەکان و شانشانێنیدا، بە تاڵی و شیرینییەکانییەوە، بە جەنگ و ئاشتی و خۆشەویستی و کینە و ماڵوێرانییەکانییەوە. بە چەوساندنەوە ئازادییەکانییەوە. وەلێ ئەوەندە هەیە، ئەگەر زەمانە وەها تیژتێپەڕ بێ، گەرەکە هونەری کورتەچیرۆکیش فریای خۆی بکەوێ. کاژی کۆن فرێ بدا و خۆی نوێ بکاتەوە. بە ڕادەیەکی ئەوتۆ وەخۆی بکەوێ، بتوانێت لە تەک لۆقی درێژ و خێرای سەردەمدا دەربچێ و پێشبڕکێ بکات. وەلێ بەو دەستمایە و تەکنیکە سواو و کۆنەوە کە هێشتا هەندێ نووسەر پەیڕەوی دەکەن، ناکرێ خۆی لەگەڵ ڕەزمی ئێستا و داهاتوودا بسازێنی. ناکرێ بەو کەرەستە و ئایدیا کۆنانەوە لە

گەوهەری سەردەم تێ بگات و لە بەرگێکی نوێی شیاویشدا نمایشی بکات.

پێداویستییەکی گرینگی قۆناغەکەیە، هونەری گێڕانەوەیش گۆڕانی بەسەردا بێت، تاکو بتوانێ بەشدارییەکی کارا لەم پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونەدا بکا. ئەم قسانە لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. هێشتا چیرۆک لەباریدا هەیە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئەم چاخەی وا تێیدا ژیان بەسەردەبەین یارمەتیدەر بێت. هێشتا چیرۆکی نوێ لەباریدا هەیە پرس و پرسیاری نوێ بورووژێنێ. نووسەر دەتوانێ لە کورتەچیرۆک هێما و ئیماژە بەرێ بخات و لە زمانی کورتەچیرۆک ڕەمز بخولقێنێ. چیرۆکنووس بۆی هەیە لە ڕێی بەکاربردنی ڕەمز و دەمامکەوە کە بە زۆری لە کەلەپوور و مێژووەوە دەیانهێنێ و لەگەڵ ئێستادا دێنەوە و بۆ گوزارشت لە کێشەکانی ئەم قۆناغەیش گونجاون، پرسیار لەسەر کێشە ئاڵۆز و پەنگخواردووەکان بورووژێنێ.

ماوەیەکی کورت دەخایەنێ، بەڵام خەیاڵ تێیدا مەودا فراوانە و سنووری بۆ نییە. وەکو تر دەستگرتنەوەیە لە وشەگەل و دەربڕینی زیادە. دەکرێ وەک فەنباز و خەیاڵ فراوان پەل بۆ زۆرێک لە هونەرەکانی تر بهاوێت، بێ ئەوەی سیما و ڕێڕەو و چێژی خۆی وەک کورتەچیرۆک لەدەست بدات. هەر لە حیکایەتەوە هەتا دەگاتە شێوەکار و سینەما و هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیش، لێیان بەهرەمەند دەبێت. بە نیازی دەوڵەمەندکردنی خۆی، بە ئاسانی دەتوانێ لە هەموویان بخوازێت و بە سەلامەتیش بگەڕێتەوە بۆ خولگە و نێو باخچە پەرژێنکراوە ڕازاوەکەی چیرۆک و کەسیش حسابی پێ لێهەڵبڕین و پاوانخوازی بۆی نەکردبێ.

واته چیـرۆک هێـشـتــا هـەر چیـرۆک بێت. ڕەنگ و بـۆی هیـچکام لەو ژانرانەی نەگرتبێ.

لەو ڕووبەرە بـەرتەسکەی کـورتەچیـرۆکـدا بوارێکی زۆر بۆ مــانۆڕ لە بەردەستدایە. لە کوێوە دێتە ناوەوە و لە کوێوە ماڵئاوایی دەکەی، خۆت سـەرپشکی. بە کـام زمـان و کـام زەمــان دەدوێی؟ گێڕانەوەی حـیکایەت بەکـام ڕاناو دەسـپـێـری؟ دیارە دەشـێ گـێـڕانەوە بەچەند ڕاناوێکیش بسپێری. لەمەیشیاندا ڕووبەرێکی بەرفراوانت بۆ مانۆڕ بە دەستەوەیە و خـۆت سـەرپشکی. لە ڕاسـتـیـدا بەرتەسکیـیـەکـەی کـورتەچیـرۆک چاوخاپێنە، دەنا جێی جیهانی تێدا دەبێتەوە. تۆ دەتوانی وەک تەکنیکی گێڕانەوە پشت بە خودی گێڕانەوە "سرد"، دایەلۆگ، مۆنۆلۆگ، شیعر، نامە، کاسێت و سیدی، دنیای هونەری شێوەکار.. سینەما، حیکایەت، ڕاپۆرت و هەواڵی ڕۆژنامە و بیرەوەرییەکان ببەستیت و هونەرەکەتی پێ تێر و دەوڵەمەند بکەی. ئەوەش بزانە کە وێنە، ئەگەر لـە شـوێنی خۆیدا بێ، جـوانیـیـەکی سـیـحـراوی بەزمـانی چیـرۆک و ڕۆمـان دەبەخـشـێ و کارێک دەکات تا ماوەیەکی دوور لە زەینی خوێنەردا بدرەوشێتەوە.

ئەگەرچی کورتەچیرۆک ژانرێکی نووزە درێژیش نییە، وەلێ بۆی هەیە بەهۆی مۆنۆلۆگ و شـەپۆلی هۆشەوە بە قووڵی بە ناخی مرۆڤدا ڕۆبچێت و دۆخی سـایکۆلـۆگیی قـارەمـانـەکان بـەرجـەسـتـە بکات. وێنەی ورد و ڕاستگۆیانەی هەناسە گرینگ و یەکلاکەرەوەکانی ژیانیـان بکێشێ. لە کـورتەچیـرۆکـدا ژانرەکـانی سـینـەمـا، شـیـعـر و هـەر ژانرێکی تر کـە هونەری گـێڕانەوەیان تێدا بێت بەیەک دەگەن. هونەرێکی بەپێـزە، واتە بۆی هـەیە بە چەند سـەد وشــەیەک دنیـایەک بخــاتە ڕوو. وەک تەنێکی لاسـتـیـکی، ئەوەنـدەی جـیـڕی تێـدایە، بۆی هـەیە و لە بـاریدا هەیـە بە

گــوێرەی پێــویسـت و هەلومــەرجــەکــان بکشێ. وەنـەبێت هـونەرێکی ئاسـانیش بێت. بۆیە وەک دەبینن، مـەرج نیـیـە هەر نـووسـەرێک هـات و خۆی لێ دا، سەرکەوتوو بێت.

بەندەیش لە نێـو خـێـڵـە ئەدەبیـیـەکـاندا کـورتەچیـرۆکـم بەدڵە «وەک گـۆرانیـیـەکـە دەڵێ». هونەری کـورتەچیـرۆک لەخـۆیدا پرۆژەیەکی بەردەوامـە، چین لەبان چین هەوراز هەڵدەکشێت و هۆبەی نوێی دەچێتـە سەر. خاوەنی دنیای خۆیەتی و سەربەخۆیە. لە هەمان کاتدا هونەرێکی زەین و چاوخەڵەتێنیشە. بەوەیدا کە کورتە، زۆرن ئەوانەی خۆیانی (پێ) یان (تێدا) تاقی دەکەنەوە و منەی دەکـەن، وەلێ چەندیان بەسـەلامـەتی لەو ڕووبارە بەنرکە و هاژەیە بەسەرکەوتوویی دەپەڕێنەوە؟

من تـەنیـابـاڵم و بـە وشکی سـەمـا دەکـەم. ئەدەب بە لکەکـانیـیـەوە ئاوهایە. سەمای تاکە. من دوور لە تەپڵ و دەف و موسیک سەما دەکەم. دوارۆژ بۆ ئەوانـەیە کـە پشـتـیـان بەتوانای خـۆیـان ئەسـتـوورە. هەندێ جـاران چیـرۆک مـێـژوو وەردەگـێـڕێتـە سـەر زمـانـی ئەدەب و دەبێـتـە حیکایەتخوان. بەسەرهات و جەنگی پاشا و سەرکردە بەزیوەکانیش دەگـێــڕێتــەوە. چیــرۆک لەســەر بۆشــایی بنیــات نـانرێ. هـەردەبێ پێوەندییەکی بە جیهانی واقیعەوە هەبێ. ڕەنگە نووسەر قارەمانەکان بناسێ و لێیان بدوێ. یان ڕەنگە نووسەر بە جۆرێ لە جۆرەکان سیرەی خۆی بنووسێتەوە.

تایبەتمەندییەک لە کورتەچیرۆکدا هەیە لە ڕۆمان ناوەشێتەوە. هەر ئەمـەیە وەهای کـردووە هەردەم کـورتەچیـرۆک هـەوادار و خـوێنەری زۆر بێت. ئەویش کورتییەکەیەتی. زوو خۆی بەدەستـەوە دەدا. خـوێنەر بە زوویی لە مەبەست، یان نامە و تیمە و بیرۆکەکەی دەگات. وەک ئاسک

وەهایە، بۆ ئەوەی گورج و خۆشبەز بێ، ناکرێ زیادەگۆشت لە خۆی کۆ بکاتەوە. خۆی بە درێژدادڕی و زۆروێژی قەبە ناکات، نەبادا جەستەی دابکەوێ و پیر بنوێنێ.

زمانێکی هەیە لە نێوان زمانی پەخشان و شیعردا. ئامێتەبوونی هونەری شیعر و هونەری گێڕانەوە، چیرۆک گەشتر، سەرنجکێشتر و توانای وورووژاندنی پتر سەردەخا. چیرۆک خۆی بە واتا و هێما بارگاوی دەکا، وەلێ دیسان دوور لە زۆربلێیی. ئەمە وەهای کردووە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا گونجاو بێت. تەشویقی تێدایە. چونکە هێزی کێشکردن و کەشفکردنی تێدا دەخرێتە کار. ئەمەیش وای کردووە، کەسانی ڕووناکبیر زیاتر هەڵوەدای بن.

ئێستا لە هەموو دنیادا مەرجێکی سەرەکی چیرۆک، ڕوونییە. چونکە سەردەم سەردەمی ڕوونییە. چیرۆک هەر دەبێ لە واقیعەوە دەستی پێ کردبێت و قارەمانەکانی نموونەیان هەبێت و وەهم نەبن. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە، چیرۆک بە شێوەیەکی کۆنکریتی باس لە کێشەکانی مرۆڤی سەردەم دەکات، نەک لە دوورەوە ئاماژەیان پێ بدات. داچوون بۆ نێو وەهم و خەیاڵاتی زڕی نێو کوڵانە بە پێچ و پڵووچەکانی نەستی خودی نووسەر کە بۆ تەمەنێکی درێژ بنیان ناوەتەوە؛ کە دەشێت ماکی پەژمووردەیی خودی خۆی بن، بەخوێنەر چی؟ ئەو وڕێنە و هەڵوەسانە تێکەڵ بە چیرۆک مەکە، ئەوانە کێشەی زۆر تایبەتیی خۆتن، لە ئەمبارە پەنامەکییەکانی نەستدا قەتیس ماون و بوون بەگرێکوێرەی لە کرانەوە نەهاتوو؛ ڕەنگە ئەو نووسەرە خۆیشی بە تەواویی نەچێتەوە سەر بنج و بناوانیان.

چیرۆکنووس هەیە پێی وایە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە چیرۆکەکەی تێ

بگات، دەبێ بەشێنەیی و لەسەرپشت دوو سێ جاران بیخوێنێتەوە. چونکە ئەو تەنیا بۆ دەستەبژێر دەنووسێ. ئەمەیش پەتایەکە، لە هەندێک کۆلکە نووسەری عێراقییەوە داکەوتووە. لەوێوە بەنێو نووسەرانی کوردی باشووریشدا بڵاو بووەتەوە. ئەدی ئەوە نییە ئێمە لە هەموو بەستێنێکدا ڕەنگدانەوە، یان دەنگدانەوەی ئەوانین؟ ئەوە بزانە، لەم سەردەمی خێرایییەدا، کەسێک هوشیار بێ بێجایی وەها ناکا، دوو جاران چیرۆکێک بخوێنێتەوە. «لێرەدا قسەم لەسەر توێژەر نییە کە لە ئەمڕۆی کوردستاندا هەبوونی نییە!» دوای ئەوەیش، ئەم ناماقووڵی بۆ دەستەبژێر نووسینە، لە خۆیدا خۆبەزلزانینی نووسەر دەگەیەنێ. لێرە، لەم خۆرئاوای چەقی پێشکەوتنەدا چیرۆک بۆ ئەوە دەنووسرێ کە خوێنەر لە نێو قەتار و میترۆدا بیخوێنێتەوە و کاتی پێ بکوژێ و چێژی لێ ببینێ. چیرۆک ژانرێکە بە نەژاد خۆرئاواییە. تۆی نووسەری کوردیش گەرەکە ڕاوێژ لەوانەوە وەربگری. نەک لە کۆلکە نووسەری عێراقی. وتم "ڕاوێژ" نەک بێیت کوتومت لاساییان بکەیتەوە.

هەر چیرۆکێک ئەگەر خوێنەر لێی تێ نەگەیشت (کە دیاردەی وەها ڕوودانی دەگمەنە) ئەوا خوێنەر یان کڕیاری نابێت و هیچ دەزگەیەکی چاپیش کە لای خۆیەوە پسپۆڕی هەموو بوارەکانی ئەدەبی هەیە، ئامادە نییە کاری وەها چاپ بکات. هۆیەکەیشی زۆر ڕوونە. هەموو گێلێکیش دەیزانێ. چونکە چیرۆکیش وەک شەکر و قاوە و بیرە، کاڵایە و گەرەکە قازانج بکات.

لێرە لە پۆلی نۆیەمی قۆناغی بنەڕەتیدا، ساڵانە قوتابی چەندین چیرۆکی نووسەرە بەنامێیەکانی خۆیان و جیهان وەک پرۆگرامی خوێندنی زمان وەردەگرێ. ئەنالیزەیان دەکات و وەک وانەی زمان نیوەی

نمرەکەی لەسەر ئەم بابەتەیە. مامۆستای زمان، لەمەڕ وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکانە پرسیاری وردیان لێ دەکات، وەک: ئەو ڕاناوەی پێی نووسراوە و بۆچی؟ تیمە و بیرۆکەی چیرۆکەکان. هەڵسەنگاندنی کەسێتیی قارەمانەکان. قارەمانی سەرەکی (بی) قارەمان... هتد

بۆ زانین، ساڵی ۲۰۰۷ لێرە، لە بەرنامەی خوێندنی زماندا بۆ پۆلی نۆیەم، کورتەچیرۆکێکی نووسەری میسری "علاء الاسوانی" بەناوی "عیززەت ئەمین ئەسکەندەر" هەبوو. کە باس لە منداڵێکی قوتابیی، کەمئەندامی دارشەق لە بن هەنگڵ دەکات، هەمیشە چاوی لەسەر هاوڕێکەیەتی کاتێ بە سواری دووچەرخەوە بەلایدا تێ دەپەڕێ. ئەمیش بووە بە خولیا و مەراقی بتوانێ تاوێک پایسکل لێ بخوڕێ... جێی وتنە لێرە "نزیکەی" هەموو کەسێک ناوی "علاء الأسواني" ی بیستووە.

بیرت بێ، خوێنەری کوردیش لە قەد نووسەری کوردە. کوڕی هەمان کۆمەڵگە و هەمان قۆناغی مێژووییە. واتە کێشەیان، خۆزیا و بریاکانیان تەواو لەیەکەوە نزیکن. زمانی چیرۆک ئێستا لە هەموو دنیادا ئەوەندە سادەیە، لە زمانی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامە دەچێت. ئەگەر بیرتان بێت لەمێژە "مارکیز"ی خاوەن نۆبڵ بەو زمانە ساکارە "زمانی ڕۆژنامە" ڕۆمانی "هەواڵی فڕاندن. خبر إختطاف"ی نووسیوە کە وەری شگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

هەیە چیرۆکێ دووان یان ڕۆمانێک دووانی نووسیوە و باس لەوە دەکات ڕێباز و ڕێچکەی نوێی پەی پێنەبراوی داهێناوە. لە کاتێکدا ئەو هێشتا خوێنەر، بەتەواوی وەک نووسەر نەیناسیوە. یەکەمین بەرهەم، واتە یەکەمین کۆمەڵەچیرۆک یان ڕۆمان بە مەرجێک تەواو سەرکەوتوویش بێت، مەگەر تەنیا ئەوەندەی لەدەست بێت خاوەنەکەی بە

خوێنەر بناسێ. بۆ ئەوەی خۆت بناسێنی گەرەکە بە ئاسانی بچیتە دڵی خوێنەرەوە. دیارە بە نووسینی مەتەڵ و موعەمما ناکرێت سەرنجی کەس ڕابکێشی. هیچ نووسەرێکیش ناتوانێت بە یەکەم بەرهەمی، کارێک بکات پێشی ئەوانەی بەر لەخۆی بداتەوە. کەسێک هێشتا وەک ناوێک نەناسرابێت چلۆن دەتوانێ لە "مەئلووف"ی تێپەڕێنێت. تکایە لێرەدا نموونەی بلیمەتەکانی جیهان مەهێنەرەوە. خۆت لە ڕیزی ئەواندا سەرژمێر مەکە. ئەوانە ڕیزپەڕن و پاتەبوونەوەیان جۆرێکە لە پەڕجوو.

خەیاڵی بەپێز و نوێ، چیرۆکی لێوانلێو لە بزاڤ و لڤلڤین و دراما، کۆنکریتی، واتە نزیک و ئاشنا بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، بە زمانێکی کوردیی پوخت و سادە نووسراو، دەشێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی و بۆ نێو قووڵایی ڕووداوەکانی چیرۆک ڕابکێشێ. چیرۆکێک ئەگەر تان و پۆیەکەی ڕیزکردنی وشە هاوواتاکان بێ، ئەوە پەخشانێکی بێزارکەرە و هیچی تر. ئەوە ڕیزکردنی وشەیە لەسەر حسابی ڕووداو و ملانێ، کە کرۆکی چیرۆک و ڕۆمانیشە.

هەوڵی لاساییکردنەوەی بیرۆکە، یاخۆ تەکنیکی نموونە جیهانییەکان مەدە. چونکە ئەو نموونانە زادەی سەردەمی خۆیانن کە مەردمی ئێستا لە مێژە ئەو زەمانەیان تێپەڕاندووە. هەروەها ئەوانە زادەی شارستانییەت و میزاج و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی تایبەت بەخۆیانن و هاودەردی و نزیکایەتییان لەگەڵ جڤاکی کوردەواریدا نییە. ڕەنگە لە ڕووی ژیار و شارستانییەوە چەند سەدەیەکیشیان نێوان بێ. لاساییکردنەوەشیان بە داهێنان حساب ناکرێ. بەڵکو ئەو نووسەرانەی پێ گەورەتر دەبێت، کە تۆ لاساییت کردوونەتەوە.

سوور بزانە ئەگەر خوێنەر لە چیرۆکەکەت تێنەگەیشت و کتێبەکەتی

نایە لاوە، ئەوا لەلای خۆیەوە، تۆی وەک نووسەرێک "چز" کردووە. ئیتر ئەستەمە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر بەرهەمەکانت. ئەمەیش مانای وایە ڕێک و ڕەوان پێی وتی: تۆ چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو نیت. تەواو وەک ئەو تاکە لاگرە ناسۆسیالەی کە ناتوانێت و دەترسێ تێکەڵ بە ئاپۆرای کۆمەڵ ببێ. یانژی وەک ئەو کۆترەی تاکەکەی پشیلە خواردبێتی و بەتەنیا دەفڕێت، ئاوا تۆی نووسەر ناتوانی خوێنەر بۆ خۆت پەیدا بکەی. واتە تۆش هەر ناسۆسیالی. بیرت بێ، بێجگە لە کوردستان لە هەموو جێیەکی دنیادا خەڵات بەو نووسەرانە دەدرێ، کە خوێنەریان زۆرە. بێ مەڵامەت نییە کە نووسەر هەیە دە بەرانبەر نووسەرێکی تر خوێنەری هەیە و هەردوو لاشیان کوڕی یەک سەردەم و یەک کۆمەڵگەن. چیرۆک هونەری گێڕانەوەیە. چیرۆکنووس ئەو کەسە ئەفسوونبازەیە کە دەتوانێ بابەتێکی ساکار و ئاسایی بە شێوەیەکی نائاسایی ئەوتۆ بگێڕێتەوە، خوێنەر ئەوق بکا.

دەشێ کورتەچیرۆکێک دوو سەرەتا و دوو کۆتایی هەبێ. لە بنەوە بەرەو لووتکە بینا کرابێت. یان بینای پێچاوپێچ و گەڕانەوە بۆ سەرەتا بۆ دانانی چینی نوێ. ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، بەگێڕانەوەی سەیر و فانتاسیا دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەر.

هەندێ توێژەری عەرەب پێیان وایە کە کورتەچیرۆک کۆتایی نییە. چونکە دەکرێ کۆتایی هەر چیرۆکێک سەرەتایە بۆ چیرۆکێکی نوێ. وەک چلۆن لە هەزارویەکشەودا هەر حیکایەتە و لە حیکایەتی پێش خۆیەوە لە دایک دەبێ.

بیرت بێت، کاتێک ئێمە باس لە هونەری چیرۆک دەکەین، مانای وایە باس لە "شێواز+ تەکنیک + زمان + ڕوانینی قووڵ بۆ دەوروبەر"

دەکەین. دەشێ ئەم ڕەگەزانەیش گۆڕانیان بەسەردابێ و پەرەیان پێ بدرێ. وەک پێویستییەکی سەردەم بە مەبەستی بەرەوپێش چوون و خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و تێپەڕاندنی ڕێسا و یاسا باوەکانی چیرۆک، گرینگە لەو هەموو "دەبێ و نابێ" و پێودانگانەی کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو خوومان پێوە گرتبوون، دەربچین و لە دوای خۆمانەوە بەجێیان بهێڵین و هەموو ئەم گۆڕانکارییانەیش بە چاکەی خودی هونەری چیرۆک بشکێتەوە.

# پێڕست

١- لێشاوی دەنگۆ ..... 5
٢- ئەفسانەی ژمارە سێ ..... 87
٣- من و خوێنەر ..... 109
٤- زمان.. ئاسایی و لاسایی ..... 123
٥- بەنووسین خۆم ژێر دەکەمەوە ..... 133
٦- کورتەچیرۆک هێشتا بەڕێوەیە ..... 149